رۆمان

مەنسوور یاقووتی

# (چرا)یەك لەسەر مادیان کۆ

وەرگێڕانی
عەزیز گەردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

ڕۆمان

# (چرا)یەک لەسەر مادیان کۆ

مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی
عەزیز گەردی

سلێمانی
٢٠١٢

زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار

ژمارە (٤٤)

**(چرا)یەک لەسەر مادیان کۆ**

- وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
- بابەت: ڕۆمان
- پیتچنی: وەرگێڕ
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: A5
- ژمارەی لاپەڕە: ١٨٠
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٨٤٤)
- تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە
- چاپ: چاپخانەی
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٢١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ
ژمارەی تەلەفۆن: ٢٣٠١٩٤٩

(١)

دایە دەستی بە ئاردی ڕاوەشاند کە هەر ئێسك و پێست بوو، لەسەر لێوی تەندووری گەرم بە کوڕەکەی گوت:

- بەلاگێڕت بم، نیوەڕۆ فراوین لە ماڵەوە دەخۆی، یان بیدەمە کوڕی عەلییە شوان بۆت بێنێتە سەر شینایی؟

پارچە هەویرێکی بە ڕوومەتییەوە نووسا بوو، بە پشتی دەستی لێی کردەوە. (چرا)ی کوڕی نانێکی تازە برژاوی کردە بابۆڵەیەك و قەپی لێ گیر کرد. کە پاروەکەی قووت دا، گوتی:

- ئەمڕۆ نیوەڕۆ نایەمەوە ماڵێ، دەبێ سێپەڕە ئاو بدەم.

ژوورەوە لە دووکەڵی تەندوور قانگ درابوو، هەناسەدانی تێدا سەخت بوو، بەلام دایەو کوڕەکەی لێ ڕاهاتبوون. دووکەڵ لە کلاوڕۆژنەی بانەوە هەڵدەکشاو دەچووە دەرەوە. کتکێکی قەڵەو لە تەك دایە وەرکەوتبوو، سەیری بزووتنەوەی دەستەکانی دەکرد کە بە چوستی نانی برژاوی لە ناو ورگی تەندوور دەردەهێناو دەیخستە سەرتریان. کتکەکە لەگەڵ هەر

بزووتنەوەیەکدا، لەسەرەخۆ میاوەیەکی دەکرد. دایە کتکەکەی بە ئانیشکی وەلاناو لە کەلێنی ئەو چەند ددانە ڕەشەی لە زاریدا مابوو، گوتی:

- دەك بە زەهری مارت بێ... بەم سۆری سبەینەیە وەکو دارۆغە لەسەر سەرم پەیدا بووی!

(چرا) سمێڵی ڕەشی بادا. لە جێگای خۆی قیت بووەوەو بە دەنگێکی بەرز قڵپی هاتەوە. سەری لە ناو کەندوو هەڵکێشاو گوتی:

- تا مانگێکی دی، یەك تۆزقاڵ ئارد لە بنی کەندوو نامێنێ!

دایە گوتی:

- خەڵك لە ئێمەش خراپترن، هەموو کەوتوونەتە سەر ساجی عەلی. چارە چییە؟ مەگەر وەکو خەڵکی دی لە ئاغا قەرز بکەین.

(چرا) خەریك بوو لە دەرگا دەچووە دەرەوە، سەری وەرسووڕاندو تفێکی کرد. بە سەرو سیمایەکی سوور هەڵگەڕاوو سەرنجێکی وا کە دەتگوت ئێزنگی لە بن دەسووتێ، بە سەر دایکیدا نەڕاند:

- ئەگەر هەردووکیشمان لە برسان ڕەق هەڵێین، پێم بە ماڵی ئاغا ناکەوێ... جارێکی کە ناوی ئەم جانەوەرە لە لای من نەهێنی. بە لەعنەت بی شەیتان! لا اله الا الله... من قەتاو قەت مەرگی باوکی خۆمم لە بیر ناچێ!

دایە پەشێمان بوو کە بەو بەیانییە دڵی کوڕەکەی یەشاندو گوتی:

- ئاخر، بە قوربانت بم، چارەمان نییە. من غەمی ورگی خۆمم نییە، هەر ئەمڕۆ سبەیە کەلەواژ دەبمەوەو دەمرم.

(چرا) بێڵەکەی بە کەندوو هەڵپەساردبوو، هەڵیگرت و کۆنە دەرگا دارەکەی ژوورەوەی لێکداو گوتی:

- من لە ژێر بەردیش بم پاروو نانێك دەبێ بیخەمە زارم، ببم بە خاوەن ماڵ و منداڵیشم هەبێ دەست لەبەر ئەو قورمساغە پان ناکەمەوە!

(چرا) بە جنێودان چووە حەوشە. خۆری مانگی نیسان تیشکێکی ناسکی بڵاودەکردەوەو لێوی سەرەوەی دیواری حەوشەی ڕووناك دەکردەوە. چەند ڕیشۆڵەیەك بە شادی و خۆشی لەسەر دەرگای کادین دەیانخوێند. مریشکە زەردەی پێ کورت لەگەڵ جووجەڵەکانی پێکۆڵیان لە ناو زبڵ دەکرد. ئەسپەکەی (چرا)، ناوی (ئاهوو) بوو. ڕەنگێکی قاوەیی بریقەداری هەبوو. (ئاهوو) حیلاندی و هاتە لایەوە. (چرا)، کە چاوی بە (ئاهوو) کەوت، هەموو خەم و خەفەتی لە بیر چووەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

- (دایە ناهەق نییە، پیر بووە!)

بە ناو لەپی، بژیی (ئاهوو)ی لاواندەوەو دەستی بە ناوچەوانیدا هێناو چاوەکانی ماچ کردو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- چ دەڵێی چوار پێ؟! دەتەوێ بێیتە سەر شینایی؟ دە وەرە با بڕۆین، لێم مەعلوومە زۆر برسی!

جڵەوی چوارپێیەکەی گرت و لە دەرگای حەوشەوە بۆی دەرچوون. لەوێ سواربووو بێڵەکەی خستە سەرشانی.

(مادیان کۆ)، لەبەر خۆرەتاو، لە هەموو کاتێ خۆی شکۆمەند تر دەنواند. (مادیان کۆ) لەوەڕگای باشی هەبوو. سەرنجی ڕادەکێشا. (چرا) سەرنجی لەسەر چیا کەلەلا کرد. چەند منداڵێك، بە پێ خاوسی و بە ورگی

ئاوساوو گۆنای داقۆپاوەوە لەسەر گووفەك یارییان دەکر. دەستیان لە یاری هەڵگرت‌و چاویان بڕییە خۆی‌و ئەسپەکەی. دادە ڕحان گۆزە ئاوێکی لەسەر شان بوو، کە چاوی بە (چرا) کەوت سەنگرایەوەو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئەرێ کەی زاری دادە شیرین دەکەی؟ وا تەمەنت بوو بە سی ساڵ‌و گەنجەکانی هاوزێ خۆت بوونەتە خاوەنی چوار منداڵ! ئاخر گوناحە، لەم ئاواییە، سێ چوار کچ سەبارەت بە تۆ دەست بە ڕووی هەموو داخوازیکەرێکەوە دەنێن.

(چرا) سەلامی کردو پێکەنی‌و گوتی:

- دایە، قسەم پێ مەڵێ، خۆت دەزانی من بێجگە لە یەك دوو پارچە زەوی کە بە خوێنی دڵ دەناویان دێنم‌و لە چەند سەر مەڕێك زیاتر قەت هیچم نییە، زەوییەکەم بدەمە خەڵکی تر بیکێڵن؟!

دادە ڕحان گوتی:

- ماڵ‌و سەروسامان، خۆشی‌و شادی نەخستۆتە ماڵی هیچ کەس! تۆ ماشەڵڵا ڕۆستەمی دەستانی!

(چرا) پێکەنی‌و ئەسپەکەی دەنگ دا. مێگەلی ئاغا بە زوورگی هەڵدەگەڕان‌و تۆزێکی گەورەیان لە دوو بەجێ مابوو. شوانەکان بە خۆو بە سەگی مێگەڵ بەملاو بەولادا ڕایان دەکردو هاواریان دەکرد. (چرا) ڕووی گرژ کردو لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەو لەعنەتییە تەنیا پێنج سەد سەر مەڕی هەیە!

(چرا) ئەمڕۆ دڵـی تـەنگ بـوو. دڵـی وەکـو خۆڵەمێشـی بـن پێـی، سووتابوو، ڕەش هەڵگەڕابوو. هەر لەبـەر ئـەوەش بـوو نەیویسـت نیـوەڕۆ بگەڕێتەوە ماڵێ‌و بە تەنێ خۆی بخزێنێتە ژوورە بچووك و دڵ پڕوێنەکـەی. هەموو ساڵێ، ئەو مەلانە، یەك دوو حەفتە گەرووی لەبەر خەم‌و خەفـەت دەگیراو زۆر شەو تا سپێدەی بەیانی چاوی نەدەچووە خەو. دەستی لە ئەژنۆی وەردەهێنـاو یـەك قسـەی لەگـەڵ دایکیشـی نـەدەکرد. خـەڵکی ئـاوایی دەیانزانی (چرا)ی نەرم‌و حەلیم‌و ڕووخۆش‌و دەم بە پێکـەنین لـە سـۆنگەی چی دەبێ بە کوندەی ژەهر، ئیتر خۆیان لێ لادەداو زیـاتر لوتفیـان لەگـەڵ دەکرد.

پێش دوانزە ساڵ، لە وەرزێکـی ئاوهـا، ئاغـا قەدەغـەی کـرد خـەڵك مەڕوماڵاتیان ببەنە قونتاری (مادیان کۆ) کە هەمووی لەوەڕگای سـەوزو بژوێن بوو. هیچ جێی دیکەش نەبوو مەڕوماڵاتی لێ بلەوەڕێنن. خەڵکەکـە وەتەنگ هاتن. پاش چەند ڕۆژێ، مەڕو بزنیان یەك یـەك‌و دوو دوو مـردار بوون. هیچ کەس، لە ماڵی خۆی‌و ئەویش لای ژن‌و منداڵەکانی نەبوایـە، لە ترسی ئاغا نەیدەوێرا ناڕەزایی دەربڕێ. مەڕ سـەریان لـە نـاو ئـاخوڕی بەتاڵ دەناو لەبرسان باعەباعیان دەکرد. دایك مەمکی خۆیـان بـە دەسـت ڕادەگوشی‌و لە ناخی دڵەوە، زۆر بـە تونـدی تـووك‌و نـەفرەتیان لـە ئاغـا دەکرد. ڕۆژێکیان، کاتی ڕۆژئـاوا، کـە ئاسمـان وەکـو ئـەمڕۆ سـاف بـوو، پیاوەکان، کە لەبەر ڕق‌و تووڕەیی دڵیان کەوتبووە جۆش‌و خـرۆش، لـە بـن دیواری ماڵی (کەرەم عەلی)ی باوکی (چرا) دانیشتبوون.

(چرا) چوو بوو بە کەرەکەی پەیین بۆ زەوی شینایی بکێشێ.

(کەرەم عەلی) دوو سەر مەڕی مردار ببوو، لە ماڵەوە هاتە دەرێو لە بن دیواری دانیشت. قەننەکەی داگیرساندو گوتی:

- تاکەی ئاوها دەستەپاچە دابنیشینو تەماشای مرداربوونی مەڕومالآتە بەسەزمانەکانمان بکەین؟! پیاو یەك جار دێتە دنیاو یەك جاریش دەمرێ! لەبەر بێ غیرەتی خۆمانە ئاغا لەسەرمان بۆتە شێر. ئەگەر یەك جار لە ڕووی بووەستین، دەبڕێتەوە. ئەو ئێمە هەر بە سەگیش نازانێ.

(مامە حەیدەر) بە دەنگێکی نێو لووتی، گوتی:

- تازە چیمان لە دەست دێ؟ ئاغا هەم دەسەلآتی هەیەو هەم پارە! شەڕ بە دەست بە تالّی ناکرێ؟

(کەرەم عەلی)، بێ ئەوەی گوێ بە قسەی (مامە حەیدەر) بدا، پێشنیاری کرد:

- سبەی سبەینێ مێگەل دەدەینە شوانان بیبەنە قونتاری چیا، ئەگەر ئاغا فەرمانی بە نۆکەرەکانی کرد لە شوانەکان بدەن، خۆ ئێمەش دەستمان لە پشتەوە نە بەسراوە، تۆبزیان لێ دەخەینەکار.

خەڵکەکە، چاوەڕێیان دەکرد یەکێ بیتەقێنێتەوەو قسەی ناو دڵی هەموویان بکا. ئیتر دڵیان جۆشاو بە خورپەخورپ کەوت. زمانیان کرایەوەو بڕیاریان دا سبەی پێش بەیانی مەڕەکانیان ڕابدەن بۆ دەرەوەو هەموویان بەو نیازەوە بەرەو ماڵ بوونەوە.

دونیا تاریك داهاتبوو کە ئەو خەبەرە زار بە زار ڕۆیشتو بە بەر گوێی ئاغا کەوت. ئاغا بە سمێڵی تاشاوو کەلەشی گەورەو چوارشانەو سەری

زلییەوە پشتی بە پشتییەکی مەخمەڵی دادابوو، تریاکی دەکێشا. کە ئەم خەبەرەی بیست، پێکەنینێکی تاڵی بۆ کردو گوتی:

- ئێستا (کەرەم عەلی) وای لێهات کەڵەوەکێشی لەگەڵ ئێمە بکا؟ تف! ئەوە چ خەیاڵێکە بە مێشکی دا هاتووە؟ دەبێ دەردێکی وای پێ بکەم لە چیای ئەلبورز باسی بکەن.

ئینجا سەری لوولەی نەرگەلە ناسرەدین شاهییەکەی بە هەڕەشەو فەرمان لە نۆکەرەکانی ڕاهەژاندو نەڕاندی:

- سەگبابینە، ئەوە بۆچی وەستاون؟ بڕۆن (کەرەم عەلی) بە زەلیلی لە ماڵەوە ڕاکێشنە دەرێ و بیبەنە گۆڕەپانی دێ، چەند فانوسێکیش لەوێ دابنێن بۆ ئەوەی ڕووناک بێ. یەکێکشتان بچێ جاڕ بداو خەڵک لە ماڵان بێنێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بێن ببینن داخۆ (کەرەم عەلی) چۆنچۆنی دەست بۆ تۆبز دەبا؟ دەست و پێی (چرا)ی تووتکە سەگو دایکیشی ببەستن و فڕێیان دەنە ناو تەوێلەو یەکەو سی قامچییان لە پشتی بدەن.

نۆکەرەکان، حەفت هەشتێکیان لە خوارەوەی مەجلیس هەستان و چوونە دەرەوە. ئاغا نەشەی تریاک لەسەری دابوو، زۆر پەست بوو. دوای نیو سەعات لە جێی خۆی قیت بووەوە. ئەو چەند نۆکەرەی لەوێ مابوون، دەست لەسەر سینگ لە دەوروبەری وەستان. ئاغا دەستی برد، شەشاگرێکی لە ناو دەلاقە دەرهێناو پێلاوی لە پێ کردو نەڕاندی:

- دەبێ دەردێکی وای پێ بکەم تا حەفت پشت هەر باسی بکەن و بیگێڕنەوە.

ئاغا بە جنێـودان چـووە دەرەوە. کورپژگەیـەك دەرگـای حەوشـەی بـۆ کردەوەو بە ترسەوە خۆی لێ لادا. خەڵك لە گۆڕەپانی دێ کۆببوونەوە، ڕقو نەفرەتیان لە چاو دەباری. دوو کەس توند (کەرەم عەلی)یان گرتبوو. ئاغـا چووە پێش. لە ڕقـان دەسـتی ئەسـتوورو قەڵـەوی دەلـەرزی. سـینگ بـە سینگی (کەرەم عەلی) ڕاوەستاو پرسی:

- ئەمڕۆ ئێواریێ کێ بوو خەڵکی هان دەدا دەست بدەنە تۆبز؟

(کەرەم عەلی) ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئاغا، (مادیان کۆ) موڵکی خودایە. کەس لە غەیبەوە لەسـەر تـۆ تاپۆی نەکردووە. ژنو منداڵی ئێمەش بەشەرن، هەقیان هەیـە. تـۆ غـەدر دەکەی، ئێمەش هەقی خۆمان دەوێ. چوارپێ ژیانی لە ئێمە باشـترە. ئێمـە نامانەوێ هەقی تۆ بخۆین، ڕازیش نین بە زۆر هەقی خۆمانمان لـێ بسـەنن. (مادیان کۆ) موڵکی هەموو کەسە.

ئاغا بە پەلە دەستی بڵند کردو کردییـە مسـتو لـە دەمـی (کـەرەم عەلی) کوتا. کە دەستەکەی تری قیت کردەوە، خوێن لە دفنو گوێی کەرەم عەلی فیچقەی کردو بەرۆکی چڵکنی ڕەنگین کرد.

ئاغا وەکو جانەوەرێکی هاری لێهاتبوو. فـەرمانی دا (کـەرەم عـەلی) لەسەر زگ درێژ بکەنو دوو بەردی گەورە لە بن هەردوو مەچەکی دەسـتی دابنێن. (مامە حەیدەر) لە پشت خەڵکەکە وەستابوو، دەگریا. چەند ژنێك چاوی خۆیان گرتبوو خۆزگەیان بە مردن دەخواست. پیاوەکـان خۆیـان بـێ غیرەت دەهاتە بەر چاو. یـەك لەسـەر یـەك جگـەرەیان دەکێشـا. (کـەرەم عەلی) دەینەڕاندو جوێنی دەدا. کە نۆکەرە حەڵقە لە گوێکان بەردیان لـە

ژێر مەچەکەکانی (کەرەم عەلی) دانا. ئاغا بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە قوونگی شەشاگرەکەی وەرگەڕایە مەچەکەکانی. هەر جارەی کە لێی دەدا، (کەرەم عەلی) وای دەقیژاند گوێی کەڕ دەکرد. خەڵکەکە نە زاتیان دەکرد بچنەوە ماڵی خۆیان و نە ئەو تین و تاقەتەشیان هەبوو بەرگەی تەماشاکردنی ئەشکەنجەدانی (کەرەم عەلی) بگرن. لەگەڵ هەر زەبرێک، خەڵکەکە خوێنیان لە دەمار وشک دەبوو. لەگەڵ هەر زەبرێک، خەڵکەکە دڵیان لەبەر ئێش و ژان دەئاوسا. (کەرەم عەلی) هەر هاتوهاواری بوو! دەستەکانی وەکو پارچە گۆشتی نەرم و خاو شۆڕ ببوونەوەو لە جووڵە کەوتبوون.

ئاغا گوتی: هەزار داری لە بەری پێ و لە پشتی بدەن. لە سبەینێوەش لەوەڕگاکان لەبەردەستی خۆتاندان.

(کەرەم عەلی) لە پێنج سەد دار زیاتر بەرگەی نەگرت. مستە خوێنێکی لە گەرووی دەرپەڕی و دەنگی بڕا.

لە ماڵی (کەرەم عەلی)، قیژەقیژی (چرا) و دایکی دەهات.

ئاغا نۆکەرێکی ڕاسپارد پێیان بڵێ دەستیان لێ هەڵگرن.

ئەوەندەیان بە قامچییان لە (چرا) دابوو، بۆ بەیانی نەیتوانی بچێتە سەر گۆڕی باوکی. لەبەر ئێش و ژانی لەشی، لە ماڵەوە هەر پێچی دەخواردەوە. دایکیشی لەبەر دەرگا دانیشتبوو، لە ناو لەگەنێکی مس خوێنی دەهێنایەوەو نەفرەتی لە ئاغا دەکردو جوێنی دەدا:

- .........

- .........

(چرا) بە ڕوو گرژیو بە دەم دالغەوە، (ئـاهوو)ی دەنـگ داو بـە غـار بەرەو شینایی کەوتە ڕێ. بە قـەراخ دارسـنجوودکاندا تێپـەڕیو بـە دەوری گردەکەدا سووڕایەوەو گەیشتە سەر شـینایی. لەسـەر پشـتی ئەسـپەکەی دابەزیو گوتی:

- چوارپێ، برۆ بۆ خۆت لەم دەوروبـەرە بلـەوەڕێ، بـەڵام نەچـیتە نـاو شینایی خەڵك، ها؟!!

***

## (٢)

ترومبێلی ئاغا بە دەوری ڕێگاکەدا پێچی کردەوەو لە بنارەوە بەرەو ئاوایی شۆڕ بووەوە. ئاغا لە پشت سوکان دانیشتبوو. قژی ماش‌و برنج بوو. کابرایەکی پڕ قوم بوو. خوار چاوەکانی داچۆڕا بوو. کە هەناسەی دەدا بەرچێڵەی لەگەڵ دەلەرایەوە. دەم‌و چاوی تەڕوپڕ بوو. سەیری سەعاتەکەی کردو بە (مەشهەدی عیسا)ی کێخوای گوت:

- سەعاتێکی ماوە بۆ نیوەڕۆ، دەڵێم یەکەم جار بچینە لای (چرا).

(کیتابعەلی)ی نۆکەری، لەسەر کورسی پشتەوە دانیشتبوو، گوتی:

- قوربان، (چرا) کابرایەکی جەربەزەیە، تێی ڕانابینم وا بە ئاسانی دەست لە زەوییەکەی بەر بدا. با لەوانی دی دەست پێ بکەین. (کەربەلایی مەحموود)و (شاوەلی)، هەم زەوییەکانیان باشترەو هەم خۆیشیان ملکەچ‌و گوێڕایەڵن. (پێنج عەلی)ش ئەگەر پارچە زەوییەکی لە (پایزاوە) بدەیتێ، کلکی دەخاتە سەر پشتی.

ئاغا گێڕی گۆڕی، گوێی لە دەنگی مەکینەی ترومبێلەکە ڕاگرت و گوتی:

- بەرامبەر کێ جەربەزەیە؟ مەگەر مەرگی باوکی لە بیر کردووە؟ جگە لەوەش من لە (پایزاوە) زەوی دەدەمێ، میراتی باوکی دەوێ، چییە؟

(مەشهەدی عیسا) پرسی:

- قوربان، قازانجی چییە تۆ ئەو خودان کاروبارانە دەگوازیتەوە جێگای دی؟

ئاغا ئاوێنەی ترومبێلەکەی ڕاست کردەوە و گوتی:

- دونیا هەروا نامێنێ! من پێشبینی دە ساڵی دیکە دەکەم. دەمەوێ هەموو زەوییەکانم بەسەر یەکەوە بێ. ئەگەر هەر پارچەیەکی لە جێگایەک بێ، لە دەستە منی دەردێنن.

پێی لەسەر ئیستاپ دانا بۆ ئەوەی لە جۆگا بپەڕێتەوە. ترومبێلەکە بە ڕێیەکی خۆڵ و لێواری شینایییاندا ڕۆیشت و ڕووی کردە شینایی (چرا). کە نزیک کەوتەوە، (ئاهوو) بە قایم حیلاندی و سەری وەرسوڕاند.

(چرا) هیچ گوێی بە ئاغا نەدا، کە جگەرەی بە لا لێوی سوورەوە دەسووتا و خەریک بوو لە ترومبێل دادەبەزی. ئەو هەر خەریک بوو بە دەمی بێڵ ڕێڕەوی ئاوەکەی دەگۆڕی. کە ئاغا نزیک کەوتەوە، (چرا) سڵاوی لێکرد.

ئاغا گوتی:

- ماندوو نەبی، خوا تاقەتت بدا، سێ پەڕەکەت باش ڕسکاوە، ها!؟

(چرا) پێکەنی و گوتی:

- ئا... خراپ نییه... ئەمساڵ بارانی خراپ نەبوو.

ئاغا تەماشایەکی (ئاهوو)ی کردو گوتی:

- ماشەڵڵا... ماشەڵڵا... شانو ملو بژییەکی چەند جوانی هەیە!

نەختێ وەستاو ئینجا بەردەوام بوو:

- ئەمشەو هەتا قەڵا وەرە، پارووە نانێك بە یەکەوە دەخۆین... بەڵکوو چەند قسەیەکیش هەیە بیکەین.

(چرا) بیێڵەکەی ئەم دەستو ئەو دەست کردو گوتی:

- زۆر مەمنوون! پیرە دایکێکم هەیە، نەساغە، دەبێ لە کنی بم، بۆ ئەوەی شۆربایێ، شتێکی بە دەمەو بکەم.

ئاغا جگەرەکەی فڕێ داو بە شڵەژاوی گوتی:

- بەڵا دوورە... غەمت نەبێ... قەیدی ناکا. مرۆڤ کە کەوتە ناو ساڵان، خوێنی لە لەشدا نامێنێو هەر ڕۆژە جێیەکی دێشێ. بێ شکە بای بەهار لێی داوە. ئەمشەو دەمەوێ لە بارەی شتێکی گرنگ قسە لەگەڵ ئێوەمانان بکەم. دەبێ بێیتە قەڵا. خەڵکی دیش دێن. تەنیا تۆ نیت!

(چرا) لچکی چەفیەکەی لە پشتەوە گرێداو گوتی:

- من ئیشی خۆم تەواو کردووە. ئەگەر دەکرێ بەڵکوو لوتف بفەرموون لێرە قسەکانتان بکەن، مەمنوون دەبم.

(مەشهەدی عیسا) کۆخەیەکی کردو گوتی:

- دەزانی، ئاغا هەر ئیشێکی دەیکاو هەر هەنگاوێکی دەیهاوێ بۆ قازانجی خەڵکەکەیە، هەر ئیشێك خێری خەڵکی تێدا نەبێ، ئاغا نایکا.

کۆخەکەی توندتر بوو. بەڵغەمی گەرووی فڕێ دایە لایەکو بەردەوام بوو:

- ئاغا دەیەوێ زەوییەکانی بکا بە یەك پارچە. زەوییەکەی تۆ لەسەر زەوییەکانی ئاغایە. ئاغا دەیەوێ دوو هێندەی زەوی خۆت، لە (پایزاوە) زەویت بداتێ. (کەربەلایی سوحبەت)یش حەفتەیەکە باری کردووەو چۆتە شار. خانووەکەی چەند تەویلەو زاخەو سێ ژووری تێدایە، دەیدا بە تۆ... کوێرە چت دەوێ؟ خوا سایەی ئاغامان لەسەر کەم نەکا.

(کیتابعەلی) ملی بە نینۆکە پیسەکانی خوراندو گوتی:

- پیرۆز بێ!! ئیتر بۆچی ڕووت گرژ دەکەی؟ زەوی تۆ یەك عانە ناهێنێ. دەبێ تا سەد ساڵی دی دوعا بۆ ئاغاو منداڵەکانی بکەی. ئاغا ئەم جۆرە لوتفە لەگەڵ هەموو کەس ناکا.

ئاغا، بە دەم بیرکردنەوە لەسەرەخۆ، گوتی:

- بەڵێ، (چرا)! کوڕم! خۆت دەزانی هەر پارچە زەوییەکم کەوتۆتە کوێرە دێیەك، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بۆ خۆم لە جێیەك دابنیشمو لەم ئاخیری عومرە ئاوێکی ڕەحەتم بە گەرووداا بچێ. ئیتر حەوسەڵەم نەماوە هەر ڕۆژەو هەر سەعاتە، پێیەکم لەم گوندەو پێیەکم لەو گوندە بێ. دەمەوێ ئەم گوندە ببێ بە هی خۆمو گوندەکانی تر بە سەر کوڕەکانمدا دابەش بکەم. زەوییەکی باشم لە (پایزاوە) بۆ تۆ داناوە.

(چرا) خووزی ناو زاری قووت دایەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بە دەنگێکی وا کە هەوڵی دەدا لەرزۆك نەبێ، گوتی:

- من ڕۆحم لەسەر ئەم زەوییە دەرهاتووە. خوێنی دڵی خۆم خواردۆتەوە، ئارەقەم لەسەر ڕشتووە. دایەم بژاری کردووە، دڕکی لە لەپی دەست ڕاچووەو برینداری کردووە. منو دایکم لەسەر ئەم زەوییە پێگەیشتووین. من دڵم بە زەوی خۆمەوەیە. لەسەر زەوی خەڵك ئیشم نەکردووەو ڕەنجم نەکێشاوە. من لە گوندی دیکە غەوارەم، بەڵام لێرە هەموومان یەکتر دەناسین، غەمو شادیمان یەکە. قوربان، من زەوی خۆم جێ ناهێڵم.

ئەو ئاودێرەی لەوێ بوو گوێی دابووە گفتوگۆی بەینی ئاغاو (چرا)، بێڵەکەی خستە سەر شانیو بە پەلەپرووزێ بەرەو گوند بووەوە بۆ ئەوەی بڕیارە تازەکەی ئاغا بە خەڵك بگەیەنێ. ئاغا جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، بە ئاوازێکی نامیهرەبان گوتی:

- (چرا)، منجڕی مەکە، ئەم قسانە چییە تۆ دەیکەی... زەوی هەر زەوییە! بۆ تۆ فەرقی چییە لەسەر هەر زەوییەك ئیش بکەی؟ هەر ئەوە نییە دەبێ ورگی خۆتو دایەت تێر بکەی، ها! لەهەر کوێ پاروویەکیان زیاتر پێدای، نۆکەرایەتی ئەوێ بکە.

(چرا) بە تفتو تاڵیو ناخۆشی گوتی:

- ئاغا، تۆ ئیشت لەسەر زەوی نەکردووە، بێڵت لێ نەداوە، ئاودێریت نەکردووە، داست لە تەبارە گەنم نەوەشاندووە. تۆ نازانی زەوی یانی چی؟ تۆ نازانی پیاو حەفت پشت لەسەر زەوییەك ژیا بێ، چەند ناخۆشە جێی بێڵێ!؟ ئاغا، تکات لێ دەکەم واز لە من بێنە. بۆی هەیە خەڵکی دی بۆ ئەم ئیشە پێت ماچ بکەن، بەڵام من نامەوێ لەسەر زەوی خۆم هەڵبقەنێم.

(مەشهەدی عیسا)، بە دەنگێکی گاڵتەجارانە، گوتی:

- لە قازانجی خۆتە واز لە زەوییەکەت بێنی. حەفتو هەشت لەگەڵ ئاغا مەکە. هەرچی ئەو گوتی، تۆ بڵێ: بە چاوان!

ئاغا بە ئاوازێکی هێمنی پڕ دەسەڵاتو دڵنیایی، گوتی:

- بتەوێو نەتەوێ، تازە ئیدی ئەم زەوییە زەوی تۆ نییە. ئەگەر بتەوێ زیاتریش قڕەقڕ بکەی، لە زەوییەکانی (پاییزاوە)ش بێ بەشت دەکەمو ناچار دەبی دەستی دایکت بگرىو بچیتە شار.

(چرا) لێوەلەرزەی پێ کەوتو تیشکێکی کوشندەی لە چاوە گەورە گەشەکاندا بریسکایەوەو گوتی:

- هیچ کەس ناتوانێ من لە زەوییەکەم جودا بکاتەوە، هیچ کەس!

ئاغا، هاڵاوی قینێکی ڕەشی لە دڵ هەڵدەستا، هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ناو گوتی:

- کوڕی (کەرەم عەلی)! ئەگەر بمەوێ هەر لەو شوێنەی ئێستا لەسەری وەستاوی وەکوو سەگی هار لەو زەوییە زیندە بەچاڵت دەکەم کە ئەوەندە دڵت پێوەیە، بڕۆ لەبەر چاوم بزر بە...

(چرا) دووبارە هەمان تیشکی لە چاوان بریسکایەوەو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئاغا، بزانە چ دەڵێی؟!

(مەشهەدی عیسا)و (کیتابعەلی)، کە چاوی (چرا)یان بەم جۆرە بینی، کە زۆرباش ئاشنای بوون، زمانیان گیراو قسەیان پێ نەکرا.

دەیانزانی ئەگەر (چرا) توورە ببێ، بە دە پیاوی تۆبز بە دەست دەرەقەتی نایەن.

ئاغا بە توندی دەستی قیت کردەوەو کردبییە مستو لە دەمی (چرا)ی کوتا.

(چرا) هەستی کرد شتێکی گەرمو سوێر لە دەمی فیچقەی کرد. تیرێژی خوێن بە لالێویدا هاتە خوارێ. تفێکی ڕۆکرد. پێش ئەوەی ئاغا جارێکی دی دەستی قیت کاتەوە، ئەم بێڵەکەی بڵند کردو نەعرەتەیەکی توورەی لێ داو بە دەمی تیژی بێڵەکەی لە ملی ئاغای دا. ئاغا، لە دڵەوە، قیڕەیەکی لێ هەستاو وەکوو درەختێکی ڕزیو بەربووەوە ناو تەبارەی سێپەرە. پەلەقاژەیەکی کردو لەسەر تەنکێش ڕاکشا.

(مەشهەدی عیسا)و (کیتابعەلی) خۆیان هاویشتە سەر پێی (چرا). باوەشیان لە پێیەکانی وەرهێنا. ماچیان کردو پاڕانەوە:

- (چرا)، ببوورە... بمانبوورە... ئێمەش دڵمان لە ئاغا پڕ بووە! بەلام... ژنو منداڵمان بە برسێتی دەمێننەوە! ڕەحمان پێ بکە! هەرچیمان گوتووە لێی پەشیمانین، تۆ فریشتەی!

(چرا) خوێنی زاری بە پشتی دەستی پاکردەوەو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- هەستن... پیسکەینە! بەلام لە بیرتان بێ ئەوە ژیان نەبوو ئێوە تێدابوون. ئەو ئینسانەی لە ژێر باری زوولمدا بێ، لە ئینسانەتی دەشۆرێ. جیاوازی نێوان ئاژەڵو مرۆڤ ئەوەیە: ئاژەڵ زوولم قبوڵ دەکا، بەلام مرۆڤ لە دژی زولم ڕاست دەبێتەوە. من دەچمە چیا، ئیتر ناتوانم لە دێدا بمێنمەوە.

(چرا) پێیەکانی خۆی لە دەست دەرهێنان و بێڵەکەی خستە سەرشانی. سواری ئەسپەکەی بوو. بە غار بەرەو دێ کەوتە ڕێ. دڵی لێیدەداو تەوێلی ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوەو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد.

کە گەیشتەوە ئاوایی، دیتی خەڵکەکە لە بن دیوار دانیشتوون، قسە دەکەن. خەڵکەکە، کە چاویان پێکەوت، مەزەندەیان کرد شتێ قەوماوە. هەستان بە پیریبیەوە چوون. (چرا) جڵەوی ئەسپەکەی توندکرد. خەڵکەکە بە نیگەرانی چاویان بڕیبیە دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاوو نیگای، کە دەتگوت جەنگەڵێکی گەورەی لە بن کراوەتە خۆراکی ئاگر، چاوەڕێ بوون باس بکا داخۆ ڕاستە ئاغا زەوییەکانیان لێ وەردەگرێتەوە؟

(چرا) بێدەنگییەکەی شکاند:

- دەزانن ئاغا دەیەویست زەوییەکانتان لە دەست دەربێنێ. هاتە سەر زەوی من و پێی گوتم زەوی خۆمی بدەمێ و ئاوارەی شاران ببم.

حەشامەتەکە کردیانە مقۆمقۆ. چاویان تاری داهات. هەر یەکە قسەیەکی دەکرد:

- زەلیل و داماو بووین!

- خودا سەرەنگرێی کا!

- بۆتە گورگی هارو بەربۆتە گیانمان!

- دەبێ بچینە شارو بکەوینە دەرۆزەو دزی!

- درۆ دەکا کە دەڵێ لە گوندەکانی دی زەویتان دەدەم. کێ هەیە ئەو حەرامزادەیە نەناسێ!؟

- چ بکەین، خودایە، مەگەر هەر خۆت فریامان کەوی!

- یاخوا تیری غەیبی بەسەر دڵی بکەوێ. حەفت ساڵ پێش مەرگی، وەکوو سەگ لە ناو نوێن بتۆپێ.

- با بە یەکجاری، لە هەر لایەکی گوند سێدارەیەك بچەقێنێو ژنو منداڵەکانمان هەڵبواسێ.

(مامە حەیدەر) ڕیشی دەڕنییەوەو فرمێسکی بە چاودا دەهاتە خوارێ، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- من خۆم زەویم نییە، بەڵام خوایە هەڵی نەگری! ئەو خەڵکە چ گوناهی هەیە؟ تا کەی غەزەب لەو خەڵکە دەگری؟!

دایە ڕحان گوتی:

- مەگەر پێ لەسەر تەرمم دابنێ، ئەگەر نا واز لەم ئاواییە ناهێنم. دەمەوێ لەسەر زەوی خۆم بمرم. هەموو ئاواییش بڕوا، ئەمن لە جێی خۆم ناجووڵێمەوە.

(چرا) بە دەنگێکی بەرز، کە هەمووی بێ دەنگ کردن، گوتی:

- من شەڕی ئاغام لە کۆڵ کردنەوە، بێڵێکم لە ملی داو زەوییەکەمم بە خوێنی ڕەنگین کرد. تۆڵەی باوکی خۆم کردەوە! تا من لە قسەکانم نەبمەوە، کەس قسە نەکا...

- من دەمەوێ بچمە چیا. ئیتر من جێم لە (ستارە سوز) نابێتەوە. لە ئێستاوە پێتان دەڵێم: ئەگەر ببیسمەوە یەکێ لەگەڵ کوڕەکانی ئاغا، یان لەگەڵ جەندرمە بۆ دەستگیرکردنی من بێ، تا پێم بکرێ ڕەحمی پێ ناکەم. لە بیرتان نەچێ چیم گوت، ها!

خەڵکەکە لێ نەگەڕان لە قسەکانی بەردەوام بێ، لە سواری ئەسپ دایانگرتە خواری‌و لەسەر دەست بڵندیان کرد. بە هەڵهەلە لێدان دەست بە دەست دەیانگێڕاو دەست‌و پێ‌و سەرو لەشیان ماچ دەکرد. دایە (ڕحان) دەسماڵی بە دەستەوە گرتبوو هەڵدەپەڕی. (مامە حەیدەر) ئەم جارە لە خۆشییان دەگریاو بۆ قوتی جگەرەکەی گیرفانەکانی دەپشکنی‌و دەکۆکی‌و دەیگوت:

- وەختێکی وا سێبەری ئاغام لەسەر لاکەوت، پێیەکم لەسەر لێوی گۆڕە، خۆرم لەسەر ئاوابوونە، خۆزگە بیست ساڵی دی ژیابام!

(چرا) خۆی لە دەست خەڵکەکە ڕاپسکاندو کە پێی گەیشتەوە سەر زەوی، گوتی:

- ئاغا دووربینێکی ئەڵمانی هەیە، بۆ من باشە... تفەنگەکەی خۆیشم بە کەڵك نایە، دەبێ بچمە ماڵی ئاغا خەنجەرێك‌و توورەگە فیشەکێك‌و تفەنگێکی چاك بێنم.

(چرا)، بێڵ لەسەر شان، بە هەڵەداوان ڕووی کردە ماڵی ئاغاو خەڵکەکەش بە هەراو زەنا کەوتنە شوێنیەوە.

(ڕەشید)ی کوڕی (مامە حەیدەر)، کە تەمەنی چواردە ساڵان بوو، چاوو برۆیەکی ڕەشی هەبوو، بە غارەغار خۆی گەیاندە ماڵی دایکی (چرا). دایە هەرزنی لەبەر مریشکی پێ کورت‌و جووجەڵەکانی ڕۆ دەکرد.

(ڕەشید)، کە گەیشتە لای دایە، هەناسەیەکی تازەی هەڵکێشاو گوتی:

- دایە... دایە... (چرا) لەسەر شینایی ئاغای کوشت. بە ئەبولفەزل بە ڕاستمە، ئاغا مرد. ئێستاش (چرا) دەیەوێ بداتە کێو!

دایە برووسکەیەکی گەشی لە چاوان درەوشایەوە. دەستی لەرزی. دڵۆپە فرمێسکێکی لە چاو هاتەخوارێ. هاتە پێش‌و (ڕەشید)ی گرتە باوەش، چاوەکانی ماچ کردو بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

- ئازیز گیان! بۆ ئەوەت نەبێ دڵم ئەزیەت بدەی، نەفرەتت لێ دەکەم، ها!

(ڕەشید) گوتی:

- ئەگەر درۆ بکەم چاوم کوێرایی داێ. خەڵك (چرا)یان لەسەر دەست داناوەو دەیگێڕن! دەنگی. بوغراییەکی تەنکی بە خۆیەوە گرت‌و بەردەوام بوو:

- ئەگەر (چرا) لێ بگەڕێ منیش لە گەڵیا دەچمە چیا. ئەوە دوو ڕۆژە خۆی مەشقی تفەنگ هاویشتنم پێ دەکا.

دایە بە (ڕەشید)ی گوت:

- وەرە... وەرە گوێزو باوی‌و کشمیشت بدەمێ. زارت شیرین بکە. شەوێ دی لە خەودا دیم کوڕەکەم لە چیای (مادیان کۆ) لەگەڵ بەورێك کەوتە دەستەویەخەو کوشتی. کوڕم، ... (چرا) شیری مەمکی منی خواردووە، بە شیری من گەورە بووە، هەمووکەس نابێ بە (چرا)!!

(ڕەشید) گوتی:

- دایە... دایە منیش دەمەوێ وەکوو (چرا) بم.

دایە لە خۆشییان لێوەلەرزەی پێ کەوتبوو، گریاو گوتی:

- دەك دەستت نەڕزێ، كوڕم! ... دەستت نەڕزێ... ڕۆحی (كەرەم عەلی)ت پێ شادو شوكر بێ، خودا چەپاڵەت بدا، خودا!!

❊❊❊

(٣)

شەو بوو، مانگ تریفـەی بـە سـەر (مادیـان کـۆ)دا بڵاوکردبـووەوە. ئەستێرە لە پانتایی ئاسمانی سـاودا دەدرەوشـانەوە. باڵندەیـەکی شـەوگەڕ دەیخوێندو لە لایەکەوە ویقەویقی چەند ڕێوییەك دەهات پـەلاماری سـەرو سەکوتی یەکتریان دەدا. دونیا نەختێ سارد بوو. بای دەهات. (ئاهوو) لـە گۆشەیەکی ئەشکەوت دەهاتو دەچوو گوێی دابووە ویقەویقی ڕێوییـەکان کە لە قریوەقریوی منداڵانی دەکرد. (چرا) بە لێوی کراسی شینو جـوانی، شووشەکانی دووربینەکەی پاك کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

- یەکەم شەوی تەنیاییو خانە بە کۆڵی!!

سەری بڵند کردو ڕووی کردە (ئاهوو)و گوتی:

- ها... چوارپێ، خۆ نارەحەت نی!؟ باوەڕ ناکەم ئەمڕۆو سبەی کـەس تاقیبمان بکا. سەریان قاڵە، تا کەلاکی ئـەو پـیرە کـەمتیارە دەنێـژن بـە تەواوی گیر دەخۆن. ئێرە، تا گیای سەوزی لێ بێ، تا بەفر زەوی داپۆشیبێ، تۆ تەئمینی. ئەگەر تا هەنگی عـومر مـا، چـەند خـەرار سـەوزەو گیـای

بۆنخۆشی چیاییت بۆ دەکەم‌و لە شوێنێ دایدەکەم. چوارپێ! قەت لێ ناگەڕێم گوزەرانت تاڵ‌و ناخۆش بێ!

(ئاهوو) سەری لەقاندو سمی لە زەوی کوتا.

ئەشکەوتەکە گەورەبوو، ساپیتەی بەرز بوو. جێ جێیە بنە گیای خۆڕسك لە کەلێن‌و درزەکان ڕوابوو. ناو ئەشکەوتەکە ڕێڕەوێکی باریك بوو. یەك نەفەر دەیتوانی بە ڕەحەتی دابێتەوەو هاتوچۆی پێدا بکا. لە پشت ئەشکەوتەکە، کانییەك لە ناو چیۆرمەیەکی سەوزو بچووك هەڵدەقولاو جۆگەلەیەکی باریکی لەبەر دەڕۆیشت‌و لە ناو گاشە بەردی زل‌و گیاو گۆڵدا بزر دەبوو.

(چرا) لە جێی خۆی هەستا، دەستی دایە تفەنگەکەی‌و لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە. بەسەر گا بەردەکاندا هەڵگەڕا. چوو لە جێگایەك دانیشت، هەموو دەوروبەری لێ دیار بوو. (ستارە سوز) دارو دیوارەکانی لەبەر تریفەی مانگەشەودا دیار بوو. چرای ماڵەکانی دەسووتا. ڕووبارەکەی نزیك دێ وەکوو مارێکی زیوی سست‌و خاو بەرەو خوار دەخشی. لە ورشەورشی (با)ی ناو گیاوگۆڵ زیاتر هیچ دەنگی دی نەدەکەوتە بەرگوێ. (چرا) چاوەکانی وەکوو دوو ئەستێرەی ورشەدار بە وردی بەو دەوروبەرەدا گێڕا. ئەو شوێنەی هەڵیبژاردبوو هەڵدێرترین شوێنی چیاکە بوو. ئەو ڕێگایەی لە قونتاری چیاوە دەهات‌و بەرەو هەوراز هەڵدەکشا، بەناو هەڵەت‌و هەڵدێری تۆقێنەردا پێچی دەکردەوە. (چرا). جلەوی (ئاهوو) گرت بوو و بەو جێیانەدا هێنابووی. (مادیان کۆ) چەند ئەشکەوتێکی دیکەشی لێ بوو. خەڵکەکە پێیان دەزانین‌و هاوینان شوان

ئاگریان تێدا دەکردنەوەو نانو شیریان لێ دەخواردن. چەند کانیو سەرچاوەیەکی ئەم لاو ئەولا پارچەیەکی چیاکەیان کردبوو بە لێڕێکی داروددرەختی کێویلکەی چڕو پڕ چڵو گەڵا.

کە بەهارو هاوین دادەهات، منداڵ بۆ کوارگو ڕێواسکردن دەچوونە سەر چیا. دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوت. (چرا) بە زۆربەی شوێنەکانی چیاکە ئاشنا بوو. هەر کاتێ لەبەر خەمو خەفەت دڵی توندبوایەو هەستی بە گڕی بێکەسیو غەریبی بکردایە، دەچووە چیا. چیا هێزو دەسەڵاتی پێ دەبەخشیو غەمی دەڕەواندەوە. چیا گیانی پڕ ڕقو کینە دەکردو قینی مشتو ماڵی دەدا.

(چرا) لە دڵی خۆیدا گوتی:

با کوڕەکانی بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکیان بێن! با نێچیر بەپێی خۆی، خۆی باوێتە سەر تەڵە! من سێ سەد دانە فیشەکم هەیە. بای شەڕی یەک ئۆردوو دەکا. (مادیان کۆ)ش تا حەزکەی کەروێشکو کۆترو تاکو توورک بزنەکێوی هەیە. نیوە شەوان خۆم بە گوندەکانی ئەم دەووروبەرەدا دەکەم، هەم خواردنم دابین دەبێو هەم ماڵی ئاغایەک تاڵان دەکەمو سامانەکەی بەسەر فەقیرو هەژاراندا دابەش دەکەم. خێزانی هەژارو دەستکورت گەلێ زۆرە. لەو گوندانەی ئەو دەورووبەرە شەو سی خێزان بە سکی برسی دەخەون. خێرە! خوایش پێی خۆشە! پێی ناخۆش نییە! خوداش ئاغایە، بەڵام وەکوو ئەو ئاغایانە نییە. ئەو لە ئاسمانەو حەز دەکا ئاغا لەسەر زەوی نەبێ. حەز دەکا هەموو خەڵک وەکوو یەک بژی.

(چرا) بە دەنگێکی بەرز پێکەنی. پەنجەی لە کەللەی خۆیداو گوتی:

- بەینی خۆمان بێ مێشکم خراپ کار ناکا! بریا پێم بکرایە ئەوەی لە ناو دڵمدا دەجۆشێ بە زمان دەری ببڕم، یان خوێندەواریم هەبوایەو قسەکانی خۆمم بنووسیبایەوە. پیاو هەموو جارێ ئەم بیرانەی بۆ نایە! ئەم قسانە بۆ بابەیەکی لادێیی زۆر گرنگە کە هیچ کەس بە مرۆڤی دانانێ.

(چرا) دەستی دایە قونداغەی تفەنگەکەی‌و ماچی کرد. لە جێی خۆی قیت بووەوە. جارێکی دی تەماشای (ستارە سوز)ی کردو ئاخێکی هەڵکێشا. لەسەر گابەردەکان چووە خوارێ بۆ ئەوەی بچێ لەسەر پێخەفەکەی بخەوێ کە لە گیای نەرم‌و وشکی کێوی چێی کردبوو.

سبەینێ هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، لە خشەخشی شتێ لە جێی خۆی هەستایەوە. پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەو تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. ئەسپەکەی (ئاهوو) خەوتبوو. شەمشەمەکوێرەیەك خۆی بە دیواری ئەشکەوتەکەدا دا. (چرا) پێکەنی. باوێشکی هاتێ‌و گوتی:

- ئێستا، دایە خەوتووە! بە شەرەفم یەك داوە مووی لەسەری کەم ببێ! ژیانیان لێ دەکەمە دۆزەخ!

ڕەختە فیشەکی ڕاست‌و چەپ لە ملی کردو خەریتەیەکیشی لە پشتی بەست‌و لە ناو ئەشکەوت چووە دەرەوە. تازە گورگ‌و مەڕ لێك دەکرانەوە. (با)یەکی فێنکی دەهات. سینگی خۆی لە هەوای پاك‌و ناسکی کۆسار پڕ کرد. لەسەر کانی دانیشت‌و چەند مستەئاوێکی بە دەم‌و چاویدا کرد.

قاقبەقاقبی کەو لە چیا دەنگی دەدایەوە. خۆی لە پەنا بەردێك شاردەوەو گوتی:

- ئێستا سەرو سەکووتیان دەردەکەوێ. دێن ئاو بخۆنەوە. چەند کەوێك بۆ فراوێن ڕاو دەکەم.

چەند دەقیقەیەکی پێ نەچوو، ڕەوەکەوێك لە کانییەکە نزیك کەوتنەوە. کە تەقەی لە تفەنگ هەستاند، کەوێك لە خۆڵدا گەوزیو ئەوانی تر بە هەراسانی هەڵفڕین. (چرا) لە پەنا بەردەکە هاتە دەرێو پێکەنی. خەنجەری لەبەر پشتێنی قاوەیی دەرهێنا. سەری کەوەکەی بڕیو گەڕایەوە ناو ئەشکەوت. ئەسپەکە لە تەقەی تفەنگ ترسابوو، ئەم پێیو ئەو پێی دەکردو دەیحیلاند. (چرا) کەوەکەی نیشانی (ئاهوو) داو گوتی:

- چوارپێ! ئەگەر بەو جۆرە بڕواو تۆ لەگەڵ تەقەی هەر گوللەیەك بحیلێنی، بە دوو ڕۆژ ماخۆت بە کوشتن دەدەی، دەبێ ڕابێی نەحیلێنی!

کەوەکەی لە سووچێك دانا. جڵەوی ئەسپەکەی گرتو چەند جارێك تفەنگەکەی لەبەر چاوی (ئاهوو) ڕاهەژاند. لوولەکەی کردە ساپیتەو پەنجەی بە پەلاپیتکە داهێنا. تەقەی گوللە هاتو ئەسپەکە لە خۆی هەڵداو هەوڵی دا جڵەوی لە دەست ماخۆی دەربێنێ. (چرا) گوتی:

- مەترسە... دەبێ فێر بی لە دەنگی تەقەی گوللە نەترسیو نەحیلێنی. جارێکی تریش گوللەی هاویشتە بەر تفەنگەکەیو پەنجەی لە پەلاپیتکە بزاوت. کە دەنگی تەقەی گوللە بەرزبووەوە، (ئاهوو) حیلاندیو (چرا) دەستی قیت کردەوە، مستێکی لە قەپۆزی کوتاو گوتی:

- نەف... ڕەتی! دەبێ زارت بگری!

ئەسپەکە دەتگوت لە مەبەستی ماخۆی گەیشتووە. چیتر نەیحیلاندو لە جێی خۆی وەستا.

(چرا) به کەیفخۆشی گوتی:

- ها... دیارە زانیت چم گوت!؟

لە ناو ئەشکەوت چووە دەردوەو بە دەمی خەنجەرەکەی دەستی بە گیاکردن کرد. کە خۆر لەودیو چیا دوورەکانەوە سەری دەرهێنا، ئەو یەك دوو هامێزە گیای کردبوو. (چرا) تەماشای خۆری کردو گیاکەی برد لە بەر (ئاهوو)ی ڕۆکردو گوتی:

- بخۆ جانم، بخۆ بۆ ئەوەی بە قووەت بی!

چوو لەسەر پێخەفەکەی دانیشت. سفرەکەی ڕاخستو گوتی:

- بزانم دایە چی بۆ دروست کردووم!

دایە مریشکە پێ کورتە زەردەکەی بۆ سەربڕیبوو، بۆی کردبوو بە کەباب کە زۆر زۆری خۆش دەویستو خۆی بە قوربانو سەدەقەی دەکردو شیعری کورتو جوانی پێ هەڵدەگوت. بایی خواردنی دوو ڕۆژ، پەنیرو کەرەو ڕۆنی ماڵاتو کولیچەی شیرینو بە تامی لە ناو سفرە دانابوو. ئەو دەستماڵە سپییەی چەپکەگوڵی شینی لە چمکەکان کرابوو، ئەویشی خستبووە ناو سفرەکە بۆ ئەوەی (چرا) دایکی لە بیر بێ و (ئەگەر خوانەکا) بیرینداریش بوو بە کەلکی بێ.

(چرا)، کە چاوی بە دەسماڵەکە کەوت، فرمێسکی لە چاوان قەتیس ما. برۆی وێك هێنایەوەو ددانی جیڕکردەوە. بە لێوی سەرقۆلی فرمێسکی سڕییەوە. دەستی دایە پاروە نانێكو پارچە پەنیرێكو کردییە بۆڵە بۆڵ:

- چیتە... چیتە کابرا... وەکوو ژنان مەکڕووزێوە، بە ناخێری گیانت، تۆ یاخیو قاچاغی!

پارووی لە زاری نا، دڵی نەختێ کرایەوە. کە زادەکەی خوارد، سفرەکەی پێچایەوەو گرێی داو لە ناو هەگبەی نا. لە ناو ئەشکەوت هاتە دەرەوەو لە شوێنەکەی شەوی پێشوو دانیشت. تفەنگەکەی لەسەر کۆشی خۆی دانا. ئەڵقەی دووکەڵ لە بانی خانووەکانی زێدەکەی بەرزدەبووەوە. لەوێوە گوند هەر هێندەی مستێکی قوچاو دیار بوو. ڕووبارەکە لەبەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکایەوەو وەکوو بلوور دەدرەوشایەوە. لەپڕ شتێکی بە بیرداهات. چوو دووربینەکەی لە ناو هەگبە دەرهێناو گەڕایەوە جێی خۆی. دووربینی دایە بەرچاوی‌و لە گوندی ڕاما. ژیان وەکوو هەمیشە لە جموجووڵدا بوو. خەڵکەکە گاو گۆتاڵیان دابووە بەرو دەچوونە دەشت‌و دەر. ژن ئاویان لە کانی دەهێناو خەڵکەکە لەبەر ئەوەی دوور بوون، زۆر ورد و بچووک دیار بوون. دووربینەکەی لەبەر چاو لابرد و بە ملییەوە کرد. هەستا بۆ ئەوەی بە وردی دەورووبەری ئەشکەوتەکە بپشکنێ‌و ڕێگای ڕاکردن‌و حەشارگەی ئەمین شارەزا ببێ. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- دەبێ زۆر باش وریای خۆم بم. دوور نییە ئەمڕۆ چەند کەسێك بە نیازی کوشتنی من ڕەوانەی سەرەوە بکەن. ئەگەر زەبرێکی کوشندەیان لێ بدەم، دەبڕێتەوە. ئەوان دەیانەوێ بژین، بۆیە دەترسن، بەڵام من چی؟ لە لایەکی تریشەوە کوڕەکانیشی پێیان خۆشە باوکیان مردووەو هەموو زەوی‌و سامانی خۆی بۆ بەجێ هێشتوون. ئەگەر نیازی کوشتنی منیشیان هەبێ، لەبەر ئەوەیە ناحەزەکەیان زۆر بە کەم‌و بچووك دەزانن. جگە لەوەش لە گیانی خۆیان دەترسن. ئەوان وا دەزانن من شەوو ڕۆژ وەکوو سێبەر بەدوایانەوەم.

(چرا) به کاوەخۆ دەوروبەری ئەشکەوتی پشکنی. ڕێگایەکی دۆزییەوە دەچووە ڕۆژهەڵات و چوارپێ دەیتوانی بە ئاسانی پێیدا بڕوا. ڕێگاکە هەمووی بە بنە بەڵاڵوک و داربەڕوو داپۆشرابوو. هەر داربەڕوویەک سەنگەرێک بوو. داربەڕووەکان لە هەندێ جێگا لێڕی بچووک و تاریکیان پێکهێنابوو، ئەسپ و سواری تێدا بزر دەبوو.

ڕێوییەک لە بن تەڕاشێک دەرپەڕی و سەرنجێکی لە (چرا)داو لە پشت تەپۆلکەیەکی بەرز بزر بوو. ڕۆژ تیشکی تیژی بڵاودەکردەوە. سووسکەیەک لەو نزیکانە دەیخوێند. (چرا) لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەوەندەیە دەبی وریابم! مار لە خافڵەتەوە پێمەوە نەدا، ئەو زیندەوەرە سندان کوشتووە! بە سەرە سمک بەردێکی گلۆر کردەوە. چووە ناو ئەشکەوت و دەستی بە شان و مل و بژیی (ئاهوو)دا هێنا. گوللەی ڕەپێش کردە بەر تفەنگ و چوو لەسەر کانی هەندێ ئاوی خواردەوە. لە گوند ڕاما. لە دوورەوە شتی وردیلە بەرەو پێش دەهاتن. بە دووربین تەماشای کردو خەندەیەکی تفت و تاڵی کەوتە سەر لێو و دڵی داخورپا. (زۆراب خانی) کوڕە هەرە گچکەی ئاغا بە پێش تاقمە سوارێک کەوتبوو بەرەو (مادیان کۆ) دەیانهاژوا. (کیتابعەلی) لە پشت زۆراب خان دەیهاژوا. سوارەکانی تری نەناسی، خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر بوون. (چرا)، کە (کیتابعەلی) بینی، تفێکی کردە سەر بەردەکان و بە دەنگێکی بەرز لاسایی قسەکانی کردەوە، ئەو کاتەی لەسەر شینایی کەوتبووە سەر پێی و دەپاڕایەوە: (ببوورە... بمانبوورە... ئێمەش دڵمان لە ئاغا پڕ بووە... تۆ فریشتەی).

(چرا) لە کەلێنی ددانەکانی نەڕاندی:

- پیسکەی هەرزەو گێل... وا زوو لە بیرت کرد وەکوو مشك کەوتبوویتە سەر پێم‌و دەپاڕایەوە؟ هەڵبەتە دەتەوێ ببی بە کوێخای (زۆراب خان)! حەیفە (مادیان کۆ) ببێ بە گۆڕی یەکێکی وەکوو تۆ- دووربینی دایە بەرچاوی- سوارەکان وەستابوون، (زۆراب خان)بوو. دوور بینی لە ملی کردەوە. (چرا) بە چاپووکی خۆی لە پەنا بەرزاییەك شاردەوەو لەوێوە بە کوورە کوورو بە وریایی ڕایکرد بۆ ئەوەی بەرایی لە سوارەکان بگرێتەوە.

ڕۆژ نەگەیشتبووە تاقی ئاسمان، سوارەکان ئەسپەکانیان لە قونتاری چیا بە دەستی نەفەرێك سپاردو بە تفەنگی ئامادەوە بەرەو هەوراز هەڵکشان.

(کیتابعەلی) شان بە شانی (زۆراب) دەڕۆیشت، (زۆراب) پێی گوت:

- دەبێ زۆر هەوراز چووبێ!؟

(کیتابعەلی) پێکەنی. ددانە سپییەکانی گڕ کردەوەو گوتی:

- قوربان، زاتی دەوێ، ئەو ئێستا ئێمەی بینیوەو خەریکە لە چیا دێتە خوارێ.

(زۆراب) پیاوێکی تۆکمەو تێکسمراو بوو. گەنجێکی قاڵو بە تاقەت بوو. سەری بردە بن گوێی (کیتابعەلی)و بە پستەپست گوتی:

- ئیشێکم هەیە، ئەگەر بۆم بکەی نانت دەکەوێتە ڕۆنی!

(کیتابعەلی) لچ‌و لێوی لستەوەو گوتی:

- درۆیە هیچ شتێ لە گیان ئازیزتر بێ، ئامادەم گیانی خۆمت بە قوربان بکەم. (زۆراب) سەرنجێکی لە هاورێکانی دا کە چەند هەنگاوێ لێیەوە دوور بوون‌و گوتی:

- بیستوومە کچەکەی (مامە ئیسماعیل) دەزگیرانی هەیە؟

(کیتابعەلی) گوتی: بەڵێ، وا دەڵێن.

- ئەمرۆ لەسەر کانی چاوم پێ کەوت. چاوی وەکوو دانە زمرووت دەدرەوشایەوە. گەردەنی ئەوەندە سپییە ئاو بخواتەوە تێیدا دیارە!

(کیتابعەلی) باش لە مەبەستی ئاغاکەی حاڵی بوو. بە ساختەچیاتی گوتی:

- بەڵام دەزگیرانەکەی کەللەرەق‌و سەگبابە!

(زۆراب خان) گوتی:

- ئامادەم تەنیا یەك شەو لە باخەڵم بخەوێ‌و بۆ سبەینەکەی بمرم!

خوانەکا... مادام وایە من پێکی دێنم، بەڵام...

- بەڵام چی؟! هەر چیت دەوێ بڵێ!

ئەگەر دەکرێ شتێ بۆ (سادق خان)ی برات بنووسە، کە تازە بۆتە ئاغای (ستارە سوز)، بۆ ئەوەی (مەشهەدی عیسا) لە کوێخایەتی لابداو بەسەر راگەیشتنی موڵك‌و ماڵەکەی بە من بسپێرێ.

(زۆراب) روومەتی سوور هەڵگەراو گوتی:

- ئەمە هەر هیچ نییە.

ئاورێ دایەوە، هاورێکانی هێنکەهێنکیان پێ کەوتبوو. بەناو بەرداندا تێدەپەرین، پێی گوتن:

- لە مرۆوە (کیتابعەلی) کوێخای (ستارە سوز)ە. ئەگەر مـن شـتێکم بەسەر هات، لە زاری منەوە بە (سادق خان) بڵێن (کیتابعـەلی) بکـا بـە کوێخا.

یەکێ لە هاوڕێکانی گوتی:

- (چرا) سەگی کێیە دەست لە تۆ بڵند بکا؟!

کابرایەکی گەنج، کە سەری سمێڵی لە بنی گوێی تێپەڕی بوو، گوتی:

- حەیفە ئەم ڕێوییەیان ناو ناوە (چرا)! شەرتە تا ڕۆژاوا سـەمەندۆکی بکەمو بە سووکیو ڕەزیلی پەلکێشی بکەم بۆ بەردەم (سادق خان)!!

(کیتابعەلی) گوتی:

- ئەو (چرا)یەی من بیناسم بە فرتو فێڵ نەبێ وەگیر ناکەوێ.

عەبدول، گەنجێکی وردیلەی زۆر ڕەش بـوو، جـێ برینێکـی کـۆنی لـە گەردەنی دەبریقایەوە. بەبێ حەوسەڵەیی گوتی:

- بابە... (چرا) خۆ لە کونی ئاسمان بەرنەبۆتـەوە. ئێسـتا خـۆی پـیس کردووەو بۆ دایە گیانی دەگری!

لە سێبەری چەند درەختێك وەستان. (زۆراب خان) گوتی:

- بەخوا، (کیتابعەلی)، تۆ هەموو گیانت ئەقڵە! ئێسـتا دەزانم هـەقی تۆ بوو لێ نەگەڕای دایکی بکـوژینو گوتـت وازی لـێ بێـنن. کاتـێ دێ بەکەڵکمان دێ، وەکوو تەڵە بـۆ گرتنـی نێچـیر سـوودی لـێ وەردەگـرین، چونکە... نەعرەتەیەکی بەرز لە چیا دەنگی دایەوەو قسەی (زۆراب خان)ی بڕی:

- هۆ... هۆ... تا ئێره هـاتن بەسـه، بگەڕێنـەوه ماڵـێ بـۆ لای مـاڵو منداڵی خۆتان، سەد نەفەریش بن دەرەقەتی (چرا) نایەن.

ئاغاو هاوڕێکانی هەر یەکە لە پەنا گابەردێ، یان درەختـێ خـۆی لـە بۆسە ناو پەنجەیان خستە سەر پەلاپیتکە. دەنگی تەقە لـە چـیادا دەنگـی دایەوە.

(چرا) دیار نەبوو. هەر تەقەیەکی لـە تفەنگەکـەی هەڵدەسـتا تـۆزو خۆڵی لە بن دەستو پێیان بەرز دەکـردەوه. (زۆراب) خـوێن بـەری چـاوی گرتبوو. ڕێژنەی گوللە بە دەوروبـەری دەکـەوت. ماقـە نەجمـەی ڕاکێشـاو فیشەکی هاویشتە بەرێو قیڕاندی:

- منداڵینە! ئاگاداری خۆتان بـن! بـە وریـایی بڕۆنـە پـێش! (چـرا) کەوتۆتە داوەوه.

لە شوێنی خۆی هەستایەوه بۆ ئەوەی خۆی بخزێنێتـه پـەنا درەختێـك، تەقەی گوللەیەك مێشکی پژاند. بـە قـایم زریکانـدیو لەپـەوڕوو گلـۆر بووەوه سەر بەردانو وەکوو مارێ تەوریان لە پشتی دابێ، بە دەوری خۆیـدا گینگلی دا. عەبدول سەرو شـانی لـە حەشـارگەکەی دەرکـەوتو لەگـەڵ تەقەی گوللەیەك چنگی لە بازووی خۆی گیر کردو قیژەیـەکی تیـژی لـێ هەستا.

(کیتابعەلی)، لە قۆرتێکی ئەمین خۆی لە گوللەی (چرا) شاردبووەوه، گوتی:

- فریا کەون تەرمی (زۆراب خان) ببەینە خوارێ. عەبدولیش گوللەی پێ کەوتووه.

(چرا) تەقەی ڕاگرتبوو. باڵندەیەك بە ئاسماندا دەفڕی. عەبدول جنێوی دەداو هاواری دەکرد:

- وەختە جەرگم ئاگری تێ بەر بێ. بمبەنە خوارێ... بمگەیەننەوە دێ... وای دایە گیان... خەریکە قۆڵم لێ دەبێتەوە...

(چرا) تفەنگی کردە شانی، بە دەست تۆزو خۆڵی لە قاپووتەکەی داوەشاندو بە شەکەتیو شادومانی بەرەو ئەشکەوتەکەی کەوتە ڕێ.

***

(٤)

ئاسمان هەور بوو، مانگ بە دەرەوە نەبوو. ناوە ناوە ئەستێرەیەك لە پەنا پەڵە هەورەکانەوە سەرەدیقانەی دەکردو دووبارە لە پەنا پەڵە هەورەکانـەوە چاوی دەنووقاند. (چرا) بە سواری ئەسپی وەفـاداری، لـە داوێنـی گردێـك شۆڕ بووەوەو خۆی کرد بەناو دەشتێکی سەوزو هـەراودا کـە یـەك پارچـە گەنم‌و جۆ بوو. جڵەوی ئەسپەکەی بەرەو باریکە ڕێیەك وەرسوڕاند. کـە بـە قەراخ تەبارەی گەنمدا تێدەپەڕی، گوتی:

- چوارپێ! گەنمی خەڵك پێ شێل نەکەی، ها! ئەمسـاڵ بـۆ ئاغاکـان ساڵێکی هاتە، گەنم زۆر باش ڕسکاوە.

شەپی لە ملی ئەسپەکەی داو گوتی:

- خۆشتر برۆ... دەبێ بۆ ڕۆژهەڵات بگەڕێینەوە (مادیان کۆ).

(ئاهوو) ئاوازی چرتەچرتی پێی زیاد کرد. (چرا) بێ دەنگ بوو. کەوتە بیرکردنەوە. لەبەر چەفیە سپییە ڕیشووداره‌کەی لەسـەری نـابوو، لـە نـاو تاریکی شەودا دیار بوو. چرای دێ لە دوورەوە تریسکە تریسکیان بوو. ئەو

ڕێیەی ئەسپو سوارەکە گرتبوویانە بەر، دەچووەوە ناو دێ. لە هنداو دێ، تاكو تووك دارسنجوو لە دەم ڕێگا بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون. باخێکی زەردەلوو گوندی لەبەر چاو شاردبووەوە. (چرا) بە چوستی لە ئەسپ دابەزیو جڵەوی لە درەختێك بەستەوە. دەستی دایە تفەنگەکەی، بە هەنگاوی شێنەیی، بەناو دار زەردەلووەکاندا، بەرەو گوند کەوتە ڕێ. گوێی لە خشپەی پێیەك بوو، خۆی لە پەنا درەختێك شاردەوە. پیرەمێردێك دەستێکی مەسینەو دەستێکی فانۆسی داگیرساو بوو. چوو لە ناو تەڕاشەکانی قەراخ ڕووبار دانیشت. (چرا) لێگەڕا تا پیرەمێرد بە کاوەخۆ کارەکەی تەواو کرد. کە پیرەمێرد هەستایەوەو ویستی لە جۆگاکە بپەڕێتەوە ئەوبەر، (چرا) خۆی گەیاندێ، توند دەمی گرتو لوولەی تفەنگی لە کەمەری چەقاند. پیرەمێرد مەسینەو فانۆسی لە دەست بەربووەوە. شووشەی فانۆسەکە شکا. (چرا) چرپەچرپێکی لە بن گوێی پیرەمێرد کرد:

- من هیچ ئیشم بە تۆ نییە، تەنیا چەند پرسیارێکت لێ دەکەم دەبێ بە ڕاستی وەڵامم بدەیتەوە. ئەگەر بتەوێ هاتوهاواریش بکەی، دەتکوژم!

پیرەمێرد بە سەر لە قاندن تێی گەیاند کە هیچ قسە ناکا. (چرا) لەپی لەسەر دەمی هەڵگرتو گوتی:

- مامە گیان، مەترسە، من (چرا)م... بیستوومە ئەم گوندە هەژارو دەستکورتی زۆرە. (حاجی خان)ی ئاغای، پرزەی لە خەڵکەکە بڕیوەو بە پارەی ئەم خەڵکە سامانێکی زۆری بە یەکەوە ناوە. دەرگایماڵی ئاغام

نیشان بدە. دەمەوێ هەندێ پارەی بۆ ئەم خەڵکە لێ بسەنم. ماڵی ئەو کەسانەشم نیشان بدە کە هەژارو بەلەنگازن، ئینجا برۆ ڕێی خۆت.

پیرەمێرد، لەسەرسامییان، دەمی بەش ببووەوە، چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکردو هەر دەتگوت خەون دەبینێ. لێگەڕا (چرا) قسەکانی بکا، ئینجا، بە دەنگێکی لەرزۆكو بە ئاوازێکی هێمنو لەسەرەخۆ، گوتی:

- لەوەتی ئاغاکان بیستوویانە ئاغای (ستارە سوز) کوژراوە، خەووخۆراکیان لێ حەرام بووە. زەندەقت بردم... هەستە برۆ با ماڵی ئاغات نیشان بدەم. قاسەکەی لە بنەبانی ماڵەوەیە.

پیرەمێرد هێشتا باوەڕی نەدەکرد ئەمە (چرا)یە لە دووی دەڕوا. ڕووی کردە قەڵای ئاغا. لە خەنی خۆشییان دەکۆخیو بە تووڕەیی دەیگوت:

- ئاغای ئێرە ناوی (حاجی خان)ە، یەکێکە لەو بێ شەرەفانە، ڕۆحی دەربێنی، بەڵام داوای یەك درهەمی لێ نەکەی!

قەڵا دەرگای واڵا بوو. سەگەکان چووبوونە سەربانی کادین. بەناو حەوشەی چۆلدا تێپەڕینو چەند پایەکیان بڕی. گەیشتنە بەر هەیوانێکی تاریك. دەنگی ئاغا لە ژووری بەرامبەر دەهات کە دەرگایەکی داری شینی پێوە بوو، دەیگوت:

- (چرا)! (چرا)! مێشکتان بردم! هەر مشکێ لە کونێ دێتە دەرەوەو مەیدان بە چۆلی دەبینێ، دەبێتە شێر! دەستم بگاتە یەخەی، ڕووی بە خەڵووز ڕەش دەکەمو بەناو ئاواییدا دەیگێڕم.

یەکێ بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- لەو چەند ساڵەی پێشوو، لە ناو دار زەردەلووەکانی بەر ئـاوایی، لـە کاتی دزینی زەردەلووان گرتمو ئەوەندەم لێدا، ئێستا نەمردووە، سەد ساڵە مردووە!

(چرا)، بـە لوولـەی تفەنگەکـەی دەرگـای پـاڵ داو کردییـەوە. چووە ژوورەوە. ژوور پڕ چڕە دووکـەڵی تاریـك بـوو. حـەفت هەشـت کـەس لـە دەورانـدەوری ژووری، لەسـەر خالیچـەی نەخشـین دانیشـتبوون. سـەریان خستبووە ناو مەقەڵە. ئاغا پشتی بە پشتی یەك دادابوو. دووکەڵێکی کاڵ لە وافووری دەستی بەرز دەبووەوە.

خەڵکەکە، کە دیتیان (چرا) درو ڕەختە فیشـەکی ڕاسـتو چـەپ لـە ملی کردووەو تیلاکی خـوارکردووەو بـە تـووڕەیی تەماشـای ئاغـا دەکـا، هەموو وافوورەکانیان لە ناو مەقەڵە دانـاو ڕەنگیـان لـە ڕوو پـەڕی. بـێ دەنگییەکی کشو مات دایگرتن.

ئاغا بە ترسەوە سەیری (چرا)ی دەکـردو وافوورەکـەی لـە نـاو دەسـت دەلەرزی. کەس متەقی لێوە نەدەهات. هەموو بە چاوی داپچڕاوەوە نووقمی تەماشای بەژنو باڵای (چرا) ببوون. (چرا) پڕووشکی ڕقو قینێکی توندی لە چاوان هەڵدەستا، گوتی:

- ئاغا، من (چرا)م، ئەوەی دەتەویست بە خـەڵووز ڕووی ڕەش بکـەی!

(حاجی خان) لە جێی خۆی سارد بوو، بەڵام هـیچ بەسـەر خـۆی نـەهێنا، گوتی:

- کوڕم، وەرە دانیشە، پیاڵە چایەك بخۆوە، بـا گـەرمت بێتـەوە. کـەس قسەی وای نەکردووە! خەیاڵە لەسەری داوی، وەرە تریاکێك بکێشە.

(چرا) گوتی:

- جارێکی دی پاش ملـه باسـی کـەس نەکـەن! ئەمـە کـاری مـرۆی چرووكو بێ نموودە! بیستوومە لەم گوندەدا وەکوو گوندەکانی تر خێزانی وا هەیە نـانی شـەوییان نییـە، کەچـی تـۆ بـە خـۆتو نۆکـەرەکانت لێـرە دانیشتوون، پارەی ئەو خەڵکە دەکەن بە دووکـەڵو بـە بـای دەدەن. خـەڵك نانیان نییە بیخۆنو ئێوە ڕۆژێ دە میسقال تریاك دەکێشن. هاتووم هەنـدێ لە پارەی وشکەی تۆ ببەمو بەسەر خەڵکدا دابەشی بکەم.

ئاغا هەناسەی لێ بڕابوو. دەستە گۆشتنو ئەستوورەکانی بـەرەو قیبلـە بڵند کردو گوتی:

- خوا شایەدە عانەیەکم نییە! خەڵك دەزانێ سێ هەزار دینار قەرزارم!

(چرا) چووە پێش. یەخەی ئاغای گرتو بڵندی کردو نەڕاندی:

- هەی درۆزنی هیچو پووچو کەم... تـۆ عانەیـەکت نییـە؟ تـۆ؟!! بـە پشتە دەستی زللەیەکی توندی خێواندە بناگوێیو بە پێلەقە تخێڵـی سـەر عەرزی ژوورەوەی کرد. لوولەی تفەنگی لەسەر گەرووی داناو پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەو هەڕەشەی لێکرد:

- پارەکە دەدەی، یان وەکوو سەگ بتتۆپێنمو ئاگر لە ماڵت بەر بدەم؟!

ئاغا زمانی پتە پتی پێ کەوتو گوتی:

- دە... دە... دەیدەم!... هەر... چی... تۆ...ب... تەوێ!

(چرا) لوولەی تفەنگی لەسەر گەرووی هەڵگرت. ئاغـا نـەختێ خـۆی قیت کردەوەو ڕووی کردە کێخوا، کە پیرەمێردێکی دەمو چـاو بـە خوریکـە بوو لە ترسان چرکو هۆڕ دەلەرزیو گوتی:

- بڕۆ سندووقە بەرگ سوورەکە بێنە.

کوێخا وەکوو سپرینگ لە جێی خۆی قیت بووەوەو گوتی:

- بە چاوان، قوربان! هەر ئێستا سندووقەکە دێنم.

(چرا) گوتی:

من ئەم پارەیە بەسەر هەژاراندا دابەش دەکەم، ئەگەر بزانم یەك قرانت بە حیلەو حەواڵە لە دەست دەرهێناون لە بن پێلەقان وورد و خاشت دەکەم.

کوێخا سندووقەکەی هێنا. (چرا) سەری سندووقەکەی کردەوەو کە دڵنیا بوو فریویان نەداوە، سندووقەکەی لە بن هەنگڵی ناو بۆی دەرچوو. گەیشتە ناو حەوشە. چەند سەگێك پەلاماریان داو ئەویش بە لوولەی تفەنگ پەرتەی پێکردن‌و لە حەوشە چووە دەرەوە. لە سیلەی کۆڵانێك وەرسووڕایەوە، تووشی پیرەمێردی گۆڕین هات، (چرا) گوتی:

- ها... پیرەمێرد... حاڵت چۆنە؟ پێش کەوە، ئەو ماڵانەم پیشان دە کە زۆر هەژارو نەدارن. تۆ خۆت چەند منداڵت هەیە؟

پیرەمێرد لە کەیفخۆشییان کوسکە کوسکی چاوی بوو، گوتی:

- قوربان، شەش کچ‌و سێ کوڕ. دایکیان بەسەر منداڵبوونەوە چوو. من پێم دەڵێن (بابا ئەسەد)، ئاو خۆرەوەی گوندم.

(چرا) لە نواوەو (بابا ئەسەد) لە دواوە، لە تاریکایی کۆڵانەی چۆڵ‌و هۆڵ‌و تاریك ون بوون. (بابا) بە توندی لە دەرگایەکی داو لە درزی دەرگاوە گوتی:

- پوورە گوڵەندام... هۆ پوورە گوڵەندام... وەرە دەرگا بکەوە، فریشتەیێ لەبەر دەرگای ماڵت وەستاوە!

(چرا) گوتی:

- (بابا ئەسەد)، مـن دەبـێ پـێش ڕۆژهـەڵات بگەڕێمـەوە چـیا. ئـەم جارەیش لە دەرگا بدە، دیارە خەوتوون!

❊ ❊ ❊

## (٥)

دایە چاوی بڕییە زاری (ڕەشید)و گوتی:

- باشە، دەی ئازیزەکەم... بۆم باس بکە... من دوو ڕۆژە نەساخم، پێم بە دەرەوە نەکەوتووە. پێم بڵێ (چرا) ماوە، یان مردووە؟ (خەسرۆ)ی برای (کیتابعەلی) هاتە لام، چەند دەقیقەیەك دانیشتو گوتی دەڵێن (چرا) گوللەی پێکەوتووە... (چرا)یان بە گوللە پێکاوە... ئەم قسەیەی کردو نەساخییەکەی گرانتر کردم. حەیفە (چرا) بمرێ، وا نییە (ڕەشید)؟!

(ڕەشید) لێفەی لەسەر سینگی وشكو لەڕی دایە ڕاکێشاو بە تووڕەیی مستە بچووکەکانی باداو گوتی:

- درۆی لەگەڵ کردووی... بە ئیمام ڕەزا درۆی کردووە... (زۆراب خان)ە گوللەی پێکەوتووە! (چرا) مێشکی بە گوللە پرش پرش کردووە!

دایە، لەگەڵ بیستنی ئەم خەبەرە، نەختێ ڕاست بووەوەو گوتی:

دڵم خەبەری داوە ئەوەی تۆ دەڵێی ڕاستە... تۆش وەکوو کوڕەکەی من دڵپاکی. (ڕەشید) کە دیتی دایە لەگەڵ کوڕەکەی خۆی بەراوردی کرد، لە کەیفخۆشییان پێکەنیو گوتی:

- دوێنێ ڕۆژاوا، تەرمەکەیان لە ئەسپ بارکردبوو، هێنایانەوە دێ. عەبدولیش گوللەی بە دەستی کەوتووە... خەڵك تازیەیانە. هەموو تا سەر قەبران لە دوو تەرمەکەی ڕۆیشتن. ئاغا خەڵکی ناچار کردووە خانوویەکی جوان لەسەر گۆڕەکەی دروست بکەن. ئاغا خەڵکی پەنجا ئاوایی بانگ کردووە بۆ فاتیحای برای بێنە (ستارە سوز). هەر ماڵەو مەڕێکی لێ سەندووە. دەیەوێ بیست مەڕ سەر ببڕێو شیو بۆ ئەو خەڵکە بکا... دەڵێ ماوەیەکە خەڵك گۆشتیان نەخواردووە... هەر خەڵکەو دێ! هەر خەڵکەو دێ! هەموو جلی ڕەشیان پۆشیوەو سەری خۆیان لە قوڕ ناوە! ئەگەر وانەکەن ئاغا تووڕە دەبێ، دایە! خەڵکەکە لە ناخی دڵەوە دەڵێن: ئافەرین (چرا)! دەك دەستت نەڕزێ! بەڵێ، دایە... خەڵك دەڵێن: (چرا) دوێ شەو چۆتە (عەلیاوە)، ماڵی ئاغای تاڵان کردووەو بەسەر هەژارو نەدارەکاندا دابەشی کردووە. خەڵك دەڵێن: لە هەر شوێنێ فەقیرێك هەبێ، (چرا) بە هانایەوە دەچێ!

دایە پشتی بە دیوارەوە داو دەستەکانی درێژکردو گوتی:

- کوڕم، (ڕەشید)، وەرە پێش... وەرە تەنیشت دایە بۆ ئەوەی زارت ماچ بکەم.

(ڕەشید) چووە پێشو دایە، دایە بەرماچان، هەر ماچی کردو ماچی کرد.

(ڕەشید) لە باوەشی دایە هاتە دەرێو گوتی:

- دایە منیش حەز دەکەم بچمە لای (چرا). بە ڕاست دایە، ئەرێ دەبێ لێ بگەڕێ لای بمێنمەوە؟ گاڵتەم پێ ناکا؟!

دایە زۆر بە شادیو خۆشی پێکەنی، لیفەکەی لەسەر خۆی لابردو گوتی:

- (چرا) لەگەڵ منداڵان زۆر بە لوتفە. (چرا) تۆی زۆر خۆش دەوێ!

دایە لە شوێنی خۆی هەستاو مستە گوێزێکی لە پشت تریانی نانی هێناو دایە (ڕەشید). (ڕەشید) گوێزەکەی لە کۆشی کردو گوتی:

- دایە، خەم مەخۆ، من هەمیشە دێمە لات، هەر خەبەرێ هەبێ بۆت دێنم.

(ڕەشید) چووە دەرەوە. بە سەربان کەوت کە هەتاوێکی کاڵی لێ دەدا. (مادیان کۆ)، لە ژێر تیشکی زەردەپەڕدا، ڕەنگی خۆری لێ نیشتبوو. مێگەلی ئاغا بەرەو دێ شۆڕ دەبووەوە. وەرزێرەکان بە شەکەتیو کەشەنگی، لەگەڵ گاوو گۆتاڵەکاندا لە سەر زەوی دەهاتنەوە. نۆکەرو کرێکارەکانی ئاغا لە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا بە هەشتاوی دەهاتنو دەچوون. کۆمەڵێ ماڵنج بە دەستو بێڵ بە شان، بە دەستو پلی قوڕاویو ڕوخساری لەڕو گرژەوە دەهاتنەوە. (سادق خان)، کە خەڵك لە بەینی خۆیان پێیان دەگوت: - سادق مەشکە- چونکە ورگی زل بوو، زۆر خۆرو زۆر قەڵەو بوو- لە قەڵای ئاغایەتی دانیشتبوو، کراسێکی ڕەشی پۆشی بوو. (کیتابعەلی) بە ڕوخساری پەشۆکاوو خەواڵووەوە تریاکی دەدایە. (مامە حەیدەر) پیاڵەکانی دەشوروشتو چای بۆ براکانی ئاغای تێ دەکرد کە تازیەیان بوو،

تریاكیان دەكێشا. بەردەوام ئەم سەرو ئەو سەری ژووری دەپێواو یەك دەقیقە هەدادانی نەبوو. شەكردانی پڕ شەكر دەكرد، چای تازەی لە قۆری دەكرد، ئاوی لە سەماوەر دەكردەوە، بە یەك دوو كەسی دەگوت بەردەوام مەقەڵەكان بگۆڕن.

(سادق خان) چایەكەی هەڵقوڕاند، دەستی لە ئەژنۆی وەرهێناو ڕووی كردە ئەوانی دی‌و گوتی:

- من دەڵێم لای نائیبی حكومەت شكات بكەین‌و داوا بكەین تیپێك جەندرمە بنێرێ دەورەی چیا ئابلووقە بدەن.

(فەروخ خان)، پیاوێكی ڕەقەڵەی لووت هەڵۆیی سمێڵ تەنك بوو، بە دەنگێكی گڕ گوتی:

- جەندرمە بێن جگە لە سەخڵەتكردنی ئێمە هیچی تریان لە دەست نایە.

ئەحمەد پاشا بە دەستەسڕێك ئاوی لووتی پاك كردەوەو گوتی:

- (فەڕوخ) ڕاست دەكا... جەندرمە هەر ئازان پارە بخۆن. پیاوی چیا نین. بە تایبەتی ئەگەر بزانن تا ئێستا دوو كەس كوژراوە. خۆ لە گیانی خۆیان بێزار نین!

(جەواد خان) گوتی:

- جگە لەوەش (چرا) ئاگادار دەبێتەوەو دەچێتە چیای (دالانی). قابیلە چاوەڕێ بكا جەندرمە بچن دەست‌و پێی ببەستن!؟

(فەڕوخ) بە دەسەسڕێكی سپی ئارەقەی ناوچەوانی سڕییەوەو گوتی:

- من دەڵێم هەقمان لەسەری نەبێ، بۆچی بە خەت‌و خۆڕایی کوڕی جحێڵی خەڵك بە کوشتن بدەین. خۆی بێزار دەبێ‌و چیا جێ دێڵێ.

ئەحمەد پاشا گوتی:

- با لێگەڕێین سەروسەوداکە دابمرکێتەوە، دایکی لێرەیە، لە گوندییە، هەر کاتێ هات سەر لە دایکی بدا، داوی لێ دادەنێینەوەو دەستگیری دەکەین.

(سادق خان) دەستەکانی لەسەر ورگی زلی کردە ئەڵقەو گوتی:

- شەو دێتە سەردانی دایکی! دەبێ یەك دووکەس بکەینە ئێشکگری ماڵەکەی.

(فەڕوخ) کلۆ شەکرێکی خستە زاری‌و گوتی:

- من دەڵێم وا پێشان بدەین چاومان لە خراپەکانی پۆشیوە! چەند کەسێ بۆ ئاشتکردنەوەی ڕەوانەی چیا بکەین‌و بەڵێنی زەوی‌و ئاوی پێ بدەین، پاشان بە فێڵ لە ناوی ببەین.

(کیتابعەلی) کۆخی‌و بە دەنگی بەرز گوتی:

- (چرا) یەك تووره‌گە پڕ فیشەکی هەیە. سێ سەد گوللە دەبێ. ئەو (چرا)یەی من بیناسم، چیا جێ ناهێڵێ‌و ناگەڕێتەوە دێ. (چرا) تەفرە ناخوا.

(سادق خان)، کە هەموو لەشی خۆی دەخوراند، گوتی:

- باشە، تۆ دەڵێی چ بکەین، من نەقڵم هیچ بڕ ناکا.

(مامە حەیدەر) خەریکی شووشتنی پیاڵەکان بوو، چای دەبرد‌و چای تێدەکرد.

(ئەحمەد پاشا) ڕووی کردە (مامە حەیدەر)و گوتی:

- بابا، تۆش قسەیەك بکە... هەر چۆنێ بێ تۆ لە ئێمە زیاتر ژیاوی، دونیات زیاتر دیوە.

(مامە حەیدەر) زەردەخەنەیەکی گەلۆرانەی بۆ کردو گوتی:

- قوربان! لە پێش ئێوەمانان بێ ئەدەبییە من قسە بکەم. تا چوار پیاوی گەورە لە مەجلیس دانیشتبن، بچووك هەقی قسەکردنیان نییە. ئەم (چرا)یە بە ڕاستی شەڕانییە! خودا کاری ڕاست نەهێنێ، بۆ دەردەسەری دروست بووە. تا دوێنێ منداڵێکی دەمڕووت بوو. ئاخیری برسێتیو غەریبی دایکی زۆری بۆ دێنێو دێتەوە دەکەوێتە سەر دەستو پێتان. گەنجە، خوێنی گەرمە، دەکەوێتە گووخواردن.

(کیتابعەلی) جگەرەکەی داگیرساند. تیشکی سەوز لە چاوە شینەکانی دەبریسکایەوە کە خراپەو بەدکارییان لێ دەباری. کەپووی پانو پۆڕی خوراندو گوتی:

- تەنیا یەك ڕێ هەیە بۆ لە ناوبردنی (چرا).

خەڵکەکە بێ دەنگ بوون، (سادق خان) گوتی:

- تۆ مێشکت باش ئیش دەکا، هەر بۆیەشە تۆم کردووە بە کوێخای سەر موڵکەکانم. ئەگەر ڕێگایەکی باش پێشنیار بکەی، بیست هکتار زەویو دە سەر مەڕو سێ سەد دینار پارەی هیشکەت دەدەمێ.

(ئەحمەد پاشا) گوتی:

- منیش پێنج سەد دینار پارەت لە ناو دەست دەنێم.

(فەڕوخ خان) گوتی:

- ئەگەر ئەم بەڵایەمان لە کۆڵ بکەیتەوە، ئەسپێکی سپیم هەیە پێشکەشت دەکەم، هەزار دینار دێنێ.

(کیتابعەلی) چەند چرکەیەك بیری کردەوەو گوتی:

- چارەی هەر ئەوەیە، شەو، یەکێ بچێ تورەگە فیشەکەکەی لێ بدزێو پاشان دە هەتا بیست نەفەر دەوری بگرنو ئەوەندە شەڕە تفەنگی لەگەڵ بکەن تا فیشەکی تەواو دەبێ، ئەو حەلە ناچار دەبێ خۆی بە دەستەوە بدا.

ئاغاکان تەماشای یەکتریان کردو زەردەخەنەی سەرکەوتووانەیان کەوتە سەرلێو. یەکێ لە نۆکەرەکان دەرگای کردەوەو گوتی:

- شیو حازرە!

(مامە حەیدەر) گوتی:

- نیو سەعاتی دی شیو تێکەن.

(ئەحمەد پاشا) گوتی:

- پیلانێکی باشە، بەڵام کێ ئامادەیە گیانی خۆی بخاتە مەترسی؟ جگە لەوەش لەوانەیە (چرا) بە سواری (ئاهوو) ڕابکات. ئەو تا ئەو جۆرە ئەسپەی لە بن بێ، پێی بە تەلەوە نابێ!

کیتابعەلی گوتی:

- مەسەلەی کوشتنی (ئاهوو) بە من گەیشت. کە ئەوانی دی بە تەقە (چرا)یان خەریك کرد، من لە ڕێگایەکی ترەوە خۆم دەگەیەنمە حەشارگەکەیو (ئاهوو) دەکوژم.

(سادق خان) شەپی لە پشتی (کیتابعەلی) داو گوتی:

- بەخوا هەڵکەوتەی! بە گیانی باوکم ئاوایی (ماران تەپە)شت پێشکەش دەکەم. ئێستا پێم بڵێ بزانم تۆ حەشارگەکەی پێ دەزانی؟!

(کیتابعەلی) لە کەیفخۆشییان زمانی گیرابوو، گورزی وافووری ڕاکێشایە پێش خۆیو پارچە تریاکێکی زەردی لەسەر حوققە دانا. یەکێ لە نۆکەرەکان، کە بەم هەموو پەیمانو هەڕەشەی لە (کیتابعەلی) کرابوو چاوی زەق بووەوە، پشکۆ خەڵووزێکی لە ناو مەقەڵە هەڵگرتو دایە (کیتابعەلی)و گوتی:

- کاکە (کیتاب)! ئەگەر پێویستت بە یارمەتی بوو، من نۆکەریت دەکەم.

(کیتابعەلی) گوێی بە قسەی (قوڵی) نەدا، دەمی قسەی کردە (سادق خان)و گوتی:

- مەزەندەی دەکەم، بەڵام بە مسۆگەری نازانم لە کوێیە. سبەی ڕۆژاوا دەچمە (مادیان کۆ)، دونیاش هەیوەشەوە!

بە دەنگێکی بەرز پێکەنیو گوتی:

- لە هەموو شوێنێ بەختمان کۆکو تەیارە!

(مامە حەیدەر) دەستی درێژکردبوو لە ناو کورکی خالیچەی دەگێڕاو بە دوای دنکە تریاکێکدا دەگەڕا کە کەوتبووە قوژبنێک، گوتی:

- دەبێ نیشانی بدەی کە شایەنی لوتفی ئاغای گەورەی!

(مامە) ڕیشی سپی خۆی خوراندو بە گاڵتەجاڕی گوتی:

- تۆ لێرە بە دواوە خۆت ئاغای! من پەنجا ساڵ ڕەنجم کێشاو خوێنی دڵی خۆم خواردەوە نەبوومە خاوەنی مریشکێک. کوڕم! قەدری (سادق خان)

بزانە! بزانە چ خێرو بەرەکەتێکی لە دەست هەڵدەرژێ. خوا دەستی بە باڵەوە بگرێ.

(ئەحمەد پاشا) بە ئاوازێکی نێو لووتی گوتی:

- (قولی)ش لەگەڵ خۆت بەرە. تەنیایی باش نییە. نەوەك شتێ بقەومێ. (قولی) دووسەد دینار مووچەی هەیە.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- ئەگەر روخسەت بدەی، با بڵێم خواردن بێنن؟

(فەروخ) گوتی:

- خۆ زۆریشمان برسییە!

(سادق خان) لە (کیتابعەلی) پرسی:

- تۆ سبەی شەو لەگەڵ (قولی) دەچیتە چیا؟

(کیتابعەلی) گوتی:

- بەڵێ، قوربان! نیوەی شەو، کە مانگ هەڵات و بزنەرێکان روون بوونەوە. (چرا) تا سپێدەی بەیانی ناگەرێتەوە چیا.

(سادق خان)، بە دەم داڵغەلێدانەوە، پرسی:

- چەندی پێ دەچێ، تا توورەگەی فیشەکەکان دێنی؟

(کیتابعەلی) گوتی:

- پێش رۆژهەڵات، (قولی) دەنێرمەوە خزمەتت.

(سادق) رووی کردە براکانی و گوتی:

- من رام وایە تا (کیتابعەلی)و (قولی) دەگەرێنەوە، پەنجا چەکدار رەوانەی دەوروبەری (مادیان کۆ) بکەین.

(جەواد خان) گوتی:

- بیرێکی باشە، ماوەی نەدەن ماندووی خۆی بحەسێنێتەوە. ئەگەر توورەگە فیشەکەکەی بێنن، لە دوو ڕەختە فیشەک زیاتری نامێنێ.

(کیتابعەلی) گوتی:

- من خۆم لە چیا دەمێنمەوە. کە (چرا) دەستی دایە تفەنگو حەشارگەکەی جێ هێشت، یەکسەر (ئاهوو) دەکوژم.

(مامە حەیدەر) بانگی دوو سێ نۆکەری کرد. بە یەکەوە مەقەڵەو وافوورەکانیان کۆکردەوەو سفرەیان ڕاخست. (مامە حەیدەر) گوتی:

- (کیتابعەلی) مێشکی باش ئیش دەکا. مەگەر ئەو، بەڵای (چرا)مان لە کۆڵ بکاتەوە!

بە چمکی سەر قۆڵی ئاوی لووتی پاک کردەوەو گوتی:

- سەرمام بووە، پیری و سەد عەیب!

***

(٦)

(کیتابعەلی)و (قولی) یەك لە دوای یەك بە سەر پردە دارەکەی ڕووبارەکەدا پەڕینەوەو چوونە ناو چنارستانی ئاغا. مانگ لەسەر سەریانەوە تریفەی بلاودەکردەوەو سەراپای دەشتو دەری ڕووناك کردبووەوە. ئەگەر کەروێشکێ لە بن تەڕاشێ دەرپەڕیبایە، لە دوورەوە دیار بوو، بەلام چنارستانەکە چڕو تاریك بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەیانتوانی لە چنارستانەکە دەربچنو لەوێوە قەراخی دارسنجووەکان بگرنو خۆیان بگەیەننە داوێنی چیا.

(کیتابعەلی) بە (قولی) گوت:

- خوا بکا بەختمان هەبێو (چرا) لە چیا نەبێ. دەبین بە ئاغایەکی تەواو! بەڵێنت پێ دەدەم چەند هەکتار زەویت دەدەمێو ئاوێکی ڕەحەت بە گەرووی ژنو منداڵەکانتدا دەچێتە خوارێ.

(قولی) گوتی:

- من بە تەمای تۆ ئەم سەفەرە ترسناکەم قبووڵ کردووە. خۆت دەزانی من بابایەکی ترسنۆکم.

(کیتابعەلی) چلە دارێکی لەبەر چاوەکانی لاداو گوتی:

-گریمان ئەوە لەوێ بوو، دەڵێین هاتووین لای تۆ بمێنینەوە. پاشان فرتو فێڵێك دادەمەزرێنین‌و ڕادەکەین.

کە لە چنارستانی ئاغا چوونە دەرەوە، ڕیزە دارسنجووەکان دەرکەوتن. بۆنی توندی گوڵە سنجوو دونیای پڕ کردبوو، مرۆڤی گێژ دەکرد. هەر تەڕاشێکی بەر تریفەی مانگ جۆرە هەڕەشەیەك بوو. بە ئەسپایی لە گابەردەکانی چیا سەرکەوتن. (کیتابعەلی) بیری لە زەوی‌و پێکهێنانی ژیانێکی ئاغایانە دەکردەوەو (قولی)ش بیری لەوە دەکردەوە لەو سەین‌و بەینە شتێکی پێ ببڕێ.

(کیتابعەلی) گوتی:

- ئەشکەوتێکی گەورە لەسەر چیا هەیە، کانییەکی لە تەنیشت هەڵدەقوڵێ. جارێکیان من‌و (چرا) بە منداڵی چووینە ئەو ئەشکەوتە. (چرا) ئەو ئەشکەوتەی زۆر پێ خۆش بوو، بێ شك چۆتە ئەوێ.

یەك بێن سەردەکەوتن‌و هەوڵیان دا تا بکرێ نەکەونە بەر چاوی (چرا). هیچیان لەگەڵ خۆیان نەبردبوو. تەنیا (کیتابعەلی) خەنجەرێکی تیژی لە بن قەفی پشتێنی شاردبووەوە.

خەریك بوو داوێکی سپی لە پەراوێزی ئاسۆوە دەردەکەوت. ئەستێرەیەك کەوتە پەنا پەڵەهەورێك. کە لە کانییەکە نزیك کەوتنەوە، خۆیان لە پەنا بەردێك شاردەوە. (کیتابعەلی) سەیری دەوروبەری خۆی

کردو چاوی بڕییە ئەو گیایەی دووراوبووەو دڵی لەگەڵ داخورپا. وارە وارە لە زارکی ئەشکەوتەکە نزیك کەوتنەوە. (کیتابعەلی) بە دزی سەری لە ناو ئەشکەوتەکە هەڵکێشاو کە پێخەفی چۆڵو هەگبەو کوچکاگری بچووکی دامرکاوەی بینی، زەردەخەنەیەکی هاتێ. ئیشارەتێکی بۆ (قولی) کردو خزانە ناو ئەشکەوتەکە. (کیتابعەلی) بە پەلەپرووزێ هەگبەکەی کردەوە، دەستی لە ناو ڕاکردو توورەگەیەکی قورسو دەرك بەسراوی ڕاکێشایە دەرێ، ڕایهەژاندو هەردووکیان لەگەڵ شەقەشەقی شتەکەی ناوی، پێکەنین. (قولی) دەستی دایە توورەگەکەو (کیتابعەلی) گرتە باوەشو هەنیەو چاوەکانی ماچ کرد.(کیتابعەلی) گوتی:

- تا چەند خولەکێکی تر بەیانی دەداو ڕۆژهەڵدێ. ئەم توورەگە بگرەو بۆ (سادق خان)ی ببەوە. لەوانەیە لە ڕێگا تووشی چەکدارەکان ببی، پێیان بڵێ گورگ بە تەلەوە بووە. زوو زوو بکەوە ڕێ. منیش لەو ناوە خۆم لە پەنا داربەڕووەکان دەشارمەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێ بە دەست بێنمو (ئاهوو) بکوژم.

بە یەکەوە لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرێ. (قولی) توورەگەی فیشەکەکانی وەکوو جگەرگۆشە بە خۆیەوە قرساندو بە هەڵەداوان لە چیا شۆڕ بووەوە خوارێ. (کیتابعەلی)ش لە ناو داربەڕووەکان چاوەڕێی کرد.

(قولی) ئەوەندە پەلەی بوو، لە نشێوایی چیا یەك دووجار پێی هەڵزەلیو بەربووەوەو ئێسکی سمتی ژانی کرد. جارێکیش هەر وەخت بوو سەراوسەر بەربێتەوەو بە بەردێکی تیژ بکەوێ. ئەستێرە ئاسمانیان جێ هێشتو خۆر وەکوو تەندووری سەر لە بەیانی بڵێسەی دا. (قولی)، کە

گەیشتە داوێنی چیا، لە خۆشییان دڵی لێی دەدا کە بەو ئاسانییە لە مۆڵەکە دەرباز بوو. فیکەی دەکێشاو گۆرانی دەچڕی. گەیشتە ناو گەڵیو ویستی لە تەك بەردێکی زلو بڵند پێچ بکاتەوە، لەپڕ دەنگێکی گڕو ئاڵۆز ناچاری کرد بوەستێ:

- هۆ... کورە نەجوولێی نەوەك وەکوو بێژینگ داتدەبێژم!

(قولی) بە ترسەوە سەری بڵند کرد، لە تاریکایی گەڵیی ساردو کپو کشو ماتدا سوارێکی بەرامبەر خۆیەوە بینی تفەنگی لێ ڕاگرتبوو. سوارەکە دەمو چاوی بە چەفیە پێچابوو، کڵاوێکی لبادی کۆنی لەسەر بوو، تەنیا چاوە پیرەکانی بە جۆرێکی ترسناك بە دەرەوە بوون. ئەسپەکەی لە حاڵەتێکی گاڵتەجاڕی دابوو: لاغرو مردەڵە بوو!! سەری شۆڕ کردبووەوە، لیقاوی لە گۆشەی چاوەکان دەچۆڕایەوە. ئاشکرا دیار بوو کە زۆر پیرەو بە زەحمەت خۆی لە بن سوارەکەی ڕادەگرێ. سوارەکە پیاوێکی کەڵەگەت بوو، بە دەستەکانییەوە دیار بوو کەوتۆتە ناو ساڵانەوە. ڕێگاکە تەسك بوو، دەرفەتی ڕاکردنی تێدا نەبوو. سوارەکە بە دەنگێکی زۆر نزم، کە هەر ئەوەتە دەبیسرا، گوتی:

- ئەو توورەگەی دەستت دانێو ڕاکە تا داغانم نەکردووی.

(قولی) لە ترسان چۆکی لەرزی. ویستی قسە بکا. سوارەکە هاواری کرد:

- بگرە هەی ئەحمەق! تا بتکوژم!

(قولی) توورەگەکەی لەسەر زەوی داناو پاڕایەوە:

- بەزەییت پێمدا بێتەوە، بە خوا عانەیەکم پێ نییە.

سوارەکە بە هەمان دەنگی نزمو ئالۆز گوتی:

- توورەگەکە چی تێدایە، خودا ئەوەی بە نسیبی من کردووە، چیدیم لە تۆ ناوێ... برۆ بزر بە!

(قولی) بە چاوی داپچڕاوەوە وەکوو مشک بە تەنیشت سوارەکە دا تێپەڕیو کە چەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە، بەرەو چنارستانی ئاغا هەڵی کردە غارێ!

سوارەکە لەسەر ئەسپەکەی دابەزیو توورەگەکەی هەڵگرتەوەو سەری ئەسپەکەی بەرەو ڕۆژهەڵات وەرسوڕاند. ئەسپەکەی بە زەحمەت بە ڕێگایەکی چەپەکدا کەوتە ڕێ کە بە تەپۆلکەیەکدا هەڵدەکشاو لە وێوە بەسەر گوندی (زاغان)دا دەیڕوانی. سوارە هەر چەندە بە قۆنداغە تفەنگ لە سمتو کەفەڵی بارگینەکەی دەدا، ولاغەکەی خێراتر نەدەڕۆیشت. کە سوارەکە گەیشتە سەر تەپۆلکەکە، چەکدارەکانی دی لە ناو دێ دەهاتنە دەرەوە. لە تەپۆلکەکە نشێو بووەوەو پاش ماوەیەك ڕێگاکە بەرەو داروباری ڕۆخ ڕووبارەکە پێچی کردەوەو لە ئاوەکەی داو گەیشتە ناو چنارستانێ ڕەوە قەلێکی بەسەردا دەخولایەوە. وەرزێرێکی هەژارو دەستکورت لە ناو درەختەکان بوو، کورتەکێکی دڕا دڕای لەبەر بوو. بەپێ خواسی ئاودێریی دەکرد.کابرا، کە چاوی بە سوارەکە کەوت بێڵەکەی بە قەدی درەختێك هەڵپەسارد و بە پیرییەوە چوو. بارگینەکەی گرتو یارمەتی دا بۆ ئەوەی دابەزێ. سوارەکە، چەفیەی لە دەمو چاوی لاداو دەسماڵێکی بچووكو گەچڵاوی تەڕی لە زاری دەرکێشاو فڕێی دا. تفەنگەکەی دایە دەست وەرزێرەکەو بە دەم کۆخەکۆخەوە، کە شانی لەگەڵ هەڵدەتەکا، گوتی:

تووره‌گه‌ فیشه‌که‌كه‌م له‌ ده‌ست ده‌رهێنا. ها بگره‌ ئه‌سپ و تفه‌نگه‌كه‌ت... ئه‌و پیره‌ بارگینه‌ تا منی گه‌یانده‌ ئێره‌، دیقی پێكردم. هه‌موو له‌حزه‌یه‌ك چاوه‌ڕێ بووم چه‌كداره‌كان بگه‌نه‌ سه‌رم و گولله‌بارانم بكه‌ن. خودا پاداشتت بداته‌وه‌. (چرا) له‌ پێناوی ئێمه‌دا داویه‌ته‌ كێو. ئه‌گه‌ر تا چه‌ند سه‌عاتێكی تر فیشه‌كه‌كانی پێ نه‌گه‌یه‌نم، چرای عومری ده‌كوژێننه‌وه‌... ئه‌م ده‌سماڵه‌ له‌عنه‌تییه‌ش هه‌ر له‌ زگ بوو بمخنكێنێ!

وه‌رزێر له‌ كه‌لێنی ددانه‌ زه‌رده‌كانی، پرسی:

(مامه‌ حه‌یده‌ر)، جا فیشه‌كه‌كانی چۆن پێ ده‌گه‌یه‌نی؟!

(مامه‌ حه‌یده‌ر) ئاخێكی هه‌ڵكێشاو گوتی:

- ئه‌گه‌ر (ڕه‌شید)ی كوڕ فریامان بكه‌وێ!! (ڕه‌شید) كوڕێكی زرنگ و ئازایه‌. كورته‌كه‌كه‌ی خۆمم بده‌وه‌ بیكه‌مه‌وه‌ به‌رو ها تۆش كورته‌كی خۆت بگره‌... تووره‌گه‌ فیشه‌كه‌كه‌م بۆ له‌ ناو گونییه‌ گه‌نمێك دابنێ نه‌وه‌كو یه‌كێ ڕێم لێ بگرێ، ئێ... ڕێكه‌وته‌!

وه‌رزێره‌كه‌ كورته‌كی (مامه‌ حه‌یده‌ر)ی دایه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی بیكاته‌وه‌ به‌رو تووره‌گه‌ فیشه‌كه‌كه‌شی له‌ بنی گونییه‌ گه‌نمێك شارده‌وه‌ كه‌ له‌ ده‌ جێ پینه‌كرابوو. (مامه‌) گونییه‌كه‌ی به‌ شانی داداو ماڵاواییه‌كی گه‌رمی له‌ وه‌رزێره‌كه‌ كردو به‌ ڕێگایه‌كی دیكه‌دا ملی ڕێگای (ستاره‌ سوز)ی گرت. هێنكه‌هێنكی پێ كه‌وتبوو، شه‌قاوی خێراخێرای ده‌هاویشت. چه‌كداره‌كان له‌ ڕووبار په‌ڕینه‌وه‌و تووشی (قولی) هاتن. (قولی) به‌ خێرایی ڕووداوه‌كه‌ی بۆ گێڕانه‌وه‌و گوتی:

- پیرە بارگینێکی لە بن بوو، خودا کاری ڕاست نەهێنێ! ئەگەر شوێنی بکەون، دەیگەنێ. ئەو خوانەناسە نانی بڕین! دەڵێن دزی ناشی کادین دەبڕێ، ئەمەیە! سەگباب وای دەزانی توورەگەکە پڕ دراوی زیوە! ئەمڕۆ پیاو دەچێتە هەر کوێ دەبینێ یەکێ کۆنە تفەنگێکی چەپڵەکی بە دەست گرتووەو لەسەر ڕێگا ڕاوەستاوەو خەڵك ڕووت دەکا. ئەمەش ئەنجامی لە خەوڕابوونی بەیانیان! ئەوەندە بەسەر گابەردانندا کەوتمو هەستامەوە تا مانگێکی دی ئێسکم ژان دەکا، دەك بە لەعنەت بێ ئەو بەختە!

دوو چەکدار ئەسپیان بۆ ئەو لایە تاودا کە (قولی) قامکی بۆ ڕاداشت، ئەوانی دی قامچییان لە ئەسپان داو بەرەو (مادیان کۆ) هەژوایان. دوو چەکدارەکە لە ڕێگا (مامە حەیدەر)یان بینی کولەبارێکی بە شانی دادابوو. بە شەکەتی بەرەو دێ دەچوو. یەکێکیان هاواری کردو لێی پرسی:

- (مامە حەیدەر)... (مامە حەیدەر)! سوارێکت نەدیوە بەو ناوەدا تێپەڕێ؟

(مامە حەیدەر) سەری بڵند کردو گوتی:

- با... با... بەرەو (زاغان) دەچوو، ئەسپەکەی کەشەنگ ببوو، بە هێواشی دەڕۆیشت.

(مامە حەیدەر) ئەو قسەیەی کردو سەری دانەواندو هەوڵی دا زوو بە زوو خۆی بگەیەنێتە دێ. کە گەیشتەوە دێ، ڕایەخ، یان نیمدەرێك بوو لەسەری دانیشتو چاوی بڕییە کاریتەکانی بانو بە پیرەژنەکەی گوت:

- پارووە نانێکی وشکم بدەیێ بیخۆم، جامە ئاوێکیشم بدەرێ بە سەری دا بکەم. چایشمان نییە! (ڕەشید) نووستووە، وا نییە؟

ژنەکەی کراسێکی شڕو وڕی ئاودامانی لەبەر بوو، گوتی:

- با، نووستووە... ئەوە گەنمت هێناوە؟

(مامە حەیدەر) گوتی:

- بای مانگێکمان دەکا. پاشانیش خودا کەریمە! هۆ (ڕەشید)... هەستە... دەتەوێ تا کەی هەر لە خەودا بی. ڕۆژ گەیشتۆتە ڕاست لێوی بانی!

ژنەکەی سەری لە نان‌دین هەڵکێشاو گوتی:

- نانمان نەماوە، بچم یەك دوو نان لە ماڵی پوورە شەوکەت بە قەرز بێنم.

دەرگای باریكو نزمو شلۆقی ژوورەوەی کردەوەو چووە دەرێ. (ڕەشید) لێفە چڵکنەکەی لەسەر خۆی لادا. هەستایەوە سەلامی کردو چاوەکانی هەڵگلۆفت. (مامە حەیدەر) بە کەیفخۆشی سەیری کوڕەکەی کردو گوتی:

- هەستە کوڕم، بزانم داخۆ ناوی (ڕەشید)ت لێ دەوەشێتەوە؟ پێم بڵێ بزانم چرات خۆش دەوێ، یان نا؟!

(ڕەشید) گوتی:

- ئەی چۆن؟

(مامە) سەرنجێکی قووڵی لە کوڕەکەی داو گوتی:

- ئەوەی (چرا)ی خۆش بوێ، دەبێ ژیانی وەکوو ژیانی (چرا) بێ، ئیشی وەکوو ئیشی (چرا) بێ، ڕێگای (چرا) بگرێتە بەر، بۆنی (چرا)ی لە لەش بێ، قسە نەکا، ئیش بکا... ئەوەندەی لە دەستی دێ.

(ڕەشید) گوتی:

- بابە، ئەگەر ئێوە لێ بگەڕێن منیش دەدەمە کێو.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- من نامەوێ تۆ بدەیتە کێو. هێشتا زووە بۆ تۆ، بەڵام ئەوەی ئێستا لە دەستت دێ، ئەوە بکە.

(ڕەشید) ڕوخساری گەشایەوەو گوتی:

- چ بکەم، بابە!؟

(مامە) لە درزی دەرگاوە تەماشای حەوشەی کردو گوتی:

- ئەوەی دەیڵێم هەر لای خۆت بمێنێ، بە دایە نەڵێی! دایە قسەی لە دەم گیر نابێ... پێش هەموو شتێ دەبێ فێری پاراستنی نهێنی بیی... نهێنی پارێز بە، ڕۆڵە! (چرا) خەشمانی باوکی لە دڵ گرت‌و تا بێڵی لە ملی ئاغا نەدا، لای کەس باسی نەکرد دەیەوێ ئاغا بکوژێ... ئەگەر سفرەی دڵی خۆی پان بکردایەوە، بە مرازی خۆی نەدەگەیشت.

(مامە)، کەمێ وەستاو، ئینجا بەردەوام بوو:

- توورەگەیەکی بچووکت دەدەمێ دەبێ بۆ (چرا)ی ببەی. توورەگەکە پڕی فیشەکە... چەکدار دەوری (چرا)یان گرتووە. ئەگەر زوو نەیگەیتێ دەیکوژن... (ستارە سوز) بێ (چرا) دەمێنێتەوە.

ئینجا بۆی باس کرد بە چ ڕێگایەکدا بڕواو لە کوێ پێچ بکاتەو بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە (چرا). پاشان گوتی:

- ئەگەر لە ڕێگادا یەکێ تۆی بینی، بڵێ باوکم ناردوومی دەچمە (زاغان) بۆ ئەوەی نەختێ ئارد قەرز بکەم. نانمان نەماوە. ئەگەر پرسییان ئەو توورەگەیە چی تێدایە، بڵێ ڕێواسە کردوومە... پڕی ڕێواسە! بە دڵنیاییەوە پڕی ڕێواسە! پاشان کە گەڕایتەوە، تا ماوی بە هیچ کەسێ نەڵێی من ئیشێکی وام کردووە، (ڕەشید)! ... ئەگەر لە دەمت دەربچێ، لە کن منداڵان بڵێی فیشەکم بۆ (چرا) بردووە، خۆت و باوکت دەکوژن! ... ئەوسا دایە بە تەنێ دەمێنێتەوەو لە برسان دەمرێ. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر جارێکی دی منداڵێ بیەوێ یارمەتی بە (چرا) بگەیەنێ، ڕێی لێ دەگرن.

(ڕەشید) گوتی:

- باوکە! بەخوا بە هیچ کەس ناڵێم، سوودی چی هەیە؟!

(بابە حەیدەر) لە جێی خۆی هەستا. توورەگەکە، قوماشەکەی ئەستوورو قاوەیی بوو. لە ناو گونییەکە دەری هێناو دایە دەست (ڕەشید)و گوتی:

- دەچیت و خۆت تاخیر ناکەی و بۆ ڕۆژاوا دەگەڕێییتەوە. تۆ ئیشت تەنیا ئەوەیە ئەم توورەگەیە بگەیەنیتە دەست (چرا). نانیشمان نییە ورگت پێ تێر بکەی. شەنگ و کەنگر لە ئاقاری هەیە، هەستە تا دایە نەهاتۆتەوە.

(ڕەشید) لە جێی خۆی قیت بووەوە. توورەگەکەی لـە نـاو دەسمـاڵێکی کۆن پێچاو بە شانی داداو بە پێ خاوسی لە حەوشە چووە دەرەوە. (مامـە حەیدەر) چاوی گێڕاو هاواری کرد:

- خودای گەورە، کوڕەکەمو (چرا) چەپاڵە بدە... (ڕەشید)... کوڕم!

❊❊❊

## (٧)

خەڵکەکە چوارپەلی (گا)کەیان بەست. مانگ تریفەی بڵاو دەکردەوە. دەنگی زیکزیکە لە ناو تەبارە گەنم دەهات‌و دەبوو بە مایەی ناخۆشی.

خەڵکەکە بە ژن‌و منداڵ‌و پیر‌و گەنج بە دەم‌و چاوی زەرد‌و لەڕو بە نیگای خەفەتبار‌و پێی پەتی شەقار‌و دەستی ئێسکن و جلی شڕ، لە دەورەی گۆڕەپانی دێ ئەڵقەیان بەستبوو. چەند گەنجێ، یەکێ لە دوو (گا)کەیان لەسەر زەوی درێژکرد. (چرا) خەنجەری لەبەر پشتێنی دەرهێناو دەمی بە گەرووی گاکەدا هێنا. خوێن بەسەر زەوی وشکدا پرژا. (چرا) بە دەستی خۆی گاکەی تریشی سەربڕی. خەڵکەکە غریویان تێکەوت. کوێخا، کە جووتە گایەکیان سەربڕی بوو، لەولاوە دەگریا.

وەرزێرێکی قۆشمەچی بە کوێخای گوت:

- وا دانێ چوویتە مەککەو هاتیتەوە! دوو مانگە خەڵك ڕەنگی گۆشتیان بە چاوی خۆیان نەدیوە.

پیرەژنێ، هەژاری‌و نەگبەتی لە ڕوو دەباری، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- تۆ شـەش جووتـە گـای تـرت هەیـە، مـن چـوار مانگـە تۆزقاڵـە گۆشتێکم بە بەر ددان نەکەوتووە. یەك مریشکم هەبوو، لەسـەر هێلکـان بوو، گزیرە بێ ویژدانەکەی تۆ لێ نەگەڕا هێلکەکەی بکا، بردی بۆ ئـەوەی ئیوە بیخەنە سەر برنجو ژنەکـەت نۆشـی گیـانی بکـاو پاشـانیش تانـەو تەشەرمان لێ بدا، (چرا)، خوا ناردوویەتی!

کچێکی گەنج گوتی:

- سبەی وەکوو یەزید لەسـەر سـەرمان حـازر دەبـێو ئەگـەر مسـتە ئاردێك لە بنی کەندوو مابێ، بە زۆر دەیبا، مریشكو کەڵەشێر لە ئاوایی ناهێڵێ.

پیرەمێردێکی یەك دەست گوتی:

- مەگەر خوانەخواستە (چرا) نەمابێ! تا (چرا) مابـێ نـاوێرێ یـەك دنکە گەنم لە ماڵی هیچ کەس بباتە دەرێ.

چوار کەس، بە چاوەدێری چرا، بە ماوەیەکی کەم (گـا)کانیـان کـەوڵ کردو لاشەکانیان بە لقی دار بەڕوویـەك هەڵواسـیو بـە تـەورو سیکارد کەوتنە گیانی. هەر کەسەو بابی خۆی گۆشتیان دایە. هەر کەسـە بەشـی خێزانی خۆی وەرگرتو بە دەم دوعاوە بە هەڵەداوان چووەوە ماڵێ.

(چرا) چووە لای کوێخاو گوتی:

- تۆ خۆت ورگت تێرە... قەت دەزانی ئەوەی دوومـانگ گۆشـت نـەخوا چی بەسەر دێ! هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم ئەگەر سەد جاریش بە پێ بچیتە زیارەتی کەربەلا، هیچت نەکردووە. ئەو کەسەی زوڵم لە فەقیران بکـا، نـە نوێژی قبووڵەو نە زیارەتی.

کوێخا تەماشای ڕووی گرژی (چرا)ی کرد. چرا سمێڵی باداو هیچ قسەی نەکرد. (چرا) تەماشای خۆری کرد لە پەنا پەڵە هەوری زەردو سوورەوە تیشکی بڵاودەکردەوە. چووە لای ئەسپەکەی‌و خۆی هەڵدایە سەرخانەی زین. تفەنگەکەی لەسەر زین داناو سەیری خەڵکەکەی کرد کە ئەگەر لە ترسی ئابڕووچوون نەبایە لە ناو خەڵك، هەر بە خاوی گۆشتەکەیان دەخوارد. سێ چوار پیرەمێردو دوو سێ گەنج‌و مێردمنداڵ دەوریان لێدا، یەکێ گوتی:

- (چرا)، ئەگەر ڕۆژێ هات‌و کەوتیتە تەنگانە، ئێمە بە سەرو گیان لەگەڵتاین، خوێنی مە لە خوێنی تۆ ڕەنگینتر نییە!

یەکێکی تری چەناگە درێژی کەپوو پان، گوتی:

- ئامادەین لە کاتی پێویست داڵدەت بدەین‌و پاروە نانێکی وشکمان هەیە بە یەکەوە بیخۆین.

(چرا) سەری سمێڵی بە پەنجەی گەورەو پەنجەی شادە بادا، زەردەیەکی هاتێ‌و گوتی:

- زۆر مەمنوون... زۆر مەمنوون... من هیچم نەکردووە... خەڵك یەك هێلکەیان لە ماڵێ دا نییەو ئەو سەگبابەش کەس نازانێ ئەم هەموو مەڕو ڕەشەوڵاخ‌و بزنەی لە کوێ هێناوە؟ جارێکی تریش دێمەوە لای!

گەنجێ تازە سمێڵی دانا بوو، گوتی:

- دەیەویست بچێتە زیارەتی مەککە!

(چرا) پێکەنی‌و گوتی:

- تازە ئیتر زات ناکا لەماڵەوە پێ باوێتە دەرەوە. ئەگەر بچێ بە ڕووتی دەیگێڕمەوە. ئەوانە پێیان بە هەر کوێ بکەوێ پیسی دەکەن... پیاوی چی؟! ئەسپێ بە سەرو ملیدا هەڵدەگەڕێ، چڵکی یەخەی ئاوی یەك ڕووبار ڕەش هەڵدەگێڕێ، دەیەوێ بچێتە مەککەش!؟

لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژی گیان بەخشی بەهاری، ڕیشووڵە لە لانەکانیان هاتنە دەرەوەو چریکەی شادیو خۆشییان لێ بەرز بووەوە. لە پشت ئاوایی، کەڵەشێرێ بە دەنگێکی بەرز، پڕ بە دەم بانگی دا. ڕەوە کۆترێك بە ئاسماندا تێپەڕینو لە داوێنی چیایەکی نزم نیشتنەوە. قەلەڕەشێك لەسەر چلەپۆپەی نەرەی ئاوایی نیشتو بە دەنگی بڵند کردییە قغەقغ. (چرا) گوتی:

- من دەگەڕێمەوە چیا. خۆر لە چیا ڕەنگو بۆنێکی دیکەی هەیە. خەڵکەکە بە دەنگی بەرز گوتیان:

- خوات لەگەڵ... خوا لە پەنای خۆت گرێ.

کوێخا بەرۆکی قەسابی گرتبوو دەپاڕایەوە:

- بێ ویژدان، بەشی منیش بدە... نەرمکەکەی لێکەوە... خۆ من چ گوناهم نەکردووە!

(چرا) ئەسپەکەی دەنگ داو (ئاهوو) ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە بە ناو زوورگەکانا بەرەو چیا بەرزەکان دەچوو. (چرا) شادو کەیفخۆش بوو. یاری بە تفەنگەکەی دەکرد. کە لە ئاوایی دوورکەتەوە، بەرەو داوێنی سەوزی (مادیان کۆ) غاری دا. (چرا) بە پەنا درەختاندا دەڕۆیشتو لە ژێر لێوەوە بە نزەنز گۆرانی کوردی دەگوتو بایەکی فێنك گەمەی بە قژی ڕەشی

دەکرد کە لە بن کلاّوی هاتبووە دەرێ. (چرا) لە زارکی ئەشکەوتەکە نزیك کەوتەوە. (ئاهوو)ی بەرەللاّی ناو ئەشکەوت کردو تفەنگ بەدەست چوو هەندێ گیای وشك کۆ بکاتەوەو بیبا ئاگرێکی پێ لە ناو ئەشکەوت بکاتەوەو ئەو کەروێشکەی کوشتبووی بیبرژێنێ. چەند هەنگاوێك نەڕۆیشتبوو گیزەی گوللەیەکی لە بنا گوێی هاتو دوا بەدوای ئەوە بوو بە شێلکەی گوللەبارانی بێ ئامان. (چرا) خۆی لەسەر زەوی درێژکرد. بە پشت بەردو تەڕاشەکاندا لەسەر زگ خشیو خۆی گەیاندە پەنا گابەردێك. بە وردی سەرنجی لە دەوروبەری خۆی دا، چەند داربەڕوویەك لە خوار گابەردەکە لە تەنیشت یەك ڕوابوون بۆ ئەوە باش بوو بیکا بە سەنگەر.

(چرا) بە بێ ئامانج کەوتە تەقە. بە بێ وەستانو یەك لەسەر یەك! وەکوو پشیلەیەکی چوست خۆی لە ناو قۆرتێکی بن داربەڕووەکان شاردەوە. دوژمنەکانی ئەم جارە بە ئەزموونو زانیارییەکی تەواوەوە هاتبوونە پێشو ئەویان بەکەم نەزانی بوو. (چرا) غافڵگیر بوو، نەیدەزانی تەقە بۆ کوێ بکا. دوژمن بارانی گوللەی بە سەردا دەباراندو لێ نەدەگەڕا تەنکیشی خۆی بخورێنێ.

(کیتابعەلی)، کە بینی (چرا) غافڵگیر بووەو ناتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێتەوە، لە پەنا دەوەنەکان هاتە دەرێو خەنجەری لەبەر قەفی پشتێنی دەرهێناو بە وردی سەیری دەوروبەری خۆی کردو ڕووی کردە ئەشکەوتەکە. چاوی دەتریسکایەوەو دڵۆپە ئارەقە لە ژێر لێوی چڵکنی کلاّوەکەی دەهاتە خوارێ. مارمیلۆکێك لە تەنیشت بنە گوینێك، کە وەکوو ئاگردانێکی بچووك دەسووتا، بە وردی تەماشای ئەمی دەکرد، بە سەختی بە

قەدپاڵێکدا هەڵکشاو خۆی لە پانتاییەکدا دزییەوە. (ئاهوو) لە سووچێکی ئەشکەوتەکە وەستابوو گیای دەخوراد. پێستی قاوەیی‌و جوانی لەبەر ڕۆشنایی ناو ئەشکەوتەکە دەبریسکایەوەو بژیی پەرش‌و بڵاوی دەهەژایەوە. کە کیتابعەلی پێی هاویشتە ناو ئەشکەوتەکە، (ئاهوو) بە چاوە گەورەو جوانەکانی تێی ڕاما. خولێکی خوارد‌و سەرێکی لەقاند‌و بە گۆشەو کەنارەکانی ئەشکەوتەکەدا کەوتە گەڕان. (کیتابعەلی) دەسکی خەنجەرەکەی توند گوشی‌و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- چوارپێ! چارەنووست ئەوە بوو بە دەستی (کیتابعەلی) بە کوشتن بچی. چەند سەعاتێکی تریش نۆرەی ماخۆت دێ... بەڵاتان لە کۆڵ دونیا دەبێتەوە.

(کیتابعەلی) فیکەی بۆ ئەسپەکە لێداو خەنجەری قیت کردەوە. ئەسپەکە ڕایکردە لایەکی تری ئەشکەوتەکە، (کیتابعەلی) بازووەکانی کردەوەو گوتی:

- دەچیتە کوێ؟ نابینی لە دەرەوەی ئەشکەوت گوللە وەکوو تەزرە دەبارێ؟... من دەمەوێ تۆ ئەشکەنجە نەخۆی، بە ئاسوودەیی بمری! ڕامەکە، چوارپێ!! ڕامەکە!!

ئەسپەکە ڕەوییەوەو بە دەوری ئەشکەوتەکەدا چەرخەی داو (کیتابعەلی) لەم لای ئەشکەوتەکە بردە ئەولا. (کیتابعەلی) زۆر دەهری ببوو، بەڵام زاتی نەدەکرد لێی نزیك بکەوێتەوە. دەیەویست خەنجەری لە شوێنێکی خەتەر بدا. دەترسا نەوەك (ئاهوو) بریندا بێ‌و لە ناو ئەشکەوت بچێتە دەرەوە. شۆڕ شۆڕ ئارەقەی لە نێوچەوانی دەهاتە خوارێ. یەك لە

جارەکان هەر وەخت بوو خەنجەرەکەی لە ورگی (ئاهوو) ڕابکا، بەڵام (ئاهوو) قیت بووەوە سەرپاشووان‌و خەریك بوو بە سمەکانی مێشکی بپژێنێ. (ئاهوو) چاوی سوور ببوو لا لغاوەکانی کەفی سپییان پێدا دەهاتە خوارێ، پێستی قاوەیی لەشی دەبریقایەوە.

(کیتابعەلی) زۆر تووڕە بوو! هەناسەیەکی تازەی هەڵکێشاو بە تین‌و تەوژمێکی زیاتر پەلاماری (ئاهوو)ی دا. (ئاهوو) ڕایکردە بەر دەرگەی ئەشکەوتەکە. (کیتابعەلی) بە توندی دەستی کێشایەوەو خەنجەرەکەی تا بن دەسکی لە ورگی ئاهوو بردە خوارێ. (ئاهوو) بە قایم حیلاندی‌و لەگەڵ خەنجەری بە تەوێلی کەوت، هەستایەوە سەر پاشوو.

(ئاهوو) بە دەم ژان‌و ئازارەوە بە جۆرێ حیلاندی، (کیتابعەلی) مووچڕکی بە بڕبڕەی پشتی داهات‌و لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکە لەسەر تەنکێش بانگەرۆز بووەوە سەربەردان. ئەسپەکە ورگی فیچقەی خوێنی لێ هات‌و بەردەکانی سوور کرد.

(چرا)، کە گوێی لە حیلاندنی (ئاهوو) بوو، دڵی خەبەری دا شتێ قەوماوە. تا ئەوکاتە دوژمن ئەوەندە بە شارەزایی خۆی شاردبووەوە، (چرا) بە هەموو وردو لێزانی خۆیەوە، نەیتوانیبوو تەنانەت پێستەی یەکێکیان بڕوشێنێ. خەریك بوو فیشەکی تەواو دەبوو. بیرێکی بە مێشکدا هات‌و تەقەی ڕاگرت بەو ئومێدەی دوژمن تەفرە بخواو وا بزانن مردووەو ئیتر لە حەشارگەکەیان بێنە دەرەوە. بە ڕێکەوت فێڵەکەی سەری گرت. دوای ماوەیەك ئاڵۆزی‌و پەشێوی، سەرو کەللەی سێ چوار کەس دەرکەوت. پێش قەرەوڵەکەیان گەنجێکی بالابەرز بوو، کوڕێکی کورەبنەی خەپەی لە دوو

بوو، جوێنی دەداو هاواری دەکرد. (چرا) لێ گەڕا تا گەیشتنە بەر مەودای گوللەو ئەوسا پەنجەی لە پەلاپیتکە بزاوت. گەنجە بالا بەرزەکە بە قایم قیژاندیو سووڕاو تفەنگی لە دەست پەڕییە سەر زەوی، خۆیشی دەستی بە ورگییەوە گرتو چەند شەقاوێك ڕۆیشتو لە تەنیشت بنە بەلاڵوکەکان بەربووەوە. گەنجە کورەبنەکەش گوللەی بە مێشکی کەوت، بە بێ هاتو هاوار، وەکوو درەختێکی ڕزیوی بەر ڕەشەبا بەسەر بەردانداغلۆر بووەوە. (چرا)، یەك تاکە فیشەکی پێ مابوو، وەکوو مار بە پێچاوپێچ بە ناو گابەردو تەڕاشەکاندا خۆی گەیاندە نزیك زارکی ئەشکەوتەکەو چووە سەر شوێنێکی بەرز. بە پەنجەی شادە ئارەقەی نێوچەوانی سڕییەوەو تەماشای زارکی ئەشکەوتەکەی کرد. کە چاوی بە تەرمی (ئاهوو) کەوت هێشتا خوێنی لە تەوێڵی دەهات، هەموو گیانی لەرزی. کە خەنجەرەکەی بینی زانی یەکێ دەرفەتی دەرچوونی ئەمی قۆستۆتەوەو (ئاهوو)ی کوشتووە. فرمێسك لە چاوی سەری کردو ڕێچکەی بەست. تووشی لێوەلەرزە هات، هەر دەتگوت هەناوی خرابووە. هەستی کرد شتێکی لە ناو دڵدا دەجۆشێو بەرز دەبێتەوە. شتێکی وەکوو تەوژمێکی بەهێز، وەکوو شالاوی هەموو خوێنی لەشی بۆ ناو دەریچەکانی دڵی. چاوی تاری بوو دڵی، تاریك داهات. پاش لەحزەیەك هاتەوە سەرخۆیو خوێن لە دەمو چاوی گەڕا. لە تەنیشت (ئاهوو) چۆکی دادا. کڵاوو چەفیەکەی لەسەری کردەوەو بە هەردوو دەست کەوتە ڕنینەوەی قژی سەری. چەنگی لە وردکە بەردو خۆڵی سوورباو گیر دەکردو بە سەر سەری خۆیدا دەکرد. قەپێکی وای لە لێوی

خۆی دا، لێوی بریندار بوو. تامێکی سوێری کەوتە ناو دەم. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- (ئاهوو)... (ئاهوو)... سمەکانت لە خوێن نقووم بوونە... چاوەکانت، چاوە ڕەش و جوانەکانت...

(چرا) دەگریا. بە هەموو گیانی دەگریا. هەستی دەکرد چیایەکیان بە سەر پشتدا ڕووخاندووە. هەستی دەکرد بە قەدەر سەد ساڵ پیر بووە. لە جێی خۆی هەستا، کڵاو و چەفیەکەی لەسەر ناو دەستی دایە تفەنگەکەی و چووە ناو ئەشکەوت. پەلاماری هەگبەکەی دا، کردییەوە، کە زانی تووره‌گە فیشەکەکەیان بردووە، وەکوو شێت مستی لەسەری خۆی داو دونیای داگرتە بەر جوێن و قسەی ناشیرین. چاوی پڕ خوێن ببوو، وەکوو شێرێکی گرفتار دەینەڕاند و ددانی جیڕ دەکردەوە. لە دەرگای ئەشکەوتەکە هاتە دەرێ، (کیتابعەلی) دی خۆی لە پەنا دارگێوژێك شاردبووەوە، زانی ئەوە (ئاهوو)ی کوشتووە. بڕیاری دا پەلاماری بداو ئەو تاکە گوللەی لە ناو مەخزەنی تفەنگەکەی ماوە لە مێشکی سەری بەتاڵ بکا. بەو نیازە تەکانی دایە خۆی، بەڵام گیزەی گوللەیەك سەری کڵاوی بڕی. خۆی بە عەرزەوە نووساند. چوار چەکدار بە وریایی دەهاتنە پێش، دەتگوت هەستیان کردووە گوللەی تەواو بووە. (چرا) بۆ چرکەیەك بڕیاری دا هەر لەوێ بمێنێتەوەو لەتەك تەرمی ئەسپە وەفادارەکەی بمرێ، بەڵام پاشان تانی لە خۆی داو ئەو قینە ڕەشەی (کیتابعەلی) لە دڵی بزواندبوو، وای لێکرد قیت بێتەوە، وای لێکرد ڕابکات. (چرا) لێگەڕا تا یەکێ لە چەکدارەکان باش نزیك کەوتەوە، ئەوسا پەنجەی بە پەلاپیتکە داهێنا. کابرا پێچێکی

خواردو بەربووەوە. (چرا) لە شوێنی خۆی هەستاو وەکوو مار بە پێچو پلووچ بەرەو کانیو سەرچاوەکە چوو بۆ ئەوەی لەوێوە بۆی دەربچێ. بە داوێنی بڵندایییەکی پڕ گابەردی قاوەییدا دەڕۆیشت، هەستی بە سووتانەوەیەکی تیژی ڕانی کردو خوێن سەری کرد. چەفیەکەی لەسەری کردەوەو بە پەلە لە برینەکەو لە دەوری ڕانی پێچاو گرێی دا. بە شەلەشەل ڕۆیشت، بەو حاڵەش هەر ئاوڕی دەدایەوەو سەیری دواوەی دەکرد. (فەرمان) بە سمێڵی زەردو ملی ئەستووری، بە تاقی تەنێ بە غار بۆی دەهاتو دەیقیژاند:

- ئەوە دەتەوێ بچیتە کوێ؟ بۆچی وەکوو دز خۆت دەشاریتەوە؟!

(چرا) هەستی کرد ڕاکردن بێ هوودەیەو دوژمن زانیویەتی فیشەکی نەماوەو ئەم جارە هەر بە زیندووی چاوان دەیگرنو بە جەزرەبەو ئەشکەنجە دەیکوژن. بەلاقی بریندار دەتوانێ تا کوێ ڕابکا؟ هەموو دەرگایەکی لێ داخرابوو. سەری بەرەو ئاسمانی شین هەڵبڕیو گوتی:

- مردمو (کیتابعەلی)م لە دەست دەرچوو... بریا ئەوەندە بمابام تا تۆڵەی (ئاهوو)م دەکردەوە... (ئاهوو)... (ئاهوو)...!!

(چرا) لە پەنا ترۆپکێک چاوەڕێی (فەرمان)ی کرد. دامان نا فەرمانیشی کوشت، دیسان هەر بێ فایدەیە، ئەدی چ لەو چەکدارانە بکا کە لە پەنا درەختو تەڕاشو گابەردان سەر دەردێنن!؟

(چرا) دەستی دایە تفەنگەکەیو قۆنداغەکەی گرت وەکوو ئەوەی خۆی بۆ پەلامار ئامادە بکا. (فەرمان) جێی (چرا)ی بزرکردبوو، دەچووە ئەم لاو ئەولاو جوێنی دەدا. دوای نەختێ گەڕانو سووڕان سەرو کەللەی لە پەنا

گابەردێك دەرکەوت. (چرا) دەرفەتی نەدا، تا هێزی تێدابوو قۆنداغە تفەنگێکی لە ناو دەمی کوتا. (فەرمان) هاوارێکی دڵپسێنی لێ هەستاو بەربووەوە سەر زەوی.

(چرا) خەنجەرێکی لەسەر دڵی داو دەری هێنا. دەستی دایە تفەنگەکەی (فەرمان)و بەلاقی بریندارو خوێناوییەوە بە شەلەشەل لە چیا شۆڕبووەوەو دوا گوللەی تفەنگەکەی بە چەند کەسێکەوە نا کە بە تەنیشتیدا ڕایان دەکرد، بەڵام کەسی نەپێکا.

(چرا) بە لێژاییەکی ڕکی پڕ وردکە بەرددا هاتە خوارێ‌و خۆی لە پەنا دارگوێزێك شاردەوەو بە شەکەتی‌و کەسیرەیی چاوەڕێی مردنی کرد. لە پشت هەندێ تەڕاش‌و وشترالووکی چڕ دەنگی خشپەی پێیەکی کەوتە بەر گوێ. ئەوەی هێزو تاقەت بێ لەبەری دا نەمابوو. چاوە بێ ئومێدەکانی، کە بڵێسەی ڕق‌و کینەو بێ تواناییان لێ هەڵدەستا، لە بنەتەڕاشەکە بڕی‌و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. دەنگی هات‌و هاواری چەکدارانی لە دواوە دەهاتە بەرگوێ.

(چرا) لە دڵی خۆیدا گوتی:

- گیرام!

خووزی زاری قووت دایەوەو بە شەکەتی‌و نائومێدی تفەنگی بە قەدی دار ئەمروودێکی کێوی هەڵپەسارد. پیرە تەڕاشەکان بە خشەخش لێکبوونەوەو سەروکەللەی (ڕەشید) بە هێنکەهێنك دەرکەوت. (ڕەشید) کە چاوی بە (چرا) کەوت، هاوارێکی خۆشی لێ هەستاو بە ڕاکردن خۆی گەیاندێ. (چرا) بە سەرسامی‌و بێ تاقەتی تەماشای (ڕەشید)ی کرد.

(ڕەشـید) بـە تەڕدەسـتی گرێـی دەسمـاڵی دەسـتی کـردەوەو تورەگـە فیشەکەکەی دەرهێنا. چەکدارەکان وردە وردە نزیـک دەکەوتنـەوەو تەقـەی هەواییان دەکرد. (ڕەشید) گوتی:

- باوکم ئەم توورەگەیەی ناردووە بیدەم بە تۆ. گوتی (چـرا) کەوتۆتـە داوەوە... ئەگەر ئەم فیشەکانەی پێ نەگەیەنی (ستـارە سـوز) بـێ (چـرا) دەمێنێتەوە...

(چرا) فیشەکی هاویشتە بەر تفەنگەکەی و بە (ڕەشید)ی گوت:

- تۆ خۆت بشارەوەو فیشەکم بدەرێ... (ڕەشـید)، عـەزیزی بـەر دڵـی من!

کە سەرو کەللەی چەکدارەکان دەرکەوت، (چرا) کەوتە تەقـە. تەقـەی تفەنگی نەدەپسایەوە. چەکدارەکان چەند تەقەیەکیان کردو هەڵاتن. (چرا) هاواری دەکردو جوێنی دەداو تفەنگەکەی لە تەقە نەدەکەوت. (چـرا) لـە پێشەوەو (ڕەشید) لە دواوە کەوتنە دوو چەکدارەکان. چەکدارەکان بە غـار هەڵدەهاتن، تفەنگیان فڕێ دابوو، بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕان.

(ڕەشید)و (چرا) لەسەر گیای سەوزو نەرمی بن گابـەردێك دانیشـتن. ڕۆژ لە تاقی ئاسمان دەدرەوشایەوە. (ڕەشید) دڵی وەکوو کۆترێکی بێ ئۆقرە لێی دەداو سەیری زارو دەمو چاوی گرژو شەکەتی (چرا)ی دەکردو مـتـەقی لێوە نەدەهات. (چرا) تفەنگەکەی لەسەر کۆشی داناو بە دەم سـەیرکردنی ترۆپکە قیتەکانی کێوێکی بەرزەوە گوتی:

- (ئاهوو)ی سپی وەفاداریان کوشتم... (کیتابعەلی) کوشتی!

(ڕەشید) هیچ قسەی نەکرد، وەکوو باڵندەیەک بارانی لێ دابێ، لەرزی‌و دەستی لە ئەژنۆکانی وەرهێنا. سەری دانەواندو چووە ژێری.

(چرا) گوتی:

- (کیتابعەلی) بە خەنجەر ورگی (ئاهوو)ی دڕی... حەیف بوو (ئاهوو) بمرێ، وا نییە (ڕەشید)؟

(ڕەشید) بە دەنگی باریکی خۆی گوتی:

- بەڵێ، حەیف بوو بمرێ! ... تۆش (کیتابعەلی) بکوژە.

(چرا) هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

- لە دەستم هەڵات. بۆ کوێ دەچێ؟ بچێتە هەر کوێ وەکوو سێبەر بە دوایەوەم. (کیتابعەلی) ببێتە باڵندەش لە دەست (چرا) دەرباز نابێ.

(ڕەشید) گوتی:

- باوکم پێی گوتم بگەڕێمەوە دێ. گوتی ئەگەر (چرا)ت خۆش دەوێ، دەبێ ئیش‌و کارت وەکوو (چرا) بێ، دەبێ وەکوو (چرا) بژی.

(چرا) گوتی:

- ئەگەر چەند دەقیقەیەک درەنگتر بهاتبای (چرا)یان کوشتبوو.

(ڕەشید) پرسی:

- ئەی ئێستا دەچیتە کوێ؟ هەر لە (مادیان کۆ) دەمێنیتەوە؟

(چرا) گوتی:

- بێ ئەسپ زەحمەتە بتوانم بژیم، دەبێ ئەسپێک پەیدا بکەم.

(ڕەشید) لەپڕ چاوی بە لاقی (چرا) کەوت‌و ڕەنگی لە ڕوودا نەما، گوتی:

- کاکە (چرا) ... لاقت خوێنی لێ دێ!

(چرا) گوتی:

- مەترسە... هیچ نییە... گوللە ڕانی ڕووشاندووم و بە خوێنی داهێناوە. تەنیا پێستەی بڕیوە و چۆتە دەرەوە. ئەگەر ئێسکی بگرتایە بە زیندوویی نەدەمام.

(ڕەشید) گوتی:

- یانی ئێسکی نەگرتووە؟!

(چرا) گوتی:

- نەء. خۆم دەگەیەنمە گوندێک و چەند شەوێک ئیسراحەت دەکەم و چاک دەبمەوە. خەمت نەبێ... قاچاغ پێستیان ئەستوورە!

(ڕەشید) لە شوێنی خۆی هەستایەوە و گوتی:

- با من بڕۆم... باوکم گوتی دەبێ پێش ڕۆژئاوا بگەڕێیتەوە.

(چرا) ناوچەوانی (ڕەشید)ی ماچ کرد و گوتی:

- تۆ کوڕێکی باشی! بە دایە بڵێ (چرا) سەلامەتە. کە گەورەبووی تفەنگێکت بۆ پەیدا دەکەم.

(ڕەشید) پێکەنی و گوتی:

- ساڵێکی دی گەورە دەبم!

(چرا) گوتی:

- بڕۆ... خۆت نیشانی کەس نەدەی. بە منداڵان نەڵێی چوومەتە لای (چرا). منیش با بچم دووربینەکەم لە ناو ئەشکەوت بێنم و بچمە لایەک.

(ڕەشید) دەستی بۆ هەڵشەقاند و لە چیا شۆڕ بووەوە.

(چرا)ش بە نیشانەی ماڵاوایی تفەنگەکەی لە هەوا باداو بە شەلەشەل ڕووی کردە ئەشکەوتەکە.

٭٭٭

## (٨)

بارانێکی وردو بە شۆڕابە دەباری. هەور بە جۆرێ دەیگرماند دەتگوت ئاخیر زەمانە. مانگ بە دەرەوە نەبوو، برووسکەو چەخماخە لە ناو جەرگەی تاریکیدا بە هەڕەشە کەلبەی گڕ دەکردەوە. باران لە دەمو چاوی (چرا)ی دەدا. سەراپای لەشی تەڕ کردبوو. قوڕولیتاو لاقو لەتەری قورس کردبوو. تفەنگەکەی سەراوژێر بە ملییەوە کردبوو بۆ ئەوەی باران نەچێتە ناو لوولەی. توورەگە فیشەکەکەی بە دەستی چەپەوە گرتبوو. بەرەو گوندی (ستارە ریز) دەچوو. ئەو گوندە بە کزو کوێری، بە کپو بێ دەنگی، بە قەد داوێنی گردۆلکەیەکەوە چەسپا بوو. (چرا) هیچ ناسیاوی لەو گوندەدا نەبوو. بە تەمابوو جێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تا برینی لاقی سارێژ دەبێ، ماوەیەك بیشارنەوە. ئاغای ئەم گوندە (فەروخ خان)ی برای (سادق خان) بوو. سەگەکانی ئاوایی هەر یەکە خزابووە پەناگەیەكو دەنگیان نەدەهات.

کە گەیشتە پەڕگەی ئاوایی، هەروا خۆو بەخت لە دەرگای مالێکی دا. باران نەدەپسایەوە. تا دەهات بەخوڕتر دەبوو. دووبارە لە دەرگای داو چاوەڕێی کرد. ئەگەر دەرگایان نەکردایەوە ناچار بوو بەسەر دیواری خانووەکە بکەوێ. جێگای ڕووشانی گوللەکەی ژانی دەکردو سەرمای بوو. لەسەرمان چرقو هۆڕی ددانی بوو. لە پشت دەرگاوە، دەنگی ژنێکی پیرو خەوالّوو هات:

- کێیە بەم شەوە درەنگە لە دەرگا دەدا؟

(چرا) گوتی:

- دایە گیان! منم، (چرا)م! لەبەر باران تەڕ بوویمو گوللەم بە لاقی کەوتووە. ئەگەر دەکرێ بەڵکوو ئەمشەو دالّدەم بدەن، خێرە! دوعات بۆ دەکەم.

دەرگا دارە کۆنەکە بە شەقو هۆڕ کرایەوەو پیرەژنێ دەرکەوت، لەچکی دابوو، پێ کەنیو گوتی:

- وەرە ژوورەوە، کوڕم! ... وەرە ژوورەوە. یاخوا ئەوەی دایە دەیبینێ، خەون نەبێو ڕاست بێ کە (چرا) بۆتە میوانی!

(چرا) دەرگای لە دوای خۆیەوە پێوەداو گوتی:

- دایە گیان، خەون نییە دەیبینی، ئەوە منم! خۆمم! (چرا)م... بەم شەوە درەنگە سەخڵەتم کردووی، وا نییە؟

دایکە، بێ ئەوەی وەڵامی (چرا) بداتەوە، لە چەند پایەیەکی خشتی کاڵ سەرکەوتو چووە ناو ژوورێکو گوتی:

- جوامێر، جوامێر! لە خەوی خـاوو بـێ مفـا ڕابـە سـەرخۆ، (چـرا) هاتۆتە ماڵمان، چرا!

پیرەمێرد هاوارێکی خەواڵووی لێ هەستا:

- دیسان خەونی جڕناو فڕنات دیوە؟ هەر شەوێکی گوشتاو بخۆی ئاوها خەونی سەیرو سەمەرە دەبینی!

پیرەژن لەمپای داگیرساند. (چرا) کلاشەکانی لەپێ کردەوەو کـە چـووە ژوورەوە بە دەنگێکی بەرز سەلامی کـرد. ژوورێکـی مەیلـەو گـەورە بـوو، کەندوویەکی ئارد لە قوژبنێکی دەستەڕاست بـوو، نـاو ژوورەکـە هەنـدێ نیمدەرو لبادی لێ ڕاخرابوو. کە ژوورەکـە ڕوونـاک بـووەوە، گـەنجێکی بـە خۆوەی بە سەروسیمای سمێڵ زەردو کچێکی عـازەب- کـە دەمو چاوی لـە شەرمان سوور هەڵگەڕاو ڕووی وەرگێڕا- قیت بوونەوە. پیرەمێرد سـەلامی لە (چرا) وەرگرتەوە. بە چاپووکی هەستاو لێفەو دۆشـەکی لـوول داو لـە پۆپەشمینێکی پێچا. بە تـەوازۆ خواسـتنەوە بـەرەو (چـرا) هـات. (چـرا) تفەنگو توورەگەو دووربینەکەی لە قوژبنێك دانا. چووە پـێش، دەمو دووی پیرەمێـردی مـاچ کـرد. پیرەمێـرد ڕووی کـردە (ناوخـاس)ی کـوڕی، کـە نوێنەکـەی بـە دیـوارەوە هەڵدەپەسـاردو بـە دەنگـێ لـە کەیفخۆشـییان دەلەرزی، گوتی:

- کورە وەرە، ئەمەیش (چرا)! پێی ناوێ ئیتر لەم لاو لەولای بە دواییدا بگەڕێی... هەستە یارمەتی بدە جلەکانی دابکەنێ، زۆر تەڕ بووە.

(ناوخاس) چوو دەستی لە ملی (چرا) وەرهێناو (چرا)یـش ڕوومـەتی ماچ کرد.

دایە بە کچەکەی گوت:

- (جەیران)، برۆ چایەکی تازە دەم کە... پارووە نانێك بێنە.

کە(چرا) دانیشت، پیرەمێرد گوتی:

- کوڕەکەم دایناوبوو لەم ڕۆژانە بێتە لات، ئەو سەری بۆ ئەم جۆرە نیشانە دەخورێ.

دایە خەریك بوو دیزەی ئاوی گەرمی لە ناو تەندوور دەردەهێنا، گوتی:

- (ناوخاس) خوێنی قاچاغی لە لەشدا نییە، تەنیا بەکەڵك مریشك دزین دێ!

(ناوخاس) بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی:

- پیاو لە مریشك دزینەوە دەست پێ دەکات و پاشان دەداتە کێو.

دایە گوتی:

- باوکیشت بە گەنجی پیاوێکی قەڵەزراو بوو، بەڵام بەرەبابی باوکی من...

پیرەمێرد قسەکەی بە دایە بڕی و گوتی:

- چەنەت شکێ، وازناهێنی، ها!؟

(جەیران) سینی نان و ماستی لەبەر (چرا) داناو چوو چا لێ بنێ.

(چرا) فەرمووی لە خانەخوێکان کردو دەستی بە خواردن کرد. بە دەم خواردنی پارووی گەورەوە، بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی گێڕایەوەو گوتی:

- زۆر شەکەتم... بەڵکوو لێ بگەڕێن دوو سێ ڕۆژ لەم ماڵە خۆم بشارمەوە، تا شەکەتیم دەردەچێ و برینی لاقم چاك دەبێتەوە... بێگومان نابێ هیچ کەس پێ بزانێ.

(ناوخاس) گوتی:

- چەندی حەز دەکەی لێرە بمێنەوە، بەڵام مەڵێ: خۆم بشارمەوە! تۆ دەتوانی بەو پەڕی ئاسوودەیی هەر کوێت بوێ، بچی. کەس حەددی نییە دەستت لێ قیت کاتەوە. (فەڕوخ خان)، لە ترسی ئەوەی نەوەك خەڵك لە دژی ڕاست بنەوە، گوتوویەتی ئەم ساڵ لەسەر جۆخینان مریشکانە وەرناگرم‌و لەباتی (٣/٥)، تەنیا (١/٥)ی بەروبووم وەردەگرم.

دایە گوتی:

- بەڵێ... کێ حەددی هەیە دەست لە تۆ قیت کاتەوە؟ دەبێ مریشك دز خۆیان بشارنەوە!

(ناوخاس) چاوی لە دایکی زەق کردەوەو گوتی:

- حەیف بۆ ئەو مریشکە قەڵەوانەی بۆم دەهێنای‌و تۆش نۆشی گیانت دەکرد. ئەم ساڵ تەنیا سێ مریشکی ئاغام خەفە کردووە!

(چرا) سینی نانی بەلاوە ناو سوپاسی کردن‌و هەستا توورەگە فیشەکەکەی هێناو لەبەر دەمی خۆی داناو خەریتەی بە تاڵی لە ملی کردەوەو پاکەتەکانی داگرتەوە.

(جوامێر) دووکەڵێ قەنەنەی هەڵکێشایە ناو سییەکانی‌و گوتی:

- جا ئێستا بە بێ ئەسپ چ دەکەی؟

(چرا) خەریتەی پشتی هەموو پڕ فیشەك کردو گوتی:

- نازانم. بە هەر جۆرێ بێ دەبێ ئەسپێك پەیدا بکەم.

- (فەڕوخ خان) ئەسپێکی سپی هەیە دەڵێی نەهەنگە، ڕەخشیش بە تۆزی پای ناگا. کە بحیلێنێ دەنگی دەگاتە ئەودیو (مادیان کۆ). وەکوو

تەیر بە ئاسماندا دەفڕێ. کە لـە تەویلـە دێتـە دەرەوە خـەڵکی تـاقم تـاقم کۆدەبنەوە، سەیری بژیو شانو ملی دەکەن... ئایەتێکە بۆ خـۆی! (خـۆش قەدەم)!! بە ناوبانگە! ئەگەر ئەم ئەسپەت لە بن بێ، جنو پـەریش تۆیـان پێ ناگیرێ.

دایە گوتی:

- مووچی دەستەکانی سپین.

(جەیران) چای هێنا.(چـرا) لەحزەیـەك سـەرنجی لەسـەر دەمو چـاوی (جەیران) وەستاو دالغەی ڕۆیشت. (جەیران) بالآیەکی بەرزو کەلەشـێکی تۆکمەو تێکسمراوی هەبوو. کراسی ئاودامانی پەنجـەی پێـی داپۆشـیبوو. ئارامیو میهرەبانیو ڕووناکی لە چاواندا بوو. (چرا) کـە نیگـای لەسـەر (جەیران) لابرد. بە دەنگێکی پڕ شەکەتیو میهرەبانی گوتی:

- (خۆش قەدەم)! ناوێکی خۆشیشی هەیە.

(ناوخاس) گوتی:

- هەر کاتێ ویستت من لەگەڵت دێم، ڕێی تەویلەکەت نیشان دەدەم.

(جەیران) لە پشت دەرگاوە، بە دەنگێکی بەرز، بە دایکی گوت:

- لە تەویلە، ئاوم گەرم کردووە. پڕ یەك مەنجەڵ، بە (چرا) بڵـێ بچـێ برینی لەشی بشوا.

دایە گوتی:

- بڕۆ لەشت بشۆ! (ناوخاس)یش یارمەتیت دەدا بـۆ ئـەوەی زوو پـاك بیتەوەو خەوێکی خۆش بکەی... ئێرەماڵی خۆتە. کەس لە ڕاست تۆ خاوەن ماڵ نییە.

(چرا) به خاترجەمی ئاهێکی هەڵکێشاو لەگەڵ (ناوخاس) چوونە ناو تەویلە. (جەیران) هاتە ژوورەوە، لە تەك دایکی دانیشتو گوتی:

- چتۆ بەژنو باڵای هەیە وەکوو کێو وایە، لاقێکی بریندارە!

(جوامێر) باوێشکی هاتیو گوتی:

- تازە ئیدی دوندی چیا جێ ناهێڵێ... ئەگەر قاچاغ بێ، نابێ جێی بێڵێ. (چرا) تا ئەو وەختە (چرا)یە کە تفەنگی فڕێ نەداوەو کارکەنار نەبووە. ئینجا بۆی باسکردن چۆن خۆی لە سەردەمی گەنجێتیدا، سەری ملەو باسکەکانی دەگرتو پەلاماری ئاغاکانی دەداو پاشان بۆ خاتری ئەو کچەی خۆشی دەویستو ئێستا ئەوەتا ژنیەتی، لە چیا هاتۆتە خواریو لە دێ دانیشتووە.

دایە گوتی:

- زۆریش بە خۆت مەنازە. ئەو کاتەش هیچ نەبووی. پێیەکت لە چیا بوو، پێیەکت لەسەر کانی بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ کچی خەڵك ڕابوێری.

(جەیران) تەشی لە کۆشی ناو گوتی:

- (چرا) چیا بەجێ ناهێڵێو کارکەنار نابێ. لە چاوەکانی ڕا دیارە.

(چرا) هاتە ژوورەوەو کە چاوی بە (جەیران) کەوت، سەری وەرسووڕاند، سەلامی کردو گوتی:

- برینەکە خوێنی وەستاوە... سبەی دوو سبەی وەکوو چوارپێیەکی بەهێز دەدەمەوە کێو.

دایە لە جێی خۆی هەستا. چوو نوێنی بۆ (چرا) ڕاخست. (چرا) کڵاو و چەفیەی لەسەر کردەوە و قاپووتی داکەند. خەنجەری خستە ژێر سەرینو

خۆی لەبن لێفە ڕاکرد. ئەوانی دیش هەر یەکە لە لایەکەوە خۆی خزاندە بن لێفە.

بەرەبەری نیوەڕۆ، (چرا) لە خەو ڕابوو. چاوی هەڵگلۆفت.

بۆ ئەوەی (چرا) بە ئاسوودەیی بخەوێ، دایە تەندووری ژووری دانەگیرساند بوو، بە بیانووی خرابوونی تەندوورەکەیان چووبوو نانی ڕۆژانەی لە ماڵە دراوسێکەیان کردبوو. (جوامێر) بۆ ئاودانی یۆنجە چووبووە سەر زەوی. (چرا) چووە حەوشەو دەمو چاوی بە ئاوی گۆزە شووشت. ئاسمان ڕووی کرابووەوەو خۆر پێدەکەنی. (جەیران) سەبەتەیەکی بە پشتی دادابوو، هاتەوە حەوشەو سەلامی لە (چرا) کرد. (چرا) سەلامی لێ وەرگرتەوەو گوتی:

- زۆر خەوتم! لە مێژبوو ئاوا بە ڕەحەتی نەخەوتبووم.

(جەیران) گوتی:

(فەرۆخ خان) ئێوارێ بە سواری (خۆش قەدەم)-ی ئەسپی- دەچێتە (ستارە سوز). (سادق خان) داوەتی کردووە.

(چرا) گوتی:

- بیرێکی لێ دەکەمەوە. شەکەتی لەشم دەرچووە. لاقم هێزی تێ گەڕاوەتەوەو ئیتر شەلینم نەماوە.

دایە سەری لە پەنجەرەیەکی دارەوە دەرهێناو گوتی:

- تێشت حازرە. وەرە پاروەوە زادێك بخۆ.

(چرا) چووه ژوورەوە. دایە یەك سینی پڕ نانی تازەو پەنیرو سەرتوێی ئامادە کردبوو. (ناوخاس) دەرگای کردەوە. مریشکێکی قەڵەوی پێ بوو. پێی بەستبوو. فرێی دایە ناو ژووریّو گوتی:

- خواردنی نیوەڕۆمان مسۆگەر بوو. ڕێویش زات ناکا بە ڕۆژی نیوەڕۆ مریشك لە ناو کۆڵیت بدزێ، فایدەی چییە؟ دایە قەدرم نازانیّ!

(چرا) پرسی:

- مریشکی خەڵك نەبیّ؟!

- خەڵك مریشکی لە کویّ بوو؟ خەڵك مریشکی نییە تا لێیان بدزن. ئەمە مریشکی ئاغایە، دوو هۆقە گۆشتی تێدایە!

(چرا)، کە تێشتی خوارد، لە جێی خۆی هەستاو بە (ناوخاس)ی گوت:

- لە ڕکی (کیتابعەلی) هەموو گیانم ئاگری تێ بەر بووە. شەویّ دی خەونم بە (ئاهوو)ەوە دی. ئاگرم تێ بەر بوو. بە چاو پێی گوتم:

- هەستە، یاڵلا دە هەستە...

چەند جارێك لە خەو ڕاپەڕیم. بێ شەرەفەی زۆر بە نامەردی (ئاهوو)ی کوشت! ئێستا گورگی (مادیان کۆ) لەت و پەتیان کردووە.

دایە لە ژوورەکەی دی گوتی:

- (خۆش قەددم) ئەوەندە لە (ئاهوو) کەمتر نییە.

(ناوخاس) گوتی:

- نیوەڕۆ پاروونانێك بخۆو بەرەبەری ڕۆژاوا، کە (فەڕوخ خان) بەرەو (ستارە سوز) کەوتەڕێ، لە ناو گەڵی بچۆ بەرایی و بڕۆ (ستارە سوز)و

بەرۆکی ئەو نامەردە بگرە. ئەگەر ڕێم بدەی منیش لەگەڵت دێم، لە ناو بێشەی خوارگەڵی بە ئەسپەوە چاوەڕێت دەکەم.

(چرا) گوتی:

- باشە... بە یەکەوە دەچین!

***

## (٩)

(فەڕوخ خان) لەگەڵ چەند سوارێك لە گوند دەرچوون. ڕێگا تەڕ بــوو. تەبارە گەنم لــە هــەردوو بــەری ڕێگــا كەروێشــكەی دەكــرد. (مەشــهەدی مەحموود) ، كە تەمەنی چل‌و پێنچ ساڵ بوو، بــە ســواری ئەســپێكی بــۆر، شان بەشانی (فــەڕوخ خــان) دەڕۆیشــت. (مەشــهەدی مــەحموود) جڵــەوی ئەسپەكەی توند كرد و پرسی:

- شەو دەمێنینەوە، یان دەگەڕێینەوە؟!

(فەروخ خان) گەرووی خۆی خۆش كرد و گوتی:

- شەو دەمێنینەوە! (سادق خان) نیازی وایە لەگەڵ چرا پێك بێتــەوەو بە سەبر كاوی خۆی لێ بگرێ. لەوەتی (چــرا) داویەتــە كێــو، خەڵكەكــە هەموو هەڵگەڕاونەتەوە. بیستوومە لە گوندێكا لای خەڵك گوتوویەتی:

- زەوی هی ئەو كەسەیە دەناوی دێنێ!

دابەشكردنی زەوی! تا ئێستا كەس شتی وای نەبیستووە!

خەڵك ئەوەندە شعوورەیان نییە ئاودەستێك بۆ خۆیان دروست بکەن، نازانن مەسینە بە دەستەوە بگرن، چۆن دەتوانن زەوی بەڕێوە ببەن! تف لە خۆت و مەزەبت!

(مەشهەدی مەحموود) ئاوی لووتی بە دەسەسڕێکی چوارگۆشە سڕی و دەسەسڕەکەی لە ناو گیرفانی پاڵتۆی ناو گوتی:

- لە چیا بێتە خوارەوە کەس لە دووی ناڕوا. ئەوە هەوایەکە و جارێ لەسەری داوە.

سوارەکان بە بەرزاییەکدا هەڵگەڕان و لەگەڵیبەکی سەوز و خۆشی پڕ باخی زەردەلووو چنارستانی پەرت و بڵاودا پێچیان کردەوە. ڕێگاکە بەسەر پردێکی داری بچووکی سەر رووبارێکی بچووکدا دەڕۆیشت و هەورازێکی ڕکی دەبڕی و لەولاوە بەرەو (ستارەسوز) دەبووەوە کە دەنگی سەگوڕەی لێ دەهات.

(فەڕوخ خان) پێش هەموویان لە پردەکە پەڕییەوە و سوارەکانی تریش دوابەدوای ئەو پەڕینەوە. (خۆش قەدەم)، کە لە پردەکە پەڕییەوە، حیلاندی. (فەڕوخ خان) ئەسپەکەی دەنگ داو سەرنجی بڕییە ئەو پەرژینەی (چرا) لەودیوەوە سەری بڵند کردبوو. (چرا) بەسەر پەرژینەکەدا بازی داو لوولەی تفەنگی لە (فەڕوخ خان) ڕاگرت و بە دەنگی بەرز گوتی:

- کوڕی باش، دوای نیوەڕۆت باش، ئەسپێکی چاکت لە بنە، ها؟

کوێخا لەبن لێوانەوە بە پستەپست گوتی:

- (خان)، ئەوە (چرا)یە...

(فەڕوخ خان) گوتی:

- برا، ئەوە لێرە چ دەکەی؟

(چرا) گوتی:

- (کیتابعەلی)ی کێخوای برادەرت (ئاهوو)ی ئەسپی کوشتم. بێ ئەسپ ماومەتەوە.

تۆ ئەسپی باشت هەن، ئەم ئەسپەیان بۆ منە.

(فەڕوخ خان) گوتی:

- ئەمە هەر هیچ نییە! لەباتی یەك ئەسپ، یەك ڕەوە ئەسپت دەدەمێ! وەرە با بە یەکەوە بچینە (ستارەسوز)، (سادق خان) دەیەوێ لەگەڵت ئاشت بێتەوە... تۆ وەکوو برامانی. ئیشی زەمانەیە، قەزاوقەدەر واهات باوکمان بە دەستی تۆ بکوژرێو (مادیان کۆ) بە خوێنی زۆراب ڕەنگ ببێ... چار چییە؟

(چرا) سەیری سوارەکانی کرد، هیچ دەنگیان لێوە نەدەهات، ڕەنگێکیان دەهێناو ڕەنگێکیان دەبرد. ددانی لە سمێڵی گیرکردو گوتی:

- من کابرایەکی قاچاغم... هەڵۆ لە چیا بگرنو بیخەنە ناو ژووری زێڕین، لە خەفەتان دمرێ. تا ژمارەیەکی زۆری خەڵك ڕەنج بدەنو زەحمەت بکێشنو ژمارەیەکی کەم هەر مفتەخۆر بنو هەر پاڵ بدەنەوە، کەسانی وا هەر دەبن لەم لاو لەولا دژی ئەم بارودۆخە ڕاپەڕن. منیش نەبم یەکێکی دیکە هەر دەبێ... فەرقی چییە؟

ئینجا چوو هێدی لوولەی تفەنگی لە ڕانی (فەڕوخ خان) ڕاکردو ئەمری پێ کرد:

- وەرە خوارێ!

بە دەستەکەی تریشی نێوچەوانی (خۆش قەدەم)ی لاواندەوە و گوتی:

- چوارپێ، من (چرا)م...

(فەڕوخ خان)و کوێخا، لە ئەسپەکانیان دابەزین. (فەڕوخ خان) سواری ئەسپی (مەشهەدی مەحموود) بووو گوتی:

- (چرا) خۆت دەزانی ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ تۆدا نییە، وازبێنە... وەرەوە سەر ماڵو ژیانی خۆت... دایکە پیرەکەت بەو ئاخیری عومرە بە تەنیا جێ مەهێڵە...

(چرا)، کە بە شەوقو خۆشی تەماشای (خۆش قەدەم)ی دەکرد، گوتی:

- لە زاری من بە (سادق خان) بڵێ: تا لەم ناوچەیە ژمارەیەك ئارەق بڕێژن بۆ ئەوەی ژمارەیەکی تر بەری ڕەنجو ماندووبوونیان بخۆن، (چرا) تفەنگ دانانێ!!

(چرا) ئەمەی گوتو سواری (خۆش قەدەم) بوو. خۆش قەدەم زینو تەدارەکێکی جوانی لێ بوو. چاوەڕێی کرد تا سوارەکان بەسەر گردەکە کەوتنو ئاودیو بوون. (ناوخاس)، بە سواری ئەسپەکەیەوە، بە پێکەنین پەیدا بوو. (چرا) گوتی:

- ڕازی، هەر ئێستا بچینە ناو دێ؟ باوەڕ ناکەم تێك گیر بین. هەم سەرێك لە دایکم دەدەینو هەم...

(ناوخاس) گوتی:

- هەم بەرۆکی (کیتابعەلی)ش دەگری!

کە بەسەر گردەکە کەوتن، (ستارەسوز) دەرکەوت. زەلام لێرەولەوێ لە ناو شیناییان دەگەڕان: وێنجەیان ئاو دەدا، سێ پەڕەیان ڕەباس دەکرد. کچو

کوڕی بچکۆڵانە لە دەو ڕووبارەکان لە پوونگەو گیای خواردن‌و خۆشبۆی دیکە دەگەڕان. کوڕگەل بۆ چنینی تمشك‌و گوڵە زەردەو کنیوال بە داوێنی چیا وەر ببوون. کە ئەوان لە گردەکە شۆڕبوونەوە، دیتیان سوارەکانی (فەڕوخ خان) چوونە ناو دێ. چەند کەسێك لە بن دارگوێزەکان‌و لەسەر کانی سپی دانیشتبوون تەماشایان دەکردن. یەکێکیان خاڵۆی خۆی بوو. (چرا) لەسەر ئەسپ سەلامی لە خاڵۆی کرد، ئینجا دابەزی‌و باوەشیان بە یەکدا کرد. خاڵۆی لە خۆشییان فرمێسکی لە چاو هات، ددانە ڕزیوەکانی گڕکردەوەو گوتی:

- (چرا)... (چرا)... تۆ بەرەبابی ئێمەمانانت سەربڵند کرد... چاکت کرد هاتی، دایە نەساخە. بڕۆ سەرێکی لێ بدە. گوتیان تۆیان کوشتووە ئەو بێ شەرەفانە!

گەنجێکی موو زەرد، کراسێکی سپی چڵکنی لەبەر بوو، بە پەرۆشەوە تەماشای (خۆش قەدەم)ی کردو گوتی:

- دیارە خەبەری کوشتنی (ئاهوو) ڕاست بووە! دەڵێن (کیتابعەلی) بە خەنجەر ورگی دڕیوە! ئەسپێکی حدوود بوو!

(چرا) گوتی:

بەڵێ... (ئاهوو)یان کوشت!

گەنجێکی دی، کە چاوێکی کوێر بوو، گوتی:

- پیلانی دزینی فیشەکەکان‌و ئابڵووقەی ئەم دواییەش هەمووی لە ژێر سەری (کیتابعەلی) دابوو. (سادق خان) بیست هکتار زەوی دەو ڕووباری داوەتێ. چلکاو خۆری پیس و خەلیس!!

(ناوخاس) پرسی:

- خراپ نییه بەم رۆژاوایه دەچینه ناو دێ؟

خالۆی (چرا) گوتی:

- کێ حەددی هەیه دەستتان لێ قیت کاتەوە؟ (سادق خان) بۆ دەستگیرکردنی تۆ، ناردوویەتییه لای نایبی حکوومەت بۆ ئەوەی تیپێ جەندرمه بنێرێته فریای.

(چرا)و (ناوخاس) خاتریان خواستو بە غار روویان کرده دێ.

سەربانەکان رەش دەچوونەوە لەو خەڵکو عالەمەی وەستا بوون تەماشایان دەکردن. (چرا) سەری ئەسپەکەی بۆ لای ماڵەوە وەرسووڕاند. پیا بوون. (ناوخاس) لەبەر دەرگا مایەوەو (چرا) تفەنگ بە دەست چووە ژوورەوە. لە هەژمەتان هەموو گیانی دەلەرزی. بەوی بایه دابێتەوە راڕەوی حەوشە ماچ بکا. دەرگا دارەکەی حەوشەو کاریته رزیوەکانی بانو فانوسی بچووکی کوژاوەو ئەو داسەی بە قوژبنێکەوە هەڵواسرابوو، ئەو بێڵەی لە کونجێکی حەوشه کەوتبوو، ئەو مریشکە خەنەییەی لە ناو پەین پێکۆڵی دەکرد، ئەمانەی لەلا هەموو وەکوو خەونێکی خۆشو بەتام وابوو. بە حەسرەت بوو بیانبینێ. حەوشه دڵی دەگووشیو خانووی قوڕ دڵی تەنگ کردبوو. خانووەکه بۆنێکی تایبەتی لێ دەهات: بۆنی غوربەت، بۆنی پاش نیوەڕۆی غەمگینی زستانه، بۆنی رزیوی لێ دەهات. لە حەوشه تێپەڕی. گوێی لە قارەقاڕی بزنه رەشەکەی بوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو دەرگای ژوورەوەی کردەوە. دایه لە ژوورەوە بوو. پشتی لە جاران کۆمتر ببوو.

پشتی لەو بوو، تەشی دەڕست. دایە بێ ئەوەی سەری بڵند بکا، بە دەنگێکی باریك گوتی:

- (ڕەشید)، کوڕم! دە وەرە لە تەنیشتم دانیشە. دەڵێن (چرا) گوللەی پێ کەوتووە، جەرگم، باوەڕ دەکەی (چرا) بمرێ؟ (کیتابعەلی) ئەوەندە لەسەر یەك درۆ هەڵدەبەستێ تا ئاخیری دایە لە خەفەتان دەمرێ. هەر خەبەر دەنێرێ (چرا) مردووە!

(چرا) لە رکان گەرووی گیرابوو، فرمێسکی لە چاو دەهاتو بە باشی قسەی پێ نەدەکرا، هاواری کرد:

-دایە...

دایە تەشی لە دەست بەربووەوە سەرکۆشی. سەری بە خەمو خەفەتەوە لەسەر ملی لەڕو لاوازی سووڕاند. یەکەم جار بە ترسو بێ باوەڕیو پاشان بە ئومێدو غەمباری، ئاوڕی دایەوە. کە چاوی بە (چرا)کەوت، دەستی، کە هەر ئیسكو پێستی وشکی لێ مابووەوە، بەرزکردەوە ئاسمانو قیژاندی:

- یا حوسێنی مەزلووم! دەبێ راست بێ ئەوە (چرا)یە لەبەر چاومو خەون نەبێ!

(چرا) هاواری کرد:

- دایە! ئەوە منم من! خۆمم... خەون نییە دەیبینی. من (چرا)م، (چرا)!

بۆ دایکی چوو. دایە لە شوێنی خۆی راست بووەوەو (چرا) خۆی بە باوەشی دادا. دایە بە دەم گریانەوە روومەتی ماچ کرد، نێوچەوانی ماچ

کرد، چاوەکانی ماچ کرد. (چرا) لە باوەشی دایکی هاتە دەرەوە. دایە تازە نیمدەرێکی دروست کردبوو، (چرا) لەسەر نیمدەرەکە دانیشتو گوتی:

- وەرە دانیشە... چا لێ مەنێ... من ئیشم هەیە، دەمەوێ بڕۆم!

دایە گوتی:

- ماندووی... لێگەڕێ با چایەکت بۆ دەم بکەم.

(چرا) گوتی:

- سبەی سەرت لێ دەدەمەوە. ئێستە وەرە دانیشە!

دایە دەستە نوینێکی بڵند کردو لەبەر پشتی چرای دانا، گوتی:

- (سادق خان) دەیەوێ تۆ لەگەڵیا پێک بێیتەوە، بۆ ئەوەیەتی راتکێشێتەوە ناو دێ. ئەمانە وەکوو مار وان. ئەو هەرگیز خوێنی باب‌و برای خۆی لە بیر ناکا. هەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ پێوە دەدا. پێی هەڵنەخەڵەتێی، مەسڵەت لەسەر خوێنی باوکت نەکەی... ئەوانە دەستی خۆیان ببینن، پارچە پارچەت دەکەن... گورگ هەر ئەوەندە گورگە تا لە چیایە، ئەگەر دەستەمۆ ببێ هەزار ئاین‌و ئۆینی لێ دادەمەزرێنن‌و هەزار حیلە‌و حەواڵەی لێ دەکەن!

(چرا) چاوی بڕیبووە دەمی دایکی‌و هیچ قسەی نەدەکرد. دایە باسی شینایی بۆ کرد، باسی بزنەکەی بۆ کرد کە تازە زابوو، باسی خەڵکی بۆ کرد کە بە دزی هێلکە‌و گۆشت‌و رۆن‌و کەرەی بۆ دێنن، باسی ژنانی ئاوایی بۆ کرد کە بە بیانووی جۆراوجۆر دێنە لای‌و دڵی دەدەنەوە. باسی (مامەحەیدەر)ی کرد کە چووبووە شارو چەند مەتر قوماشی بۆ هێنابوو، باسی (رەشید)ی بۆ کرد کە وەکوو چاوەکانی خۆی خۆشی دەوێ. (چرا)ش

به کورتی بۆ دایەی باس کرد چۆن (کیتابعەلی) (ئاهوو)ی کوشتو چۆن کەوتە تەنگانەو ئەگەر (رەشید) نەیگەیشتایەو فیشەکی بۆ نەهێنایە، تێ چووبوو.

دایە، کە ئەم قسانەی بیست، گوتی:

- مەگەر (رەشید) جێگای تۆ بگرێتەوە... تا ئێستا بیست جار هاتۆتە لای منو قەت نەیگوتووە فیشەکی بۆ تۆ هێناوە... هیچ قسەی نەکردووە...

دەرگای ژوورەوە کرایەوەو (رەشید) بە پێ خاوسی بە ژووریٚ کەوت. خۆی بە باوەشی (چرا)دادا. (چرا) نێوچەوانی ماچ کردو گوتی:

- پاڵەوان چۆنی؟

(رەشید) پێکەنیو گوتی:

-هەموو خەڵك لە بەردەرگا کۆبوونەتەوە، دەیانەوێ تۆ ببینن... هاورێکەت لێ ناگەرێ کەس بێتە ژوورەوە. باوکم دوو رۆژە چۆتە (پایزاوە) سەرێك لە ماڵی مامم بدا. مامەم گوتویەتی تفەنگێکی بچووك بۆ رەشید پەیدا دەکەم.

(چرا) لە جێگای خۆی هەستایەوەو گوتی:

- دایە، با من بچمە دوو تاقیبی (کیتابعەلی)... لەمەودوا بە تەنیا جێت ناهێڵم. (رەشید) بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- (کیتابعەلی) هەر ئێستا سواری ئەسپە رەشەکەی بوو، بەرەو گەڵی تێی تەقاند.

(چرا) لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە، دەستی دایە تفەنگو بۆی دەرچوو. خۆی گەیاندە (ناوخاس). هیچ گوێی بەو خەڵکە نەدا کە لەوێ خڕ

ببوونەوەو دەیانەویست قسەی لەگەڵ بکەن. سواری (خۆش قەدەم) بوو. بە (ناوخاس)ی گوت:

- (کیتابعەلی) لە چنگمان دەرچوو، راکە تا درەنگ دانەهاتووە.

(ناوخاس)، بە تی چاو تەماشای چەند کچێکی گەنجی دەکردو ئەوانیش بە خۆشیو شادی سەیری ئەمیان دەکرد. ئەویش بە چاپووکی خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەیو سنگی دەرپەڕاندو تیلاکی خوارد کردو بە قونداغەی تفەنگ لە رەفیسکی ئەسپەکەی دا. خەڵکەکە دڕیان داو رێیان بۆ کردنەوەو سوارەکان لە گوند دەرچوون. کە گەیشتنە دەشتی هەراو، دیتیان سوارێك لە گردەکە ئاوا بوو. لەبەر چاو بزر بوو. (چرا) بە دەنگی بەرز گوتی:

- دەچێتە (پایزاوە)، لای ئەحمەدپاشا... ئەگەر خۆی بگەیەنێتە دێ، ئەستەمە دەستمان بە یەخەی بگا... سەد کرێکارو نۆکەری فەرمانبەردار لەسەر خوانی ئەحمەد پاشا دەلەڕێنو ئیش دەکەن. (ناوخاس) چوار ناڵە ئەسپی لنگ داو ئەسپ تۆزو گەردی لە ژێر سم هەڵدەستا، گوتی:

- لە ناو گەڵی بە گیری دێنین... زۆر لێمان دوور نییە.

(خۆش قەدەم) هەر دەتگوت باڵی دەرکردووە، ئەوەندە بە خێرایی غاری دەدا. ئەگەر دەستی بکەوتایە ناو قۆرتێكو بەربیایەوە، سوارەکەی هەپروون بە هەپروون دەبوو. سوارەکان، کاتێ لە دامێنی گردەکە پێچیان کردەوە، دیتیان (کیتابعەلی) شۆڕبووەوە ناو زارگەڵی. ئەو گەڵییەی لە پێشیان بوو، لە ڕاستیدا جەنگەڵێکی بچووك بوو. چەند جۆگایەك بە هاشەهاشو

خورەخـــورێکی ترســـناك بـــە نـــاو درەختانـــدا دەڕۆیشـــتن‌و لـــە رووبـــاری (گاوروود)یان دەکردەوە.

پیرە داربەڕووی ئەستوور، دارتوو، (کی کپ)و (ورم)و گولاّبی سـەریان لە کۆشی یەکدی نابوو.

جەنگەڵەکە لە هەندێ جێگا ئەوەندە تـەنگ‌و تاریـك بـوو، پیـاو کـە دەچووە ناوی ترس‌و سامی لێ دەنیشت. چەند بزنەڕێیەك بە ناو درەختانـدا دەڕۆیشت‌و دەچووە ئاوایی (پایزاوە). (پـایزاوە) لـە پشـت ئـەو جەنگەڵـە کـەوتبووە دامـێنی چـیایەك. سـوارەکان گەیشـتنە زارگـەڵێ. دابـەزین‌و راوەستان. (چرا) دەستێکی بە ملی (خۆش قەدەم) داهێنا، کە لـە ئارەقـە هەڵاتبوو، لەپڕ گوتی:

- (ناوخاس)، شـتێ هەیـە دەمـەوێ بیڵـێم، دەمـەوێ (کیتابعـەلی) نەکوژم!

(ناوخاس) بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردو پرسی:

چۆن؟ ... باش تێ نەگەیشتم!

(چرا) گوتی:

- بیگرم دەست‌و پێی دەبەستم‌و بە دارکـاری پشـتی هـەموو دەکەمـە برین. ئەوسا شەوو رۆژێك بە تینوێتی‌و برسێتی بە درەختێك هەڵیدەواسـم. پاشان دێم دەست و پێی دەکەمەوەو دەڵێم: برۆ... جارێکی دی پلان لە دژی (چرا) نەکێشی‌و تەڵەی لێ دانەنێیتەوە، هەی رێوی حیلەباز!!

(ناوخاس) گوتی:

- چۆنی بە چاکی دەزانی با وا بێ... ئەوەی مــن دەمــەوێ ئەوەیـە کـە هەمیشە لای تۆ بمێنمەوە، لای تۆ بم. لە مریشك دزین بێزار بووم. ئـابڕووم چوو. ئەمڕۆ کچەکان بە جۆرێ تەماشـایان دەکـردم، خۆشـم نـازانم چـەند خۆش بوو!!

هەر بزانە بەو نزیکانە ناوم بوو بە ویردی سەر زمـانی خـەڵكو دەڵـێن (ناوخاس)ی کوڕی جوامێر قاچاغ بووەو داویەتە کێو.

بە یەکەوە دەچین ماڵی ئاغایان تالان دەکەین.

هەر دوو سوار جلەوی ئەسپەکانیان گرتو بە ناو درەختاندا پێچـاوپێچ ڕۆیشتن، (چرا) گوتی:

- خۆیشی لە پەنا درەختان نەشاردبێتەوەو دەست بۆ تفەنگ ببا؟!

(ناوخاس) زەردەخەنەیەکی هاتیو گوتی:

- گومانم بۆ شتی وا ناچێ... زات ناکا شتی وا بکا... ئەو دەیـەوێ بـە هەر جۆرێ بێ پێش ڕۆژاوا خۆی بگەیەنێتە (پایزاوە). ئەحمەدپاشـا پـەنای دەدا.

سمۆرەیەك لەسەر چلی دار گوێزێکەوە بازی دایـە سـەر چـلی دارێکـی دیو بە چاوە زیتو جوانەکانی سەیری کردن. چۆلەکە جریوەجریویان بـوو. خۆر لە چڵەپۆپەی درەختانی دەدا. ئەسپەکان وەستانو لموزیان لە ناو ئاوی جۆگا نا. کە تێر ئاو بوون، کەوتنەوە ڕێ.

(چرا) پرسی:

- حەز ناکەی ببـی بە ساحێب ژنو مـنداڵ؟ ئێستا کاتی ژنهێنانتە!

(ناوخاس) گوتی:

- له (ستارەسوز) کچێ دڵی لێ سەندووم. ئەگەر رازی بێ من له چیا بمێنمەوە، دەیهێنم... حەفتەی یەك دووجار سەری لێ دەدەمو ئەوەی تریش بەم ئاواییو بەو ئاواییدا دەسوورێمەوە.

(چرا) پەنجەی بۆ بزنە رێی بەردەمیان درێژکردو گوتی:

- شوونمان بزر نەکردووە. لەوە ناکا زۆر لێمان دوورکەوتبێتەوە.

خەریك بوون له کۆتایی جەنگەڵەکە نزیك دەکەوتنەوە کە تەقەی گوللەیەك هاتو لەگەڵ تەقەکە (ناوخاس) قیژەیەکی وای لێ هەستا هەموو باڵندەی سەر دارەکان هەڵفڕین. (چرا) جڵەوی ئەسپەکەی بەرەڵا کردو خۆی بە عەردی دادا. (ناوخاس) گوللەی بەسەر دڵی کەوتبوو. ورگی خۆی گرتو پشتاو پشت گلۆربووەوە سەر تەڕاشە سەوزەکانی ناو جەنگەڵ. خوێنی له دەمی دەهاتو رەنگی شین هەڵگەڕابوو. پێچی دەخواردەوەو پەلی دەکوتا.

(کیتابعەلی) له پشت درەختە چڕەکانەوە دەنگی بەرزبووەوە:

- هۆ... کوڕی (کەرەم)...له جێی خۆت نەبزووی، دەتکوژم... جڵەوی ئەسپەکەت بگرەو برۆ دوو ئیشی خۆت... تفەگەکەیش لەوێ جێ بێڵە.

(چرا) لەبەر رقو قین رەش هەڵگەڕابوو. قەپی له لێوی گیرکردو متەقی لێوە نەهات. هەوڵی دا بزانێ (کیتابعەلی) خۆی له کوێ شاردۆتەوە. ئەسپەکان لەگەڵ دەنگی تەقە بزربوونو بە یەکەوە هەڵاتن بۆ لایەك. (ناوخاس) له دەنگو سەدا کەوتبوو، جووڵەیشی نەمابوو. خوێن له سنگییەوە دەهاتو گیای سوور دەکرد. (چرا) تەقەی له تفەنگەوە هێنا. گوللەیەك له تەنیشتی بە عەرز کەوتو گوللەیەکی تری بەدوادا

هـات، بـەڵام نـەیانپێکا. لـە پەسـتا دەنگـی (ناوخـاس)ی لـە گوێـدا دەزرنگایەوەو دڵی پڕ ژان دەکرد: (دەمەوێ هەمیشە لای تۆ بمێنمـەوە، لای تۆ بم. لە مریشك دزین بێزاربووم).

لە دڵی خۆیدا گوتی: (چ جەوابی (جەیران) بدەمەوە؟ چ بـە (جـەیران بڵێم)؟ ناڵێ لەوێ چت دەکرد؟ ئەی خودایە... ئەی خودایە... (کیتابعەلی) لە دەستم دەرنەچێ... یا ئەبوولفەزل. یا ئیمـام رەزا... تـازە رووم نایـە پـێ باوێمە ماڵیان...).

(چرا) چووە پەنا قەدی دارگوێزێك. جیزەی گوللەیەك هاتو لە شوێنێ تفری درەختەکەی هەڵدا. (چرا) جێی خۆی گواسـتەوەو بـە پەشـۆکاویو پشت کۆماوی چوو خۆی لە پەنا تەڕاشێك شاردەوەو لـە پشـت گابـەردێك دامەزرا. دڵی لێی دەداو لە رکان لێوی خۆی دەگەست. فیشەکی خستە بەر تفەنگەکەیو گوللەیەکی تری هاویشتو سەنگەری گواسـتەوە شـوێنێکی تر. هەر گوللەیەکی دەهاویشت، دەسـتبەجێ شـوێنی خـۆی دەگـۆڕی. لای (کیتابعەلی)ش تەقە نەدەوەستا. (چرا) نەیـدەزانی غـەنیمەکـەی ئەوەنـدە زیرەكو بە ئەزموونە. باڵندە لە جریوەجریو کـەوتبوونو بـە خێرایـی بـەو ناوەدا تێدەپەڕین. (چرا) تەقەی راگرت. دەیزانی ئەگەر تا سـبەینێش، بـێ ئامانج تەقە بکا، هیچ ئەنجامی نابێ.

(چرا) دوای نیو سەعات چـاوەڕوانیو هەراسـانی، لـە حەشـارگەکەی هاتە دەرەوە. قیڕوسیای لێ کردو قیت قیت ڕۆیشت. خۆر رەنگی چووبووەوەو زەردەپەڕ چڵەپۆپەی درەختانی نارنجی کردبوو. بە وریایی چـەند هـەنگاوێك ڕۆیشتو گەیشتە چـۆڵایی پشـت جەنگەڵەکـەو (کیتابعـەلی) بـینی بە

سواری ئەسپەکەی بە چیا هەڵدەگەڕا. (چرا) قۆنداغەی تفەنگی لە شانی گیرکردو کە پەنجەی لە پەلاپیتکە بزاوت، ئەسپ سوارەکە لە پەنا تیشە شاخێکی بەرز بزربوو. (چرا) زانی بە پێ ناگاتە (کیتابعەلی). گەڕایەوەو بە غارەغار کەوتە سۆراغی ئەسپەکەی. (خۆش قەدەم) لە لایەکەوە لەگەڵ ئەسپی هاورێ ناکامەکەی بە یەکەوە دەلەوەڕان. جڵەوی ئەسپەکەی گرتو کە گەیشتە نزیك تەرمەکە داهاتەوەو تەرمی (ناوخاس)ی لەسەر دەست بڵند کرد، بردی، لە بن گابەردێ شاردییەوەو بە گیاوگۆڵی جەنگەڵ دایپۆشیو لەبەر چاو بزری کرد. چەند گابەردێکی هێناو لەسەر گیاوگۆڵەکەی دانا بۆ ئەوەی مەیتەکە نەبێ بە خۆراکی جانەوەران تا دەرفەتێك وەردەگرێ بۆ ئەوەی مەیتەکە بباتەوەو تەسلیمی دایكو باوکی بکاتەوە. تفەنگی (ناوخاس)ی لە زینی (خۆش قەدەم) بەستو کە لە جەنگەلەکە هاتە دەرەوە، سواری ئەسپەکەی بوو، ئاوزەنگی لێدا. ئەسپەکەی غاری داو لە دامێنی گردێکی نزمەوە باڵای چیا بوو. ئەسپی (ناوخاس)یش بە دوویدا رایدەکردو ناو بەناو دەیحیلاند.

شەو باڵی بەسەر دەشتو کێودا کێشابوو. مانگ بە دەرەوە نەبوو. (چرا) ناچار بوو غاری ئەسپەکەی کەم کاتەوە. کە گەیشتە سەر بڵندابیەك تروسکەی چرای (پایزاوە)ی لێ دەرکەوت. ئەسپەکە هەڵبەزیو بەرەو دێ نشێوبووەوە. (چرا) رقێکی وای لە دڵدا دەجۆشا، ئەگەر هەڵبچووبایەو دەربوایە، بەرزەفت نەدەبوو، یەك گوندی لە ئاگرو خوێن هەڵدەکێشا. وەکوو شێرێکی برینداری پێکراو دەینەڕاندو جوێنی دەدا.

بە کەم‌و پەست‌و نەشیاو باسی خۆی دەکردو ئاوزەنگی توندی لە ئەسپەکەی دەدا. ئەسپەکەیش بە هەموو هێزی خۆیەوە بەرەو دێ رایدەکرد. لالغاوەی هەموو کەفی دەردابوو.

***

(١٠)

(كيتابعەلی) دەستی ئەحمەد پاشای ماچ کردو چوو لە قوژبنێك دەستەوئەژنۆ دانیشت. ئەحمەدپاشا زەردەیەکی هاتێ و گوتی:

- رەنگت پەڕیوە، دەڵێی لە مەیدانی شەڕ هاتوویتەوە!

(کیتابعەلی) گوتی:

- قوربان، (سادق خان) ئەم ئێوارەیە رەوانەی کردووم پێتان رابگەیەنم ئەگەر بکرێ سبەی شەو تەشریفتان بچێ بۆ (ستارەسوز). وا دیارە دەیەوێ لە بارەی (چرا)وە قسەتان لەگەڵ بکا. خەریك بووم لەگەڵی رەت دەبووم، (چرا)م بینی، خۆم لە پەنا درەختێك شاردەوە. (چرا) کەوتبووە دوو رێبوارێك. رێبوارەکە دەیەویست خۆی لە جێگایەك بشارێتەوە، بەڵام ئەو نامەردە تفەنگی لێ راگرتو جێی پێ کردە ئەو جێ. نازانی کابرا چ بەژنو باڵایەکی هەبوو؟!

ئەحمەدپاشا پرسی:

- لە پیاوەکانی خۆمان بوو؟

- نەخێر قوربان، نەمناسی. منیش ترسامو سواری ئەسپەکەم بوومو بە غار بەرەو دێ هاتم. خەریك بووم بە سەر چیا دەکەوتم چەند گوللەیەکی بە منیشەوە نا. خوا کردی گوللەکان لە دەوروبەرم بە زەوی کەوتن. ئەگەر نەختێ درەنگتر بجوولابام کونکونی دەکردم. هەر بزانە گەیشتە ئێرە.

قاسم، گەنجێکی باڵابەرزو ئەسمەر بوو، شوێنی سووتانی بە نێوچەوانەوە بوو، بە دەنگێکی پڕ رق و کینە گوتی:

- ئەگەر تا زووە لە ناوی نەبەن، ئاگر لە هەموو دێهاتەکان بەر دەدا. خەڵك دەڵێن پێش چەند ڕۆژێ، لە گوندێك، بە تۆبزی دەستدرێژی کردۆتە سەر کچی تاقانەی پیرەمێردێك.

(فەتح ئیلا)، کە دوو برۆی پڕو پەیوەستی هەبوو، بە دەنگێکی گڕ گوتی:

-گوایە دەیەوێ زەوی بەسەر خەڵکدا دابەش بکا...

ئەحمەدپاشا جگەرەیەکی پێچراوی داگیرساندو بە ئاوازێکی کەرخ گوتی:

- قسەی ئەم (چرا)یە بۆنی کفری لێ دێ: زەوی دەبێ دابەش بکرێ!؟ هە!! تا ئێستا هیچ پێغەمبەرێك قسەی وای نەکردووە... لەوەتی دونیا دونیایە، زەوی هەر موڵکی ئاغا بووە. (چرا) خەریکە لە دین دەردەچێ. دەبێ تا زووە ڕەگو ڕیشەی لە زەوی دەربکێشن، خواش پێی خۆشە!

(کیتابعەلی) گوتی:

- دەبێ ئێستا گەیشتبێتە ئاوایی. ئەمشەو هەر دەمکوژێ!

ئەحمەد پاشا بە تووڕەیی گوتی:

- تۆ بە جۆرێکی وا قسە دەکەی وەك ئەوەی من داوەڵی سەر جۆخین بم! ئەو فیتنەی بەرپا بووە هەمووی لە بن سەری (سادق خان)ە. (سادق خان)، ئەگەر بەقەدەر دنکە جۆیەك غیرەتی هەبایە، رۆژی یەکەم دەستگیری دەکردو یەك سەماوەر ئاوی کوڵاوی لە گوێی دەکردو تەرمەکەی وەکوو سەگ فڕێ دەدایە بەر چاوی خەڵك.

(ئەحمەدپاشا) رەنگی سوور هەڵگەڕابوو، بە (قاسم)ی نۆکەری گوت:

- یاللە هەستە، سێ چوار کەس لەگەڵ خۆت ببە، بە هەر جۆرێ بێ دەبێ تا چەند سەعاتی دیکە بە زیندوویی، یان بە مردوویی تەسلیمی بکەی. قاسم قیت بووەوەو گوتی:

- قوربان، (چرا) مەگەر بە فیڵ بگیرێ! پیلانێکم بۆ دارشتووە، هەرێت دەدەمێ ئەمشەو بە دەستو پێ بەسراوی تەسلیمت دەکەم.

- ئەگەر بە زیندوویی دەستگیری بکەی، موڵکی (سیاتەپە)ت پێشکەش دەکەم. دەمەوێ لە (سادق خان) بگەیەنم کە بە کەڵکی هیچ کارێك نایەت. بیستوومە (سادق) پاش ملە گوتوویەتی ئەحمەدپاشا بە سەر رەعیەتەکانی راناگاتو ئەوەندەی تریاك کێشاوە لە مشك ترسنۆکتر بووە. ئەم رسواییە (سادق خان) ناویەتەوە، هەر بزانە لەو رۆژانە خەڵکی لێی هەڵگەڕانەوەو بە سووكو سانایی لە دێ وەدەریان نا... پاشانیش نۆرەی من دێ.

(قاسم)و (فەتح ئیلا) چوونە دەرەوە بۆ ناو حەوشەی گەورە. (قاسم) (فەتح ئیلا)ی بردە قوژبنێك. بە وردی چاوی لە دەوروبەری خۆی گێڕاو بە دەنگێکی هێدیو لەسەرەخۆ گوتی:

- ئێمە ئەگەر سەد نەفەریش بین، لە خۆبەکوشتدان زیاتر هیچمان لە دەست نایە. من پیلانێکی دروستو باشم داناوە. تا من دەچم فیتە بە دەورێك بە ناو دێدا دەکەم، تۆ بڕۆ سێ چوار پیاوی جێ بڕوا لەگەڵ خۆت ببەو تفەنگ بە دەست لە ناو تەویلەی (خان) ئێشك بگرن. پەتیشتان لە بیر نەچێ. هەر دەرگای تەویلە کرایەوە، من دێمە ژوورەوەو (چرا)یش بە دوومدا دێ. سێ چوار کەستان بکەونە سەریو دەستو پێی ببەستن. ئەگەر پیلانەکەیشم سەری نەگرت. دێم ئاگادارتان دەکەمەوە.

(قاسم)و (فەتح ئیلا) دەروازەی گەورەی قەڵایان کردەوەو هەر یەکە خۆی خزاندە ناو جەرگەی کۆڵانێکەوە. (قاسم) بە سیمایەکی نووقمی بیرکردنەوەی قووڵ، رووی کردە گۆڕەپانی دێ. لە بن داربییەك راوەستاو چاوەڕێی کرد.

پیاوێکی کەڵەگەتی تفەنگ بە دەست لە پەنا دیوارانەوە سەری لەم لاولەولا هەڵدەکێشا. (قاسم) پیاوەکەی ناسیو لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوە. (قاسم) وای پیشان دا لەو ناوە خەریکی دەست بە ئاوگەیاندن بووەو خۆی بە گرێدانەوەی دۆخینی شەلواری خەریك کرد. هەروا بە سەردانەواندنەوە بەسەر جۆگایەکدا بازی دا، لە بنەوەش تەماشای کابرای دەکردو بێ ئەوەی گوێی پێ بدا، دەڕۆیشت.

کابرا خۆی لەبەر دەروازەیەك شاردەوەو کە (قاسم) ویستی بە تەنیشت دەروازەکەدا تێپەڕێ، لە شوێنی خۆی دەرپەڕییە دەرێ. دەمی (قاسم)ی گرتو لوولەی تفەنگی لەسەر پاشەڵی داناو گوتی:

- من (چرا)م، مەترسە. چەند پرسیارێکت لێ دەکەم و بۆ خۆت دەڕۆی. ئەگەر درۆ بکەی هەر لێرە دەتکوژم.

کە (چرا) دەستی لەسەر دەمی (قاسم) هەڵگرت، (قاسم) چەمایەوە بۆ ئەوەی پێی ماچ بکا. (چرا) لێ نەگەڕاو گوتی:

- خۆ لە نۆکەرەکانی ئاغا نیت؟!

قاسم گوتی:

- نەخێر، شوانم. ئەگەر پارووە نانێک دەخۆم ئەوە سەدەقەی سەری خەڵکەکەیە. سەردەمێ نۆکەر بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاغا نیازی لەگەڵ ژن و منداڵم باش نەبوو، قەڵاتم بەجێهێشت.

(چرا) پرسی؟

- کابرایەك هەیە بە ناوی (کیتابعەلی) ئەمشەو پەنای بۆ ئێرە هێناوە، نازانی چۆتە کوێ؟

(قاسم) بە دەنگێکی نۆکەرانە گوتی:

- با...با... چۆتە قەڵا... خۆی لە ناو تەویلە شاردۆتەوە، بەڵام نەچییە سەری، خەتەرە. چەکدارەکانی خان رەحمت پێ ناکەن... ئەگەر بە گوێی من دەکەی بڕۆ سێ چوار گەنجی وەکوو خۆت بێنە، ئینجا وەرەوە.

(چرا) گوتی:

- خاترجەم بە، یان دەیکوژم، یان دەکوژرێم. ترس و لەرزی پێ ناوێ.

قاسم گوتی:

-من دەڵێم باش نییە بە تەنێ بچی. ئێستایش مادام هەر سووری، من لەگەڵت دێم. بە ڕێگایەکی وادا دەتبەمە ناو تەوێلە کەس نەزانێ... لەوانەیە تەویلە یەك دوو ئێشکگری لێ بێ.

(چرا) پرسی:

- تەویلەی (خان) لە کوێیە؟ زۆر لەمێژە نەهاتوومەتە (پایزاوە).

قاسم گوتی:

- لە پشت ئاوایی، لە تەنیشت ئاشە کۆنەکەیە. دووکەسی چرا بە دەست بە نزیکیاندا تێپەڕین، قسەیان پێ بڕین‌و چوون لە دەرگایەکیان داو دوای نەختێ چوونە ژوورەوە.

(چرا) گوتی:

- پێش کەوە، من بەدواتەوەم.

قاسم گوتی:

- ئەحمەدپاشا یەکێکە لەو سەگبابانە. خوێنی ئەم خەڵکەی مژیوەو لە ناو شووشەی کردووە. ئەگەر کرا زەبرێکی کوشندە لە ئاغایش بدە. زوڵم لە خەڵك مەکە.

(چرا) بە دڵنیایی گوتی:

- بە خزمەتی دەگەم. با شەڕی (کیتابعەلی) لە کۆڵ بکەمەوە، دڵی پڕخوێن کردووم. لەبەر ئەوەدام، لە هەر گوندێ چەند کوڕێکی باش پەیدا بکەم‌و لە دژی ئاغا ڕاستیان بکەمەوە. ئەو خەڵکە تاکەی لە ژێر زوڵم‌و زۆرداریيدا بن؟! بەخوا ژیانی مەڕ لە ژیانی ئەم خەڵکە باشترە.

(قاسم) پێچێکی کردەوە بۆ کۆڵانێکی دیکەو گوتی:

- ئەگەر رازی بی من لەگەڵت دێم. ئەسپم نییە، بەڵام تفەنگێکی رووسیم هەیە، تەقەتەقێك دەکا.

(چرا) گوتی:

- ئەگەر بکرێ دوو سێ کەسی تریش بە گەڵ خۆت بدەی باشە. بە تەنیایی هیچ ناکرێ. هەر دیتت لەپڕ داوەرانە سەر پیاوو غەفلگیریان کرد. ئەگەر یاریکارێك هەبێ، ئەگەر یەکێ هەبێ جێگەی پیاو بگرێتەوە، مردن زۆر خۆشە، مردن ترسی تێدا نییە. من هاوڕێیەکم هەبوو ناوی (ناوخاس) بوو. ئەو (کیتابعەلی)یە نامەردە کوشتی. تەرمەکەی لە ناو جەنگەڵ بەجێما. نازانی کوڕێکی چەند باش بوو!!

(قاسم) لە بن دیوارێکی نزم راوەستاو گوتی:

- ئەمە دیواری تەویلەکەیە.

(چرا)و (قاسم) بە سەر دیوارەکە کەوتن‌و بە کووڕەکووڕ بانی تەویلەیان بڕی‌و بە نەردەوانێکی داری درێژدا چوونە خوارەوە. ژنێك بە فانۆسێکەوە بە حەوشەدا تێپەڕی‌و چووە ژوورەوە. ئەوان وردە وردە لە دەرگای داری تەویلە نزیك کەوتنەوە. (قاسم) دەرگای پاڵ داو چووە ژوورەوە. (چرا) ناوقەدی تفەنگەکەی گرت‌و دوابەدوای ئەو پێی هاویشتە ناو تەویلە. تەویلە تاریك بوو. فانۆسێکی کز لە بنەبانێ دەسووتا. هەندێ ئەسپ پاڵیان دابووەوەو هەندێکی تر سەریان لە ناو ئاخوڕ نابوو.

(چرا) یەك شەقاو ڕۆیشت، لەناکاو هەستی کرد شتێکی قورسی بە پشتی سەری کەوت. چاوی تاریك داهات‌و چۆکی لەرزی‌و کووڕ بووەوە. زەبرێکی تری بە زەندەی کەوت. پەنجەکانی شل بوون‌و تفەنگی لە دەست

پەڕی. هەستی کرد گەرمایی خوێن گەیشتە پشتە ملی. دووکەس پەلاماریان داو لە عەرزیان داو بە چاوترووکانێك دەستو پێیان بەست. هەر قونداغە تفەنگ بوو بەرزدەبووەوەو بە لەشی دەکەوت. پێلەقەیەکی توندیان لە سکی دا. بووڕایەوەو هاواری لە گەروو عاسی بوو.

❊❊❊

(١١)

(مامه حەیدەر) سەلکی قەنەکەی پاك کردەوەو لە تەنیشت خۆی داینا‌و بە (میرزا لوتف ئیلا)ی برای گوت:

- بەڵێ... (چرا) بە تەنێ دەرناب‌ا. چ زوو چ درەنگ لە ناوی دەبەن. مەگەر بگاتە ئەو قەناعەتە کە بە تەنێ هیچی پێ ناکرێ‌و تاقمێکی قاچاغی وەکوو خۆی پەروەردە بکا؟! چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێ.

میرزا گوتی:

دەڵێن ئەمشەو هاتۆتە (پایزاوە). ئەحمەد پاشا لە ماڵی زەنگوڵەدار خراپترە. نۆکەرێکی هەیە بە ناوی (قاسم)، بێ ناموسێکە تاکی نییە. رۆژ نییە ژەهری خۆی بە یەکێ نەرێژێ.

(گوڵنیسا) بە کەوچکێکی دار چێشتی ترخێنەی تێك دەدا، گوتی:

- (چرا) ببێ بە گورگی بیابانیش لە دەست (قوربان)و (ئەحمەدپاشا) دەربازی نابێ. ئەوانە ماریان خواردووەو بوونەتە ئەژدەها.

(مامەحەیدەر) گوتی:

- یەك ئاماژەی بچووك بكا، لە هەر گوندێ سەد كەس قیت دەبێتەوە.

(گوڵنیسا) گوتی:

- كاسەلێس‌و كلك لەقێنیش زۆرن. هەموو كەس جێی بڕوا نییە. ئەم نیشانە گاڵتە نین، مایەی مان‌و ژیانن!

(مامە حەیدەر) رووی گرژبوو، گوتی:

- كام ژیان؟ ئەمەیش بوو بە ژیان؟ جانەوەری بیابان وەزعیان لە ئێمە باشترە. هەر كەس هات‌و زوڵمی لێ كردین، لێی داین، تاڵانی كردین‌و ئێمەیش سەرمان شۆڕ كرد. من دڵم بە (ڕەشید) دەسووتێ.

لەو رۆژە دەترسم كە كوڕەكەشم ژیانی وەكوو ژیانی ئێمە وابێ. رۆژگار دەگۆڕێ، بەڵام دیار نییە بە قازانجی كێ دەگەڕێ؟ كەس نازانێ! ئەگەر نا ئێمە تەمەنی خۆمان بەسەر بردووە.

(میرزا لوتف ئیلا) گوتی:

- باوەڕناكەم نەوەكانمان ژیانیان باش ببێ. ئەوە هەزار ساڵە دونیا یەك ڕێچكەی گرتووەو هەر بەو ڕێچكەیەدا دەڕوا.

(مامەحەیدەر) پرسی:

- ئەدی (زێڕین تاج) كوا؟ نایبینم؟

(گوڵنیسا) گوتی:

- كارەكەری ماڵی ئاغایە. ئەمشەو درەنگی بەسەردا هات. هەر ئێستا سەروسەكووتی بەدەر دەكەوێ. چەند داخوازیكەرێكی لێرەو لەوێ هاتووە، بەڵام دڵی كەسی نەگرتووە.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- گوناحە کچ درەنگ بچێتە ماڵە مێردی.

(مێرزا لوتف ئیلا) پێکەنی و گوتی:

- لە ترسی شیربایی کەس ناوێرێ سەیری دەوروبەری خۆی بکا.

دەرگای داری ژوورەوە بە تەقوتۆق کرایەوەو (زێڕین تاج) هاتە ژوورەوەو سەلامی کرد. (مامە حەیدەر) گوتی:

- سەلام... سەلام... ماشەڵڵا چ بەژنو باڵایەکی پەیداکردووە!

(زێڕین تاج) روومەتی سوور هەڵگەڕاو چوو لە کوژییەك دانیشت.

رووی کردە دایکیو گوتی:

- دایە، (چرا)یان گرتووە. ئەوەندەیان لێداوە هەموو لەشی بۆتە خوێن.

(مامە حەیدەر) سنگی هەڵکێشاو بە نەباوەڕی پرسی:

- کچێ، ئەوە تۆ چ دەڵێی... چ دەڵێی ها!؟ کەی (چرا)یان گرت؟ نەخێر، ئەوە (چرا) نەبووە، تۆ غەڵەتی!

(زێڕین تاج) گوتی:

(قاسم) سێ چوار کەس لە ناو تەویلە دەشارێتەوە. نازانم بە چ جۆرێ، دەچی (چرا) دێنێتە ناو تەویلە. بە سێ چوار کەسان دادەورنە سەریو دەستو پێی دەبەستن. ئەوەندەیان بە پێلەقەو قۆنداغە تفەنگ لە لەشی داوە، سەراپای گیانی ئاوساوەو شینو مۆر هەڵگەڕاوە. یەك سەعات بێ هۆش بوو. ئاغا فەرمانی دا ئاوی لە دەمو چاوی بڕشێننو بیهێننە سەرخۆی.

که چاوی بووەوە، ئاغا بە خۆو بە (کیتابعـەلی) بـە پێلەقـە کەوتنـە گیانی. ئەوەندەیان لە سپیلکی پێو پەراسووەکانی دا هەر مەپرسـە. مـن خۆم لە پشت نۆکەرەکان شاردبووەوە.

(مامە حەیدەر) بە دەستی لەرزۆك قەننەکەی داگرتو گوتی:

- ئێستا لە کوێیە؟ ماوە، یان مردووە؟

(زێڕین تاج) گوتی:

- مـاوە! دەسـتو پێیـان بەسـتووەو بەپـەت بـە سـاپتیەی تەویلـەوە هەڵیانواسیوە. خوێنی لە زاری دێ، بەڵام چۆن؟! دووکەسـیش بـە تفـەنگ پاسەوانی تەویلە دەکەن. بڕیار وایە سبەی بـەیانی ئاغـا براکـانی بـانگ بکاو لەبەردەم خەڵك چاوەکانی دەربێنێو پاشانیش ئاوی کوڵاوی لە گەروو بکا. ئاغا لە ژوورەکەیدا، کردوویـە بـە ئاهـەنگ! (ئەحمـەد لـوتی) دەف لێدەدا. ناردوویەتی یەك قەڕابە شەرابیان لە کۆگـا هێنـاوە. بـە خـۆو بـە (کیتابعەلی)و نۆکەرەکانی هەر دەخۆنەوەو گۆرانی دەڵێن.

(مامە حەیدەر) قومێکی لە قەننەکە داو بە دەنگێکی نزم گوتی:

- خوا نەکا (چرا) بمرێ... یا ئیمام رەزا، مەڕێکت نەزر بێ!

دایە (گوڵنیسا) مەنجەڵی چێشتی ترخێنەی لەسەر ئاگر داگرتبوو. بـە بێ دەنگی دەگریا. (مامە حەیدەر) بە تووڕەیی بە دایەی گوت:

- ئەتو ئەو خودایە دڵمـان تـەنگ مەکـە. لێگـەڕێ بـا بیرێکـی لـێ بکەینەوە.

(مامە حەیدەر) دوای نەختێ بیرکردنەوە، دووبارە قەننەکەی داگرتەوەو دایگیرساندو بە برای گوت:

- بە هەر جۆرێ بێ دەبێ ئەمشەو (چرا) بدزینەوە!

(میرزا لوتف ئیلا) بە زاری نیوەبەش‌و بە مەندەهۆشی پرسی:

- ئەوە تۆ شێت بووی؟! مەگەر خوا (چرا) دەرباز بکا!؟

(مامە) گوتی:

- بیرێکم بە مێشکدا هاتووە.

(میرزا لوتف ئیلا)، بە پەستی‌و تووڕەیی، هاواری کرد:

- ئاخر هیچ رێی تێ ناچێ... ببین بە سیمرغییش ناتوانین (چرا) رزگار بکەین.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- ئەو دووکەسەی لەبەر دەرگای تەویلە ئێشکگرن، ئەگەر یەک لەشکریشیان بە سەر وەر بێ، هەر بەرگری دەکەن، چونکە ئەگەر (چرا)یان لە دەست دەربچێ، ئاغا یەکەو گوللەیان لە مێشکی سەری دەدا.

(زێڕین تاج) گوتی:

- یەکیان ناوی (جەعفەر)ەو ئەوی دیکەش (باقر)ە.

(میرزا لوتف ئیلا) گوتی:

- ئەگەر دەزانی ئەقڵت پێ دەشکێ، بڵێ، منیش یارمەتیت دەدەم.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- دەمەوێ شتێ بکەم: یان دەیگرێ‌و (چرا) دەرباز دەبێ، یان نایگرێ‌و خۆم بە کوشتن دەدەم. دەڵێم: قوماشێکی سەوز وەکوو مەندیل لەسەر دەبەستم، وەکوو هیندیانیش قوماشێکی سپی دەپۆشم‌و دەست بە شمشێر

هەڵدەكوتمە سەر (جەعفەر)و (باقر)، بەڵام نە شمیشێر هەیەو نە قوماشی سپی‌و نە مەندیل.

(میرزا لوتف ئیلا) بە دەنگێكی بەرز پێكەنی‌و گوتی:

- ئەم شتانە پەیدا دەبن، بەڵام دەترسم بتدەنە بەر تفەنگانو بتكەنە سەرەدو بێژنگ.

(زێڕین تاج) پێكەنینێكی ناسكی كەوتە سەرلێوو گوتی:

- بەخوا ئەگەر بەو جۆرە بچێتە ناو كۆڕەكەیان، هەموو لە ترسان دەتۆقن.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- باشە، مادام وایە بۆ وەستاوی؟ بڕۆ شمشیرێكو چەند مەتر قوماشی سپی پەیدا كە.

دایە (گوڵنیسا) گوتی:

- قوماشی سەوز، خۆمان هەمانە. شمشیریش دەتوانین لەماڵی (مامە رەجەب) وەریبگرین. شمشیرێكی هەیە هی سەد ساڵ پێش ئێستایە. لە بەردی دەی شەقی دەكا.

(میرزا لوتف ئیلا) بە خۆشحاڵی گوتی:

- ماڵی (سولتان موراد) چەند مەتر كفنیان بۆ دایەیان كڕی، لە خوا بەزیاد بێ، دایەیان نەمردو كفنەكە وەكوو خۆی مایەوە.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- ئەگەر غەڵەت نەبم (چرا) ئەسپەکەی لە ناو چنارستانی خوار ئاوایی شاردۆتەوە. برۆ کفن و شمشێرەکە بێنەو پاشان تاقیبێکی ئەسپەکە بکە.

(میرزا لوتف ئیلا) گوتی:

باش نییە بە تەنێ بچیتە تاقیبی (چرا). من لە دواوە چاوەدێریت دەکەم. ئەگەر (جەعفەر)و (باقر) ویستیان تەقە بکەن، بەو کەچە تفەنگەی هەمە، مێشکیان دەپژێنم. (سەبز عەلی)ی کوڕی (سوڵتان موراد) لە بوێری و پیاوەتیدا، لە (پایزاوە) تاکی نییە، پێی دەڵێم (چرا) گیراوە، بچێ، دوورو نزیکی ئاوایی، چاوی لە ئەسپەکەی بێ.

دایە گوتی:

- پاروە نانێك بخۆن، شێوتان نەخواردووە!

(مامە حەیدەر) گوتی:

- میوەی بەهەشتیش بێ لە گەروم ناچێتە خوارێ... (چرا) لە تەنگانەدایە.

(میرزا لوتف ئیلا) لە جێگای خۆی هەستا، دەرگای کردەوەو چووە دەرەوە.

نیو سەعاتی نەبرد، هاتەوە ژوورێ. شمشێرێکی بە دەستەوە بوو. پارچە قوماشێکی سپیشی بە دەستەکەی ترەوە بوو. لە پێش برای داینا و گوتی:

- خەڵك تێگەیشتووە (چرا) گیراوە. هەموو تازیەیانە. چەند گەنجێك ئامادەن تا دوا تنۆك لەگەڵ (چرا) بن، بەڵام کۆنە خەنجەرێکیشیان نییە.

(مامە حەیدەر) بە دایەی گوت:

- بۆچی وەستاوی؟ بڕۆ قوماشە سەوزەکە بێنە. ئەگەر خوا حەز بکا پێش ڕۆژهەڵات دەبێ لە ناو جەنگەڵ بین.

دایە چووە لابیانەی بنەبانێ. (مامە)و براکەی کفنەکەیان بڕی و بە دەزووی سپی درووییان. مامە کفنەکەی لەبەر کرد. ئەو قوماشە سەوزەی دایە هێنای، لەسەری خۆی بەست و چمکێکی لە دەم و چاوی پێچا. شمشێرەکەی بەدەستەوە گرت و بە برای گوت:

- ئەگەر تەقەیان کرد، ڕەحمیان پێ نەکەی!

(زێرین تاج) گوتی:

- ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیبایە ئەمە (مامە حەیدەر)ە، لە ترسان هەناوم بەردەبووەوە.

دایە (گوڵنیسا) قاقاپێکەنی و گوتی:

- هەر دەڵێی مردووە و لە گۆڕ ڕاستبۆتەوە!

(میرزا لوتف ئیلا) گوتی:

- دڵی شێری دەوێ پیاو سەیری بکا... دەڵێی عزرائیلە!

(مامە حەیدەر) شمشێرەکەی باداو گوتی:

- تا درەنگ دانەهاتووە، با بڕۆین!

(میرزا لوتف ئیلا) چووە لابیانەی بنەبانێ و دەستی دایە تفەنگەکەی. هەردووکیان لە ناو جەرگەی تاریکیدا خۆیان بە ناو کۆڵانێدا کرد.ماڵەکان چرایان نەدەسووتا، هەورێکی ڕەش و تاری سکی لە عەردی نابوو. بایەکی توندی دەهات و تۆزی لە کۆڵانان هەڵدەستاند. (مامە حەیدەر) بە بەژن قیتی و شمشێر بەدەست لە تەک دیواری تەویلە ڕاوەستا.

به یەك تەكان بە سەر دیوارەكە كەوت‌و خۆی گەیاندە سەربان. (مـیرزا لوتف ئیلا)یش لە دوای ئەوەوە بـە سـەركەوت. هـەردووكیان خۆیـان لـە قوژبنێك شاردەوە. حەوشە هاتوچـۆی تێـدا نـەبوو. دەنگـی دەفلێـدان لـە نهۆمی دووەمی قەلاوە دەهات.

سەگ لەو ناوە نەبوون. (جەعفەر)و (بـاقر) تفەنگـەكانیان بـە دیـوار هەڵپەساردبوو. خەوەكوتكەیان دەبرد. (مامە حەیدەر) لە نەردەوانە چـووە خـوارێ. كـە پێـی گەیشـتە سـەر زەوی، یەكـەو راسـت رووی كـردە لای پاسەوانەكان. بن پێی پەینی نەرم بوو، دەنگی نەدەهات.

(جەعفەر)و (باقر) بە ئارامی هەناسەیان دەدا. (مامەحەیـدەر) هـەر بۆ دڵنیایی تفەنگی یەكێكیانی هەڵگرت‌و چەند هەنگاوێ لەولاوە دایـنـا. ئینجا نووكی شمشێری لەسەر سینگی (جەعفەر) داناو گوتی:

- هەستە، هەی حەیوان!... هەستە، هەی مەلعوون!...

(جەعفـەر)و (بـاقر) بـە تونـدی راچـڵەكین. (جەعفـەر)، كـە دیـتی زەلامێكی سپی پۆشی لەسەر سەر وەستاوە، هاواری كرد:

- یا ئیمام رەزا... هاوارە!

یەكسەر بوورایەوەو سەری بە دیواری تەویلە كەوت. (باقر) بـە زمـان لەنگی هاواری كرد:

- یا ئەبولفەزل... یا محەمەدی خوا... تۆبە... تۆبە...!!

(مامە حەیدەر) بە دەنگێكی گڕو توند گوتی:

- ئەگەر دەتەوێ تۆبەت قبووڵ بێ‌و گرفتاری لەعنـەتی خـوا نـەبی، هەستە بڕۆ ئەو پەتـە لـە (چـرا) بكـەوە، ئـازادی بكـەو بیهێنـە دەرەوە.

بەیانیش دوومەڕی سپی سەر دەبڕیو گۆشتەکەی بەسەر هەژاراندا دەبەشیتەوە. حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بەڕۆژوو دەبی. لە نانی وشکو تەنیا ئاو بەولاوە هیچی تر ناخۆی.

(مامە حەیدەر) بە ئەمرو هەڕەشە، شمشیری لەسەر سەری (باقر) باداو گوتی:

- هەستە هەی گلاو... هەستە (چرا) ئازاد کە.

(باقر) بەپەلە قیت بووەوە. هەموو گیانی دەلەرزیو سەری دەلەقاو لە ژێر لێوانەوە دوعای دەکرد. ناوی خودای لێ هێناو دەرگای کردەوە. لە پڕ چۆکی لەرزیو هاوارێکی لە قولایی قوڕگی هاتە دەریو لەبەر دەرگا لەپەو ڕوو بە دەمدا کەوت.

(مامە حەیدەر) چووە ناو تەویلە. (چرا) بە چەند پەتێکەوە سەرەوژێر هەڵواسرابوو. هاواری دەکرد. گوتی:

- (چرا)... (چرا)... من (باباحەیدەر)م... مەترسە... لەپی دەستەکانت بۆ زەوی درێژ کەو وریا بە کە پەتەکانم بڕی، دەمو چاوت بە زەوی نەکەوێ.

(مامە) بە شمشێر پەتەکانی بڕیو یارمەتی (چرا)ی دا بۆ ئەوەی هەستێتەوە. (چرا) بە زەحمەت دەڕۆیشتو دەیناڵاند.

لە دەرگای تەویلە چوونە دەرەوە. (مامە) تفەنگی یەکێ لە پاسەوانەکانی بردو لە حەوشە چوونە دەرەوەو کەوتنە ناو کۆڵانە.

(میرزا لوتف ئیلا) بن هەنگڵی (چرا)ی گرتو بە هەنگاوی شێنەیی بە ڕێ کەوتن. (چرا) هیچ قسەی نەدەکرد. دەمو چاوی لەبەر ژانو ئازار تێک چوو بوو. بە تەنیشت پەرژینی باخێکدا تێپەڕینو چوونە لای

چنارستانی ئاغا. (سەبز عـەلی) جڵـەوی ئەسـپەکەی گرتبـوو، چـاوەڕێی دەکرد. ئەسپی (ناوخاس)یش لـە لایەکـەوە دەلـەوەڕا. (مامـە حەیـدەر)و (سەبزعەلی ) بە دووقۆڵی (چرا)یان سواری ئەسپ کرد.

(مامە) شمشێرو مەندیلەکەی دایە برای و کفنەکەی داکەندو گوتی:

- من لەگەڵ (چرا) دەچمە ناو جەنگەڵ. تا برینـەکانی سـاڕێژ دەبـێ، یەك حەفتە خۆمان لە ناو جەنگەڵ دەشارینەوە. شەوان کـە دونیـا تاریـك دادێ، نـانو گۆشـتو هێلکـەمان، بـایی دوو نەفـەر، بـۆ دەدەیتـە (سەبزعەلی)، بۆمان بێنێ. کڵاوێکیشم بۆ بنێرە، سـەرم کۆتـە. بـە هـەر جۆرێکیش بێ تا سبەی شەو پەنجا فیشەك لە قاچاخچییان بکڕەو بینێـرە. (سەبزعەلی)، ڕقی لە هەوکی مابوو، گوتی:

- (چرا)، ناڕەحەت مەبە!... تۆو توخماتیان دەبڕێنینەوە...

(مامە حەیدەر) سواری ئەسپەکەی بوو. لەگەڵ (چرا) ئاوزەنگیـان لـە ئەسپان داو بە ناو جەرگەی تاریکی شەودا بەرەو جەنگەڵ هاژوایان.

***

(١٢)

تەیری نووستوو لەگەڵ تریسکانەوەی یەکەم تیشکی خۆری بەیانی پەڕو باڵیان لێک داو بۆ پەیدا کردنی ئازووقەو روزی خۆیان و فەرخەکانیان، هێلانەکانیان بە جێ هێشت. چریک و هۆڕی تەیرەکان لەسەر چلی سەوزی ئەو جەنگەڵە بچووکە دەنگی دەدایەوە. رێوی بە لمووزی باریکی خۆیەوە بۆ راوکردنی مشکی دەشت لە ئاقاری کەوتە گەڕان. مێش و مەگەس بە گیزەگیزی غەمگین لەسەر گەناوی بچووک و قۆرتەسمی ولاغان کەوتنە باڵەفڕە.

(مامە حەیدەر) لە حەشارگەکەی هاتە دەرێ. لوولەی تفەنگی بە شەلواری داهێنا و بە ناوتەڕاش و گیاوگۆڵدا خۆی گەیاندە سەر کانییەک. دانیشت. دەم و چاوی خۆی شووشت. لە تەنیشت قامیشەڵانی پەراوێزی گۆماوێک خشەخشێک هات و کەروێشکێکی سپی و قەڵەو گوێیە درێژەکانی لەقاندو لە بن پرچکێک وەرکەوت. (مامە) دەست و تفەنگی بڵندکردو کە تەقەی لێوەهێنا، کەروێشکەکە بەرز بووەوە ئاسمان و چەند

هەنگاوێك لەولاتر، بەربووەوە سەر زەوی. (مامە حەیدەر) بە چاپووکی لە جێی خۆی هەستاو بە چەند بازێك کەروێشکەکەی گرتو قاقا پێکەنی. قایشی تفەنگەکەی لە مل کردو چەپکە پونگێکی لە لێوی جۆگا کرد. ماوەیەك لە جەنگەلەکەدا بە دوای قارچکدا گەڕا، بەڵام هیچی دەست نەکەوت، هەرئەوەندەی پێ بڕا ڕێگای هەڵاتنو حەشارگەیەکی ئەمینی دۆزییەوە. لە ڕێگا قەرەقاولێکی راو کرد کە لەگەڵ جووتەکەیدا لە ناو چیمەن لەنجەی دەکرد. بە خۆشحاڵییەکی بێ وێنە گەڕایەوە لای (چرا) کە بە شەکەتیو برینداریو لەش کوتراوی، لە پشت چلی چڕی درەختەکانەوە بە خۆشیو شادی سەیری خۆری دەکرد. (چرا)، کە چاوی بە (مامە) کەوت، سلاوی لێ کردو پێی گوت: بەیانی باش.

(مامە) قەرەقاولو کەروێشکەکەی لە هەوادا راهەژاندو گوتی:

- دەبێ کەبابێکی وات بۆ چێ بکەم، تاماوی تامی لە بن ددانت بمێنێ.

(چرا) زەردەخەنەیەکی شیرینی کەوتە سەرلێوانو گوتی:

- ئەگەر خەڵك گوێیان لە کارە جوانەکانی تۆ ببێ، هیچ ئاوڕ لە من نادەنەوە. وەرە جارێکی دی پێم بڵێ چۆن (جەعفەر)و (باقر)ت چەك کرد؟

(مامە) قەرەقاولو کەروێشکەکەی لە قوژبنێك داناو تفەنگەکەی خستەلایەكو گوتی:

- تۆیش بەم سۆری سبەینەیە بە گاڵتەت گرتووە... پیاو تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕێ، ناچارە پەنا بۆ فرتوفێڵ ببا.

(چرا) له قاقای پێکەنینێکی قایمی دا. ریشی سپی (مامە)ی ماچ کردو گوتی:

- دە کەسی وەکو تۆ هەبێ، دونیا دەبێتە بەهەشت.

(مامە) ئاوی لووتی فڕێ دایە لایەك‌و پێ کژی. زەردەخەنەیەکی ژاکاوی لەسەر لێو پشکووت‌و بە دەنگێکی باریك گوتی:

- بڕۆ خوێنی دەم‌و چاوت بە ئاوی کانی بشۆ. نیوەڕۆ، کە دونیا گەرم داهات بە یەکەوە مەلە دەکەین. یەك بستە چڵکت لەسەر لەش نیشتووە.

(چرا) بارێشکی هاتێ. مستێکی لە سینگی خۆی داو گوتی:

- پەراسوەکانم نەشکابن!! دەڵێی ئاگرم لە دڵ بەربووە. پشتم، کەمەرم، گەردنم دەڵێی هەر ئێستا هەموو لێك دەترازێن.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- خوار چاوەکانت ڕەش هەڵگەڕاوەو ئاوساوە. نێوچەوانیشت شەق بووە، باشە خوێنی لێ نایە.

(چرا)، لەبەر ژانی لەشی، دەم‌و چاوی گرژ ببوو. ددانەکانی جیڕ دەکردەوەو هاواری لە گەرووی دەگیڕایەوە. بە (مامە)ی گوت:

- شەرم لە تۆ دەکەم. ئەگەر تۆ لێرە نەبای وەکوو گورگی پێکراو بە لوورە لوور دەکەوتمە ئاقاری.

(مامە) گوتی:

- بە درێژایی شەو نەخەوتووی. هەر هات‌و هاوارت بووە. دان بە خۆتدا بگرە. خواردنی باش بخۆو باش بحەسێوە بۆ ئەوەی تاقەتت بێتەوە بەر. قاچاغ دەبێ وەکوو چیا سەرسەخت بێ. بەرگەی هەموو جۆرە زریان‌و گەردارێك

بگرێ. پیاوی قاچاغ وەکوو گورگی برسی ژیانی لە ناو چیایە: برسێتی... وێڵیو سەرگەردانی... سەرماو سەقەم... دەبێ بەرگەی هەموو شتێ بگرێ. پیاوی قاچاغ دەبێ ئازایەتی گورگو فرتو فێڵی ڕێویو هوشیاریی کەروێشکی هەبێ. متمانە بە هەموو کەس نەکا. دەوروبەری خۆی بناسێ. خەڵك بناسێ. دەستخەڕۆ نەبێ. دوژمن هەزار فرتو فێڵی لە بن سەردایە.

(چرا) لەبەر ئێشو ئازاری لەشی لێوەکانی قرماندە سەر یەكو گوتی:

- با من بچم ئاوێك بە دەمو چاوم دابکەم، تۆش برۆ نەختێ دڕكو داڵ لە ناو جەنگەڵ کۆبکەرەوە.

تا (چرا) هاتەوە، (مامە حەیدەر) قەرەقاولەکەی کەوڵ کردو ئاگرێکی کردەوە. کەروێشکەکەیان بۆ فراوین هەڵگرت. کە تێشتیان خوارد، هەر یەکە لەلایەك ڕاکشا. (مامە حەیدەر) بە گێڕانەوەی ئەو هەقایەتە خۆشانەی بیستبوونی (چرا)ی خستە خەوێکی وا پرخوهۆڕی لێ هەستاو تا بەرەبەری ڕۆژاوا نووست. خۆر لە پەنا درەختە بەرزەکانەوە کەلی بوو. جەنگەڵ کەوتە ناو بێدەنگییەکی پڕ نهێنی. (چرا) لە خەو بە ئاگا هات. (مامە) کەروێشکەکەی کردبوو بە کەباب. (چرا) چاوی هەڵگلۆفتو گوتی:

- زۆر نووستم!

(مامە) گوتی:

- خەو بۆ تۆ وەکوو کیمیا وایە، هەر چەندەی دەتوانی بخەوە!

(چرا) گوتی:

- وەزعم زۆر باشترە، بەڵام هێشتا تەرۆکەکانم زۆر ژان دەکەن.

(مامە) گوتی:

- بەڵێنت دەدەمێ تا یەك دوو ڕۆژی دی چاك دەبیتەوە. هەوای ئێرە پیر گەنج دەكاتەوە. تۆ كاتێكی وا داوتەتە كێو كە دونیا هەوای زۆر خۆشە. ئەگەر زستان، یان پایز بوایە لەسەرمان دەمردی.

(چرا) پشكە گۆشتێكی گەورەی خستە بەر ددانیو گوتی:

- گۆشتی كەروێشك زۆر بە تامە. نازانم بۆچی ناپەسندیان كردووە؟

(مامە حەیدەر) بە زاری پڕەوە گوتی:

- پیاوی برسی نانی وشكیشی بە دەم خۆشە.

نیوەی شەو، هەر لەو دەوروبەرە، دەنگی سێ فیكەی درێژ لەسەر یەك هاتو لە ناو كپیو بێ دەنگی جەنگەڵدا دەنگی دایەوە. (مامە حەیدەر)، خەریك بوو خەو دەیبردەوە، پەنجەی بۆ زاری بردو فیكەیەكی كێشا. چوو. دوای نەختێ هاتەوە (سەبزعەلی) لەگەڵدا بوو. (چرا)، لەو ماوەی (مامە) لەوێ نەبوو، ئاگردانی داگیرساندو لەبەر تیشكی ئاگرەكە كەوتە دالغە لێدان. كە چاوی بە (سەبزعەلی) كەوت، سینگی قیت كردەوەو گوتی:

- ببوورە كە ناتوانم هەستم، پشتم دێشێ.

(سەبزعەلی) لە سووچێك دانیشت. توورەگەیەكی بچووكو كڵاوێكی بە دەستەوە بوو. لەسەر زەوی دانیانو گوتی:

- پێش هەموو شتێ با پێتان بڵێم: (جەعفەر)و (باقر) شێت بوونە. لە (پایزاوە) دەنگ بڵاوبۆتەوە كە فریشتە (چرا)یان نەجات داوە.

منیش تا بۆم کرا ئەم دمگۆیەم برەو پێدا. (کیتابعەلی) لای (ئەحمەدپاشا) ماوەتەوەو بڕیارە ئاغا سێ چوار رۆژی دیکە لە دوای نایبی حکومەت بنێرێ. دەڵێن نایبێك هاتۆتە شار لە فێڵبازە هەرە چەتوونەکانی رۆژگارە. هیچ فالچییەك ناو لەپی پێ ناخوێنرێتەوە. ناوی نایب تاهیرە. ئەحمەد پاشا دەیەوێ لە دوای تاهیر بنێرێ. (سادق خان)یش هاوڕێتی دەکات. (ئەحمەدخان) خەریکی لێکۆڵینەوەیە بزانێ کێ تۆی نەجات داوە. سێ چوار گەنجی دێی گرتووەو دارکاریان دەکا بۆ ئەوەی دان پێدابنێن. شوونی تۆیان هەڵگرتووەو بۆی هەیە بەیانی ژمارەیەك چەکدار بەناو جەنگەڵ وەربکەن. تا زووە خۆتان بگەیەننە جێگایەکی ئەمین. پەنجا فیشەکم هێناوە. لە ناو توورەگە دایە. ئەگەر تفەنگ هەبێ منیش لەگەڵتان دێم.

(چرا) گوتی:

- تفەنگی (ناوخاس) بە پاشکۆی ئەسپەکەیەوە ماوە، بۆ خۆت بێ.

(مامە حەیدەر) ریشی خوراندو گوتی:

- سبەی لەگەڵ گەردوگۆڵی بەیانی بە ناو جەنگەڵ وەردەبن. تا زووە با بجووڵێین. من دەبێ بچمەوە دێ. ئێوەیش شوێنی لە (مادیان کۆ) ئەمینترتان دەست ناکەوێ.

(چرا) گوتی:

- بەڵێ، (مادیان کۆ) جێگایەکی لەبارە. تەنیا یەك داوام لە تۆ هەیە: شوونی (کیتابعەلی) بزر نەکەی! ئاگاداری رووداوەکان بە، کەس نەزانێ تۆ هاوکاریمان دەکەی. برۆ ببە نۆکەری (سادق خان)!

(مامە حەیدەر) ڕۆیشت‌و دوای چەند دەقیقەیەک (خۆش قەدەم)و ئەسپەکەی تری هێنا. (چرا) سواری (خۆش قەدەم) بوو. (مامە)و (سەبزعەلی)ش سواری ئەسپەکەی دی بوون‌و بە ڕێ کەوتن. کە لە ناو جەنگەڵ دەرچوون، (چرا) گوتی:

- (مامە حەیدەر)، لە بیرت بێ، بە هەر جۆرێک بێ خەبەری مەرگی (ناوخاس) بە (جوامێر) بگەیەنە بۆ ئەوەی بێن تەرمەکەی ببەنەوە. لە زاری منیشەوە پێیان بڵێ گومانی تێدا نییە (چرا) تۆڵەی خوێنی کوڕەکەیان دەکاتەوە.

(مامە حەیدەر) گوتی:

- لەم بارەیەوە خاترجەم بە!

لە نزیک (ستارەسوز)، سوارەکان لە (مامە حەیدەر) دابڕان.

(مامە) بە پێ بەرەو دێ کەوتە ڕێ. (چرا)و (سەبزعەلی) ئەسپەکانیان دەنگ دا. کە گەیشتنە چیا، تازە گورگ‌و مەڕ لێک دەکرانەوە.

***

## (١٣)

(ستارەسوز) بە خاووخلیچکی لـە ژێـر خـۆری نیـوەڕۆدا ڕاکشـا بـوو. کۆڵانەکانی خۆڵاوی‌و پیس‌و پڕ مێش‌و مەگەز بوون. بە دەگمـەن ڕێـدارێك بە کۆڵاناندا دەڕۆیشت. چەند منـداڵی بچـکۆڵە لەسـەر گووفـەك یاریـان دەکردو خۆڵیان بە دەم‌و چاوی یەکتردا دەکرد. چەند کچـێك لەسـەر کـانی دانیشتبوون شمەکیان دەشووشت. کەرێکی بەرەڵلا لە بن دیـواران دەگـەڕا. پیاو چووبوونە ئاقارو ژن لەبەر دەرگای حەوشە، یان لە ماڵـەوە تەشییان دەڕست. دووکەڵ لە بانی قەڵای ئاغا بەرز دەبووەوە. قـەڵا دەرگـای والابـوو. نۆکەرانی ئاغا لە هات‌و چۆدا بوون. (سادق خـان) دەسـتەکانی دەپشـتی گرتبوو. بە تای دەرپێ لەگەڵ (مەشهەدی عیسـا) لـە حەوشـە، پیاسـەی دەکرد. (سادق خان) بێ دەنگ بوو، هیچ قسەی نەدەکرد. ئاغا لە تەنیشت حەوزێکی هێلکەیی وەستا، ماسی وردیلە لە کون‌و قوژبنەکانی دەگەڕان‌و دەسووڕان. لە ئاوی حەوزەکە سەیری خۆی کردو بە هێدی گوتی:

- نەهات؟!

(مەشهەدی عیسا) نیوچەرخەی لێ داو سەرنجی کەوتە سەر دەروازە. دیتی (قولی) بە هەشتاوی بۆ لایان دێ، گوتی:

- قوربان، واهات.

(سادق خان) لە بنەوە تەماشایەکی (قولی) کردو گوتی:

- باشە، تۆ ئیزنی!! برۆ سەر شینایی. ئاگات لە کرێکارەکان بێ سستی لە ئیش نەکەن!

(مەشهەدی عیسا) ئیکلامی کێشاو ڕۆیشت. (قولی) سەلامی کردو دەست لەسەر سینگ وەستا. ئاغا لەسەر سەکۆیەك دانیشت‌و پرسی:

- (کیتابعەلی) نەهاتۆتەوە؟!

(قولی) وەڵامی دایەوە:

- نەخێر قوربان، سەراپای جەنگەڵیان پشکنی، بەڵام (چرا)یان نەدۆزییەوە. دیارە چۆتە (مادیان کۆ).

(سادق خان) دەستی لە ورگی زلی وەرهێناو گوتی:

- ئیشێکت پێ دەسپێرم دەبێ بە بێ قسە جێ بەجێی بکەی. ئەم جارە ئیدی وەکوو جاری پێشوو نییە کە توورەگە فیشەکەکەت بە خۆڕایی تەسلیم کردن. سوێندم بە گیانی باوکم، ئەوەی پێت دەڵێم جێبەجێی نەکەی، زیندەبەچاڵت دەکەم.

(قولی) لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: خودایە، داخۆ ئەم جارە چ پلانێکی لە بن سەردایە! ئەگەر ئەم جارە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکەم، هەڵبەت زیندەبەچاڵم دەکا. ئەگەر کارێکی زەحمەت بێ‌و لە عۆدەی نەیەم، لەم وڵاتە رادەکەم‌و دەچمە غەریبایەتی.

(سادق خان) چلە دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوەو لە ئاوەکەی وەرداو بە دەنگێکی نزم، کە هەر ئەوەتە دەبیسترا، گوتی:

- ئێستا نیوەڕۆیە، ئاوایی چۆڵە. پیاو چوونەتە ئاقاری. هەستە، بە جۆرێ هیچ کەس نەتبینێ، هیچ کەس هەست پێ نەکا چ دەکەی، بڕۆ ماڵی (چرا)، دایکی نەساخەو لە ماڵەوە کەوتووە.

(قولی) هەناسەی راوەستاو چاوی ئەبلەق بوو. بە مەزەندە زانی ئاغا دەیەوێ چ بڵێ. رەنگی لە روودا نەما. دەم و چاوی ئاوڵاوی کە دەتگوت مریشك دەنووکی لێ داوە، بە لەرزە لەرز کەوت. سمێڵی کە وەکوو قالۆچەی مردوو وا بوو، لەرزی و تارەقەی لەبن لێوی کلاوی دەرکەوت.

ئاغا سەرنجێکی تیژی لە (قولی)داو گوتی:

- (چرا) شیری مەمکی ئەو دێڵە سەگەی خواردووە کە ئێستا وا لە ماڵەوە کەوتووە. ئەگەر شیری حەڵاڵ بوایە، ئەگەر خوێنی حەرامی لە دەمارەکان نەبوایە، بەم جۆرە خەڵکی هەراسان نەدەکرد.

ئاغا خۆی غەمبار کردو ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو گوتی:

- شەوێ دی برام هاتە خەونم، گوتی تۆ چ جۆرە برایەکی! هەر کەسێکی تر بوایە لە جێی تۆ، تا ئێستا تۆڵەی منی کردبووەوە.

ئاغا چلە دارەکەی فڕێ دایە ناو حەوزەکە. لە جێی خۆ هەستایەوەو گوتی:

- ئا، (قولی)، برام ڕۆحی زۆر ناڕەحەتە، ئێمە کە ئێستا دەستمان ناگاتە ریشی (چرا)، پێویستە ئەم پیرەژنە رمووزنە لە ناو ببەین. هەر

ئێستا دەچی، بێ ئەوەی کەس بتبینێ، دەستی لە خنخنۆکی دنێیو دەیخنکێنی.

(قولی) بە زمان لەنگی گوتی:

- بەڵام... بەڵام... ئاغا من تا ئێستا مریشکێکم سەرنەبڕیووە. دایەش ئەزیەتی مێروولەیەکی نەداوە.

(سادق خان) بە تووڕەیی هاواری کرد:

- سکتر بە، هەی بۆرە پیاوی سەگباب... دەبوایە وەختی خۆی بزانم کەس تووڕەگە فیشەکەکەی لێ نەستاندووی. ئەگەر ئەم ماستە موویەکی تێدا نەبێ، کێ زات دەکا رێ لە نۆکەری من بگرێ؟ ئێستا تۆ هەم لە ئاخۆڕ دەخۆیتو هەم لە جۆڕک! سەگبابی بێ شەڵوار!!

(قولی) کەوتە سەر پێی ئاغا، بە گریان گوتی:

- ئاغا... ئاغا... بە گیانی برات سوێند دەخۆم ئەگەر نۆکەرێکی لە بەندە دڵسۆزترت هەبێ. هەر چی بڵێی بە مەمنوونیەتەوە ئەنجامی دەدەم... گوتم... بەڵکوو... بەزەییت لە دڵدا... ببزوێ. ئاخر... پیرەژنە... بە چاوان! هەر ئێستا دەچم.

(سادق خان) پێیەکانی خۆی لە دەست دەرهێنا. بە میهرەبانی شانی (قولی) گرتو بڵندی کردو گوتی:

- هێور بەوە، کوڕم... مەترسە... ئەو پیرە سەگە تا ئێستا سەد کەسی لەم گوندە لە دژی من راست کردۆتەوە. ئەگەر تۆ ئاغای خۆت خۆش دەوێ، دەبێ وا بکەی دایکی تازیەی بۆ دابنێ. بڕۆ ئیشەکەت جێبەجێ بکەو زوو وەرەوە. بەڵێنت پێ دەدەم خەڵاتێکی باشت دەکەم. بیستوومە

چاوت لە کچی (کەربەلایی نادرە). وا دەکەم بە مرازی خۆت بگەی. لەسەر جۆخینانیش دەنووسم خرارە گەنمێکت بدەنێ.

(قولی) داهاتەوەو دەستی ئاغای ماچ کرد. بە راکەراك لە دەروازەی قەڵا چووە دەرەوە. بۆ لەحزەیەکی کەم بەو بەڵێنانەی ئاغا پێی دابوو، شەکری لە دڵدا توایەوەو موچرکێکی خۆشی بە سەراپای لەشدا هات، بەڵام کە بیری کردەوە دەبێ بە دەستی خۆی مرۆڤێك بکوژێ، سەری گێژ بوو. لە ناخەوە دڵی داخورپا. (قولی) خۆی گوتەنی تا ئەوسا مریشکێکی سەر نەبڕی بوو. بە منداڵی کوڕێکی گوشەگیر بوو. کە منداڵ بە شەڕ دەهاتن، ئەو خۆی لە شەڕەکە دوور دەخستەوە. یەك جار لە تەمەنی حەفت ساڵیدا، باوکی قامچییەکی لێدا، یەك حەفتە نەخۆش کەوت و خەونی سەیرو سەمەرەی دی. لەو کاتەوە، کۆنە ترسێکی لێدان و لێدان خواردن ریشەی لە ناخی دڵی داکوتاوە. کەچی ئێستا ئاغا ئەمری پێ کردووە بچێ بە دەستی خۆی پیرەژنێك بخنکێنێ.

(قولی) سەیری دەستەکانی خۆی کردو رقی لە خۆی بووەوە. بەوی با بمرێ بەڵام ئەو رۆژە نەبینێ. حەزی دەکرد شتێ روو بداو ئاغا لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە. چەند جارێك دوو دڵ بوو کە نەچێ بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەکوو بە زیندووی چاوان زیندە بە چاڵی بکەن و خۆڵو بەردی بە سەردا بکەن، هەموو گیانی لەرزی. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەگەر دایە لە ماڵێ نەبێ، شتی باشە! بۆی هەیە تا ئەو دەگەڕێتەوە ئاغا لە کوشتنی پەشێمان بێتەوە، یان بە یەکێکی دی بڵێ بیخنکێنێ.

له دونیای خەیاڵاتدا بوو بیری دەکردەوە کە دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە سێ چوار ژنی ئاوایی‌و لەوانە دایکی خۆیشی دەبینێ هاتوونەتە سەردانی دایە. ئەویش سەر دادەنەوێنێ‌و دەگەڕێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخر کوشتنی ئینسانێك گاڵتە نییە! مریشکیش ڕۆحی خۆی خۆش دەوێ. خوایە ڕەحمێ بکە! ئەی خوای گەورە!

(قولی) هەر هەنگاوێکی دەیهاویشت، بیرێکی تازەی بە مێشکدا دەهات. تا گەیشتە بەر دەرگا هەزار جۆرە خەیاڵی بە بیردا هات. جارێ بڕیاری دەدا بداتە کێوو بچێتە لای (چرا)، گاوێ حەزی دەکرد لەو گوندە رابکات‌و بڕوا. هەندێ جاریش زاتی دەدایە بەر خۆی‌و دەیگوت:

- پیرەژن ئەمڕۆیش نەمرێ سبەی هەر دەمرێ. با تا زووە چاوی لە چاوی ئەم دونیایە ببێتەوە. ئەو هیچ خۆشییەکی لەم دونیایە نەماوە، ڕەنگە ڕۆژێ دە جار لە خوای گەرەك بێ بیحەسێنێتەوە. مردنی بە لاوە زەماوەندە. ئەو بمرێ هیچ شتێ کەم‌و زیاد ناکا.

کە لە دەرگای حەوشە چووە ژوورەوە، کەشکەژنۆی لەرزی. لە قەنتەرەی تاریك وەستاو بە دزی سەری لە ناو حەوشە هەڵکێشا. دایە داهاتبووەوە گیای لەبەر بزنە تاقانەکەی ڕۆ دەکرد. گیای بە دەستە لەڕو لاوازەکانی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکردو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. چوو کاسەیەکی پڕ ئاو کردو هێنای لەبەر بزنەکەی دانا. بە زەحمەت دەڕۆیشت، پشتی وەکوو کەوان چەمابووەوە. کە دەڕۆیشت هەر دوو دەستی لە پشتەوە جووت دەکردو لەشی وەکوو گۆشەی وەستاوی لێ دەهات. پرچی هەموو سپی ببوو، چاوەکانی وەکوو نەخۆش بێ، ئاوهـا دەدرەوشانەوە. دایە چووە ژوورێ و

(قولی) هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. دڵی ئۆقرەو هەدادانی نەبوو. بیری شێواوو ئاڵۆسکا بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: بریا بمردبامو پێم بێرە نەکەوتبایە. هەر دەڵێن (چرا)، (چرا)! باشە کوا؟ بۆ نایە ئەم قورمساغە بکوژێ؟

یەك جار هاتە سەری بگەڕێتەوە لای ئاغاو بڵێ نەمتوانی دایەی (چرا) بکوژم، بەڵام لەبەر هەڕەشەی (سادق خان)، ترسێکی رەش گیانی داگرت. هەوڵی دا خۆی بە خەیاڵێکی ترەوە خەریك بکا. بەڵێنی ئاغای بیرکەوتەوەو ئەژنۆکانی هێزیان هاتەوە بەر. شەیدای تەماعکاری بە چێژێکی کوشندە لە گۆناکانی درەوشایەوەو ددانەکانی کەوتنە قرچوهۆڕ. پێی نایە حەوشە. دەرگای ژوورەوەی کردەوە. دایە رایەخە نوێکەی دەماڵی. کە چاوی بە (قولی) کەوت گوتی:

- وەرە، کوڕم... بڕۆ لەو سەرەوە دانیشە... کاسە دۆیەکی ساردت بۆ بێنم.

(قولی) لێی چووە پێش. کە دایە حاڵەتی چاوی (قولی) بینی، گەسکی لە دەست بەربووەوەو ویستی لە مانای سەرنجی (قولی) بگات. (قولی) بواری قیژەقیژی بە دایە نەدا. بە دەستێك دەمی گرتو بە دەستەکەی تر گەرووی راگوشی. هێزێکی تایبەتی کەوتبووە بازووەکانی. حەزی دەکرد سەری دایە لە دیوار بکوتێو بە پێلەقە بە سەر ئێسکی بکەوێ. چرکە بە چرکە زیاتر گەرووی بە چرنۆك دەگوشی. دایە پەلەقاژەیەکی پێکەوتو دەمو چاوی ڕەش هەڵگەڕا، وەکوو کۆنە سەرینێك لە باوەشی (قولی) بەربووەوە سەر زەوی. (قولی) زۆری حەز دەکرد بە پێ

بە سەر ئەو دووچاوە بچووکانەی بکەوێ کە بە سەرنجی قووڵو پڕ مانا تێی رادەمان، بەڵام خۆی بەرزە فت کرد. پشتی دایەی دایە چوارپاکەو تەشییەکەی لە کۆشی نا. گەسکەکەی فڕێ دایە لایەكو بە پەلەپرووزێ لە دەرگاوە بۆی دەرچوو. کە گەیشتە ناوحەشە، (رەشید) لەسەر بان پەیدا بوو. ویستی بانگی (قولی) بکا، بەڵام (قولی) لە قەنتەرەی تاریکەوە پێی نایە ناو کۆڵانو رووی کردە قەڵای ئاغا. (رەشید) لە نەردەوانە بچووکەکەی بان دابەزییە ناو حەوشە. چووە لای بزنە رەشەو نەختێ یاری لەگەڵ کرد. ئینجا چوو دەرگای ژووری دایەی کردەوە. سەلامی کردو گوتی:

- دایە... دایە... خەبەرێکی تازەم بۆ هێناوی!

دایە وەڵامی نەدایەوە. هیچ دەنگی لێوە نەهات. (رەشید) چووە پێشو بازووی راتەکاندو گوتی:

- دایە، ئەوە نەساخی...؟! ئێستا دەچمە دوکانو گوڵی زمانەگاو نەباتت بۆ دەکرم.

کە هیچ وەڵامی، لە دایە نەبیست، بە حەپەساوی دەرگای ژووری لێك داو بە غارەغار گەڕایەوە ماڵی خۆیان. (مامە حەیدەر) لە بن دیواری حەوشە دانیشتبوو، دووکەڵی قەننەی بە بادا. (رەشید) خۆی بە باوەشی باوکی داداو بە دەنگی بەرز لە پڕمەی گریانی دا.

شانی دەهەژاو لەبەر فینگە فینگ هەموو گیانی دەلەرزی. (مامە حەیدەر) قەننەی لە لێوی کردەوەو پرسی:

- ئەوە چییە؟... چ بووە...؟ (رەشید)...(رەشید)!!!.

(رەشید) هاواری کرد:

- دایە... دایەی (چرا)!

- باشە... باش... مەگری! بڵێ چ بووە.؟!

ڕەشید بە خەمو زاری گوتی:

- مردووە... دایە...مردووە!

ئەوە تۆ چ دەڵێی (ڕەشید)؟ دەبێ خەوی لێ کەوتبێ! پێش سەعاتێ من دایەم بینی لەسەر کانی گاڵتەی لەگەڵ ژنانی ئاوایی دەکرد. خەیاڵ لە سەری داوی، کوڕم!

(مامە حەیدەر) هەستایەوە قەننەکەی لەبەر پشتێنی ڕاکردو چووە سەربان. دایە رحانو سێ چوار ژنی تری بینی لەسەر بان دانیشتبوون تەشییان دەڕست. دەستی بردە پشتەوەو گوتی:

- وەرن بچین سەرێك لە دایەی (چرا) بدەین. دەڵێن زۆر شڕە!

❊❊❊

(١٤)

هەناسەی گەرمیی رۆژە هەوەڵەکانی مانگی مایس بە ناو ڕەگو ڕیشەی بەردو تەڕاشو گیاوگوڵدا دەچوو. مێگەڵە مەڕو بزن لە داوێنی سەوزی (مادیان کۆ) بە یەك نزم لە جووله دابوون. شوان لە پەنا تیشە شاخان دادەنیشتنو گۆرانی کوردییان دەچڕی. هەندێ جار گورگی برسی لە مێگەلی دەناو پاش ئەوەی هەراوهۆریا دەنیشتەوە، شوانەکان بە گاڵتە دەیانگوت: فەرمانبەرێکی (چرا)یە... نۆشی گیانی بێ.

(چرا) دەهات چاك بێتەوەو پەراسووەکانی ئێشیان کەم ببوو. پشتی ژانێکی کەمی مابوو. یەکێ لەو شوانانە، خەبەری چۆنیەتی مەرگی دایکی پێ دابوو، ئەویش بە مەوە رووی گرژتر ببوو. هەندێ جار (سەبزعەلی) هاوڕێی جێ دەهێشتو دەچوو لە قوژبنێك دادەنیشتو دەردەدڵی بێ کۆتایی خۆی بۆ گیاو بەردو زیندەواری بچووکی خشۆك دەکرد. لەو کاتانەدا رقێکی سەرکەشو ژەهراوی وا لە ناو خوێنی دەجۆشا ئەگەر بە میهرەبانی خۆی جڵەوی نەگرتایە، دونیای لە ئاگرو خوێن

هەڵدەکێشا. دوو خەتی قووڵی کەوتبووە لالغاوەکانی، سمێڵی خڕتر ببوو، ڕدێنی هاتبوو. بە دەگمەن پێدەکەنی. (سەبزعەلی) زۆر چاوی لێ بوو، خواردنی ئامادە دەکردو ئاگردانی دادەگیرساندو دەنگو باسی گوندی بۆ دەهێنا. (چرا) پنتێکی لە چیا دیار دەکردو تیێی رادەما. لێوی نەدەبزووت. (سەبزعەلی) لە تەنیشتی دادەنیشتو ئەو پەڕی تەقەلای دەخستە کار بۆ ئەوەی وا بکا (چرا) کەمتر دالغە لێ بدا. ئومێدی بە بەر دەخست. سمێڵە بۆرەکانی با دەداو چاوەشینەکانی، کە وەکوو پیرۆزە دەردەوشانەوە، وێک دەهێنایەوەو بە توندی دەیگوت:

- دونیا هەروا نابێ. هەموو شتێ دەگۆڕێ.

(چرا) بێ دەنگ دەبوو. متەقی لێوە نەدەهات. لە ناخی دڵەوە حەزی دەکرد (سەبزعەلی) زیاتر قسە بکا. (سەبزعەلی) دەیزانی باسی چ بکا بۆ ئەوەی ژەنگی خەفەت لە دڵی هاوڕێکەی بڕنێ. باسی داستانی جۆراوجۆری قاچاغو پاڵەوانە ناودارەکانی ئیرانی دەکرد. (چرا) زۆر هەوەسی بە بەسەرهاتی ئەمیر ئەرسەلان نەدەهات. لێ نەگەڕا سەربردەکەی تا کۆتایی بۆ بگێڕێتەوە، دەیگوت:

- ئەمیر ئەرسەلان دلاوەرێکی ناودار بوو، بەلام من لەبەر ئەوە زۆر خۆشم ناوێ چونکە هیچ خەمی خەڵکی لەبەر نەبوو. شوورەییە پیاو بە دوای کچێکدا ئەم هەموو دەردەسەرییە بکێشێ.

زۆری کەیف بە داستانی ڕۆستەمو ئەفراسیاب دەهاتو هەر کاتێ کە (سەبزعەلی) دەیگوت:

((نبندد مرا دست، چرخ بلند))

((چەرخی بڵند دەستی من نابەستێ!))

(چرا) لە خۆشییان دەمی بەش دەبووەوەو مستی لە دیواری ئەشکەوت دەداو دەیگوت:

- زۆری دەوێ تا پیاو ئەم ورەیە پەیدا دەکا، زۆر!!

ئەو داستانانەی (سەبزعەلی) لە بارەی قارەمانە ناودارەکانی ئیران دەیگێڕایەوە، ئاخیری کاری خۆیان کردو رۆحێکی تازەیان بە بەر قالبی بێ گیانی (چرا) داکرد. رۆحی (چرا)یان لە ناو گەردەلوولی خەفەت‌و نائومێدی دەرهێنا. رۆژێ، کە (سەبزعەلی) داستانی کاوەی ئاسنگەری دەگێڕایەوە، پیرەمێردێکی بالآبەرزی ردێن سپی‌و درێژ کڵاوێکی خوری لەسەر بوو، تووەرەگەیەکی بچووکی پێ‌بوو، هاتە ناو ئەشکەوتەکە. پیرەمێرد کە چاوی پێ کەوتن هاواری کرد:

-ئێوە کامەتان (چرا)یە؟

ئینجا بە چاوە وردو تووڕەکانی دایبێژتن.

(چرا) گوتی:

- باوکە، وەرە دانیشە! ئەوە چۆن ئێرەت پێ زانی، هاتی‌و نەترسای!؟

پیرەمێرد بە تووڕەیی گوتی:

- ترس؟!... ئەوەی ئینسان بێ نازانێ ترس چییە؟ ترسان لە کێ؟ لە (چرا)؟ کە وەکوو مشک خۆی لەم کونە شاردۆتەوەو چاوی لە دونیا نوقاندووە؟! دەستم بگاتە بەرۆکی بە پێلەقە لەسەر ئەم چیایە فرێی دەدەمە خوارێ!

پیرەمێرد قەننەیەکی لـە گیرفـانی کورتـەکی دەرهێنـا، دایگیرسـاندو گوتی:

- هەڵبەت تۆ (چرا)ی، ها!؟

(سەبزعەلی)و (چـرا) تەماشـایەکی یـەکتریان کـرد. (سـەبزعەلی) گوتی:

- (مامە گیان)، دەتەوێ چ بڵێی؟!

پیرەمێرد لەسەر زەوی دانیشت، دووکەڵی قەننەکەی فوو کردە ئاسمـان‌و گوتی:

- پرسیم کامەتان (چرا)یە؟ (چرا) لاڵ بووی؟!

(چرا) بە میهرەبانی گوتی:

- باوکە گیان، من (چرا)م. ئەمەیش (سەبزعەلی) هاوڕێمە!

پیرەمێـرد بـە وردی سـەرنجی لەسـەراپای (چـرا)دا. لۆچـی کەوتـە نێوچەوان‌و برۆی هێنایەوە یەك‌و توورەگەکەی لەسـەر زەوی دانـا‌و سیمای میهرەبانتری لێ هات‌و گوتی:

- قاچاغ ئەگەر قاچاغ بێ، دڵی لەگەڵ دڵی خەڵك لێ دەدا، خۆ تۆ دزو ڕێگرنی، ها؟ ئێ، دەزانم! قاچاغ ئەگەر خـوێنی بـڕژێ، زەوی دایکمـان بـە خوێنەکەی دووگیان دەبێ‌و هەزار مندالّی وەکوو ئەوی دەبێ. قاچـاغ نابـێ لە مردن بترسێ. لە گیانداران پڵنگ جانـەوەرێکی قاچـاغە... تـا ئێسـتا کەس گوێی لێ بووە پڵنگ لەبەر دوژمن رابکات‌و خۆی لە ناو کونەکـەی بشارێتەوە؟ وا نییە! تۆ ئەگەر خوێنی قاچاغت لە لەشدایە، دەبـێ لەگـەڵ هەر هەناسەیەکی هەڵیدەکێشی، خەڵکت لە بیر بێ. (ئەحمەدپاشا) خـەوو

خۆراکی له خەڵك حەرام کردووە. دوێنێ کیسه پارەیەکی بۆ نایب تاهیر ناردووەو داوای لێ کردووە لەگەڵ پیاوەکانی بێنە (پایزاوە). با لەوانە گەڕێین. من خەڵکی (ئەحمەدawە)م. مانگایەکم هەبوو دونیای شیرینی دەهێنا. (ئەحمەدپاشا) دوێنێ بەیانی زوو گزیرەکانی ناردو مانگاکەیان بردم. مانگاکەیان بردمو خۆمو ماڵو منداڵیان دارکاری کردم. منی پیرەمێردیان دارکاری کرد. تێ دەگەی چ دەڵێم؟ من تەمەنم سەد ساڵە، ڕیشیان ڕاکێشام.

پیرەمێرد بێ دەنگ بوو، چاوی تاریك داهات.

(چرا) به بێ ئۆقرەیی گوتی:

- باوکە گیان، تۆ بگەڕێوە دێ. هەرێت دەدەمێ هەر ئەمشەو لەگەڵ (سەبزعەلی) دێینە تاقیبی (ئەحمەدپاشا). (کیتابعەلی) لەوێیە؟

پیرەمێرد دەستێکی به ڕیشی سپی خۆی داهێناو بە دەنگێکی نزم گوتی:

- ئەو جانەوەرە بێ ناموسە؟! ... ئا... لەوێیە. چاوەڕێن نایب تاهیر بێ.

(سەبزعەلی) خەریتەی فیشەکی له پشت بەستو گوتی:

- بابە، (چرا) ئەو ماوەیە نەخۆش بوو. لە چیا دەرنەدەچوو. (چرا) هەمیشە له بیری خەڵکدایە.

پیرەمێرد له جێگای خۆی قیت بووەوەو گوتی:

- ئەم توورەگەیە پڕی فیشەکە. من خۆم تفەنگم نییە. بەڵکوو بە کەڵکی ئێوە بێ.

(مامە) ڕووی کردە (سەبزعەلی)و پرسی:

- تۆ کوڕی کێی؟

(سەبزعەلی) ناوی باوکی گوت. پیرەمێرد گوتی:

- باوکت پیاوێکی باشە، دەیناسم.

پێش ئەوەی لە دەرگـای ئەشـکەوتەکە بچـێتە دەرەوە، ئـاوڕی دایـەوەو رایسپاردن:

- لـەبیرتان بـێ، مـن مانگـای خـۆمم دەوێتـەوە... ئەگـەر ببیسـم (ئەحمەدپاشا)تان وەکوو سەگ تۆپاندووە، سەری مانگاکە دەبـڕمو گۆشتی بە سەر خەڵکی ئاواییدا دەبەشمەوە.

چرا)و (سەبزعەلی) چەند هەنگاوێ پیرەمێردیان بەرێ کـردو گفتیـان پێ دا کە نیوەشەو لە (پایزاوە)بن. پیرەمێردیش ماڵاوایی کردو گوتی:

- من پێم دەڵێن (باباعەلی). پێویستتان بە هەرچی هەبوو، بنێرن بـۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکەکە لە بۆتان پێك بێـنم: فیشـەك، خـواردن، هـاوڕێی چاك.

(چرا)و (سەبزعەلی) ریشی بابایان ماچ کردو گەڕانـەوە ئەشـکەوت. شەو جلەوی ئەسپەکانیان گرتو (مادیان کـۆ) یـان جێهێشـتو روویـان کردە (پایزاوە). لە ڕووباری (گاوروود) پەڕینەوەو بە پشـت تەپۆلکـەکانی (ستارەسوز)و بە تەنیشت جەنگەڵدا پێچیان کردەوە. (چرا) لەگەڵ ئـاوازی رێکی دەنگی سمی ئەسپەکان، گوتی:

- من رام وایە زەوییەکانی (پایزاوە) بە سەر خەڵکدا دابـەش بکـەین. پێیان بڵێین لەسەر جۆخینان یەك دنکە گەنم نەدەنە ژنو منـداڵی. ئەگـەر شانەشیان نارد، بەروبوومەکەیان بشارنەوە.

(سەبزعەلی) بە شادومانی گوتی:

- بەڵێن دەدەم لەسەر جۆخینیان یەك ربە گەنم لە عەنبارەکانی نەکا.

سوارەکان لە جوگایەك پەڕینەوەو گەیشتنە (پایزاوە). جڵەوی ئەسپانیان لە قەدی نەرەیەك بەستەوەو بە پرتاوی روویان کردە قەڵای ئاغاو لەسەر بانەوە چوونە ناو حەوشەو بە داڵانێکی تاریك دا تێپەڕینو بە سەر کۆنە پلیکانەیەکی داردا سەرکەوتن. (سەبزعەلی) بە تفەنگ ئاماژەی بۆ دەرگای ژوورێك کردو نیشانی دا.

(چرا) هەموو گیانی گڕی سەند بوو! ددانی لێك جیڕ دەکردەوەو خێڵەکەی، خێڵە هەژارو ستەمدیدەکەی، کە بە هەزار مست بەسرابووەوەو دەمی بە هاوار کرد بووەوە، پڕ جۆشو خرۆشو بە بڕواو متمانەوە، لە ناخی ناخەوەی، بۆ تۆڵە سەندنەوە سەری هەڵدابوو. خێڵێ لە ناوەوەیدا لە ژێر قامچی ستەمو زۆرداریدا یاخی ببوو: دیمەنی نەجیبی (ناوخاس)ی لە مێشکدا دەرکەوت، (ناوخاس)ی دی لەسەر گیاوگۆڵ پێچی دەخواردەوەو خوێن لە سکی فیچقەی دەکرد، دایکە پیرەکەی خۆی دی بە چاوی پڕ ترسو هەراسان، لە ژێر دەستو پێی پیاوەکانی ئاغادا، لنگەفرتێی بوو. ئەوشەوەی بیرکەوتەوە کە سەراوژێر هەڵیانواسی، ئاغاو (کیتابعەلی) تفیان لە دەمو چاوی دەکردو سمێلیان رادەکێشاو شەقیان لە پاشەڵی دەدا. دەرگای کردەوەو پەنجەی لەسەر پەلاپیتکە دانا. لە ژوورەوە، (ئەحمەدپاشا)و (کیتابعەلی)و سێ کەسی تر لەسەر سفرەی ئارەق خواردنەوە دانیشتبوون. (کیتابعەلی)، کە چاوی بە (چرا) کەوت، پێکی ئارەقی لە دەست بەربووەوە. (ئەحمەدپاشا) سێوەرووکی گەردەنی کەوتە هەڵبەزو دابەز.

خووزی زاری قـووت دایـەوە. هـەردووکیان وەکـوو دوو کەروێشـکی بـەر چەپۆکی گورگێکی برسی دەمیان بوو بە تەلەی تەقیو. دەتگوت عزرائیـل لەسەر سەریان وەستاوە، دەتگوت زمانیان لـە بنـەوە بـڕاوە، قسـەیان پـێ نەدەکرا. دەیانەویست بکەونە سەر پێی (چرا). دەیانەویست بە گریەو زاری داوای بووردنی لێ بکەن. رازی بوون جنێو بخۆن‌و هەزار قسەی بێ ئـەدەبیان پێ بگوترێ، هەر ئەوەنـدە بـە سـەلامەتی دەربچـن. دەیانەویسـت (چـرا) بەزەیی ببزوێ‌و دڵی نەرم بێ‌و لێیان خۆش بێ‌و لە گونـاهی تاوانـەکانیان ببووری.

(ئەحمەدپاشا) -بیری کردەوە- ئەگەر بێـت‌و بـە سـەلامەتی دەربچـێ، هەموو سامانی خۆی، هەموو ژیانی خـۆی، هەرچـی هەیـەتی‌و نییـەتی، هەمووی پێشکەش (چرا) دەکا. (کیتابعەلی)-بیری دەکردەوە- ئەگـەر بـە زیندوویی دەرباز ببێ، ئامادەیە لە کووچەو کۆڵانی شاران دەرۆزە بکا، پێی بەو ناوە نەکەوێ، ئەزیەتی مێروولەیەك نەدا، بەرامبەر بـە خـەڵك وەکـوو مەڕ نەرم‌و حەلیم‌و میهرەبان بێ.

(ئەحمەدپاشـا)-ئەگـەر (چـرا) روخسـەتی بدایـە- هـەموو جـۆرە پیسایییەکی دەخوارد. (چرا) لە خەیاڵی خۆیـدا، دایکـی دەدی بـە پشـتی کۆماوو پرچی سپی‌و دەستی چورچ‌و ورگی برسی وەکوو مەڕی بەر دەسـتی قەساب، بە بێ دەنگی چاوەڕێی مردنی دەکرد. (ناوخاس)ی دەهاتە بەرچاو کە بە تەما بوو ژن بێنێ‌و ببێ بە باوکی منداڵی باش. دایکی (ناوخاس)ی دەدی داهاتبووەوە سەر تەرمی کوڕەکـەی‌و بـە نینـۆك گۆناکـانی شـەقار شەقار دەکرد، مەمکە چورچەکانی بە دەست رادەگوشـی‌و بـە مسـت لـە

ورگی خۆی دەدا. (جەیران)ی دەدی لەسەر تەرمی برا تاقانەکەی لەباتی فرمێسک خوێنی لە چاو دەهات. (سەبزعەلی) لەبەر دەرگا لوولەی تفەنگی لە نۆکەرەکان ڕاگرتبوو. نۆکەرەکان شانیان پێکەوە نووساندبوو. لە ترسان چاویان زەق ببووەوە.

(ئەحمەدپاشا) هاواری کرد:

- (چرا)...(چرا)... ڕەحمت هەبێ... ڕەحمت هەبێ... هەموو سامانی خۆمت پێشکەش دەکەم. وەرە تۆ ببە ئاغای ئەم گوندەو من نۆکەریت دەکەم...هەموو زەوییەکانم بە سەر خەڵکدا دابەش بکە... من هیچ گوناهم نەبوو، خەتای (کیتابعەلی) بوو.

(کیتابعەلی) لەسەر چوارپەل ڕۆیشتو خۆی بە سەر پێی (چرا) داداو لە کاتێکا کە شورشورِ فرمێسکی لە چاو دەهات، هاواری کرد:

- ئەگەر ئەمری پاشام جێ بەجێ نەکردبایە، لە داری دەدام. (چرا)... (چرا)... من گوناهم نییە. ئەگەر بە قسەی (سادق خان)م نەکردایە، دەستی دەبڕیم... ئامادەم تا ماوم غولامەتیت بکەم.

(چرا) پێلەقەیەکی توندی لە گەرووی (کیتابعەلی) کوتاو تخێلی سەر زەوی کردو هاواری کرد:

- ئەدی کێ بوو بە خورتی مریشکی لە خەڵك دەسەندو نۆشی گیانی دەکرد؟ کێ بوو مانگای تاقانەی پیرەمێردێکی سەدساڵەی لە دەست خاوەنی دەرهێنا؟ کێ بوو نانی لە دەست خەڵك دەڕفاند؟ چما زوڵمی ئێوە تەنیا لە باوکی منو دایکی منو هاوڕێی من بووە؟ کێ بوو دەیەویست ئاوی کوڵاو لە گەرووی من بکاو کیسە پارەی بۆ تاهیر نارد بۆ ئەوەی بە

خۆو بە یەك تیپ جەندرمە بڕژێنە سەر من؟ چ وەڵامێکتان هەیە، بڵێن؟!

نەتاندەزانی؟ نەتاندەزانی خەڵکیش مافی ژیانیان هەیە، هەقیان هەیە منداڵیان برسی نەبێ، هەقیان هەیە جلی پۆشتە بپۆشن‌و بە ئاسوودەیی بژین؟ نەتاندەزانی ئەو بەرووبوومەی خەڵك بە خوێنی دڵ بە دەستی دێنێ، هی خۆیانە؟ ئێوە کەی چوونەتە ئاودێریی؟ کەی چوونەتە دروێنە؟ سەیری دەستی خۆتان بکەن وەکوو حەریر نەرمە! بۆچی وەڵام نادەنەوە؟ بۆچی لاڵ بوونە؟ (ئەحمەدپاشا) لە ترسان دەم‌و چاوی شین هەڵگەڕابوو. هەموو گیانی دەلەرزی. (کیتابعەلی) هێنکە هێنکی بوو. ڕەنگی لە ڕوو بڕا بوو.

(چرا) رووی کردە (سەبز عەلی)و گوتی:

- برۆ... برۆ... خەڵك لە ماڵەکانیان بێنە دەرێ‌و لە گۆڕەپانی دێ کۆیان کەوە. پێیان بڵێ سایەی ئاغاو کێخوایان لەسەر لاکەوتووە. پێیان بڵێ زەوی خۆیان بۆ خۆیانە.

(سەبزعەلی) بە خێرایی گەڕایەوەو لە پلیکانە هاتە خوارێ. یەکێ لە نۆکەرەکان مستی لە رووی (ئەحمەدپاشا)دا راهەژاندو گوتی:

- ڕاست دەکا... ئەوەندە قامچیتان لە پشت داوین تا سەد ساڵی دی نابینەوە ئینسان.

نۆکەرێکی تر هاواری کرد:

- زوڵم یەك ڕۆژ توغیان دەکا، ئەمەیە! بە جۆرێ رەفتارتان لەگەڵ ئێمە دەکرد وەکوو ئەوەی ئێمە بارگین بین. رەفتارتان لەگەڵ سەگەکانی ماڵەوە لە ئێمە باشتر بوو.

نۆکەرێکی تری پیری دەم‌و چاو ئاوڵەیی رووی کردە (چرا)و گوتی:

- بۆچی وەستاوی؟ ئەمانە وەکوو ئەژدەها وان... ئیزنم بدە من بە دەستی خۆم بیانخنکێنم.

لوولەی تفەنگی (چرا) لە تەنیشت سینگی (ئەحمەدپاشا) بەرزبووەوەو تەقەی لێ هەستا. (ئەحمەدپاشا) قیژاندی‌و سوورێکی بە دەوری خۆیدا خواردەوەو بەربووەوە سەر سفرەی ئارەق. دەستەکانی وەکوو باڵی مریشک دەجولانەوەو چنگی لە قاڵی گیر دەکرد.

ئەمجارە لوولەی تفەنگی بەرەو تەوێلی (کیتابعەلی) بووەوەو (چرا) پەنجەی بە پەلاپیتکە داهێنا. (کیتابعەلی)، خوێنی تەوێلی بە سەر قاڵیدا پژاو پشتاوپشت بەربووەوە سەر زەوی. (چرا) دەست بە تفەنگ دەرگای ژووری لێك داو هەردوو پایەی بە هەنگاوێك بڕی‌و گەیشتە ناو حەوشە. نۆکەرو کارەکەر لەگەڵ دەنگی تەقە رژانە ناو حەوشەو کردیانە هات‌و هاوار.

کە چاویان بە (چرا) کەوت، تێکڕا هەنگاوێك پاشەوپاش کشانەوەو دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو.

(چرا) گوتی:

- ئاغاو (کیتابعەلی)م سەکوژ کرد... (ئەحمەدپاشا) زەوی ئەوەندە زۆرە، یەکەو پارچەتان بەر دەکەوێ.

ئاماژەی بۆ یەکێ لە نۆکەرەکان کرد کە کوڕێکی بە تاقەت بوو. گوتی:

- تۆ هەر ئێستا دەچیتە گەورو مانگای (بابا نادعەلی) دەبەیتەوە (ئەحمەداوە)و دەیدەیتەوە.

(چرا) چووه ناو کۆڵانه. له لایه‌کی گوند هه‌راو زه‌نا بوو. ده‌یان فانوس ده‌سووتا. (سه‌بزعه‌لی) تفه‌نگی له هه‌وا راده‌هه‌ژاندو له ناخی دڵه‌وه هاواری ده‌کرد. خه‌ڵك هات‌و هاواریان بوو. که (چرا)یان بینی، فانۆسه‌کان به جووله که‌وتن‌و خه‌ڵکه‌که به قریوه‌ی شادی وروژمیان بۆ هێنا.

(سه‌بزعه‌لی)، گه‌نجێکی چوارشانه‌ی به (چرا) ناساند. گه‌نجه‌که برۆی پڕو په‌یوه‌ست بوو، پێی چه‌پی که‌مێ ده‌له‌نگی‌و له کاتی ڕۆیشتندا، شانی چه‌پی شۆڕ ده‌بووه‌وه، گوتی:

- ئه‌مه‌ت پێ ده‌ناسێنم، ئه‌مه (نه‌سره‌ت)ه! ده‌یه‌وێ ئه‌ویش بداته کێو، ماینێکی چاکی له بنه.

له ناو جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکه‌که، پیاوێکی بالابه‌رزی باریکه‌ڵه‌ی لووت شۆڕی ردێن سپی ده‌م‌و چاو میهره‌بان هاته ده‌ره‌وه. کیسه‌یه‌کی به ده‌سته‌وه بوو. دایه ده‌ست (سه‌بزعه‌لی)و گوتی:

- پاره‌یه‌کی که‌می تێدایه، رۆژێ دێ به‌که‌ڵکتان دێ. ئێمه‌ی (پایزاوه)یی به دڵ‌و گیان له‌گه‌ڵتانین.

(چرا) سوپاسی کرد. مالاواییان له خه‌ڵکه‌که کردو به سێ قۆڵی شان به شانی یه‌کدی گوندیان به جێ‌هێشت.

(نه‌سره‌ت) سواری ماینه‌که‌ی بوو. (چرا)و (سه‌بزعه‌لی)ش جڵه‌وی ئه‌سپه‌کانیان له قه‌دی نه‌ره‌که کرده‌وه‌و له ناو تاریکی شه‌ودا بزر بوون.

***

## (١٥)

هەر کەسێ لەو سنوورەدا تووشی ستەمو زۆرداری بوایە، بە دزی خـۆی دەگەیاندە (چرا). (چرا)و هاورێکـانی شـەو خۆیـان دەگەیانـدە خوێنمـژی ئاواییو بـە شـێوەی جۆراوجـۆر سـزایان دەدا. دەسـتیان بـە سـەر مـاڵی ئاغاکاندا دادەگـرتو بـە جـۆری جیاجیـا یارمـەتی نـەدارو بێنـەوایانی گوندیان دەدا. هیچ دێوەرەیەك زاتی نەدەکرد لە گوند شت گران بفرۆشـێ، دەستیان بە سەر ماڵیدا دەگرت. هـیچ دەوڵەمەنـدێك نەیـدەتوانی هـەقی هەژارێك بخوا، هەرچی بە زۆر، یان بـە فـرتو فـێڵ کـۆی دەکـردەوە، لـە گەروویان دەردەهێنا.

ئاغاکان کەمتر غـەدریان لـە خـەڵك دەکـرد، کـەمتر قامچـیان لـێ دەخستنە کارو بە دزی کـۆتو فەلاقـەیان لـە پـێ دەدان. مریشـکانەیان وەرنەدەگرت.

ئەم سێ هاورێیە هەندێ جار چیایان جـێ دەهێشـتو دەچوونە سـەر شینایییەکانو گوێیان لە دەردەدڵی خەڵك رادەگرت. ناکۆکیی نێوانیان پێك

دەهێنا. ئاشتیان دەکردنــەوە. لــە خراپــەو بــەدکارییان دەپێچــایەوە. نــاوی (چرا)و (سەبزعەلی)و (نەسرەت)ی هاوڕێی، لە هەموو کۆڵانێکو لە نــاو هەموو ماڵێك وەکوو شەوچرا دەدرەوشــایەوە. دەیــان دایــك نــاوی منداڵــە نۆزادەکانیان نابوو (چرا). (چرا) هەندێ شەو بە دەســتو دیــاری دەچــووە ماڵی جوامێر. باڵندەی کێوی دەکوشتو بۆی دەبردن. باسی (ناوخاس)یــان دەکرد کە جوانە مەرگ بوو، زۆر هیواو ئاواتی لەگەڵ خۆی بــردە نــاوگۆڕ. لەگەڵ (جەیران)دا، ئــاگری عیشــقێکی نهێنیــان لــە نێوانــدا دەســووتا. (جوامێر) پێی دەزانی، دایەش پێی دەزانی. (چرا) چاوەڕێ بــوو دەرفــەتێك هەڵبکەوێو (جەیران) بێنێ. بیستبووی نایب تاهیر بە تەمایە بە خۆو بــە تیپێك جەندرمە بێنە سەری. دەم بە دەم خەبەری پێ دەگەیشت کــە نایــب لەم ڕۆژانە بە خۆو بە تیپێکی چەکدار چیا ئابلووقە دەدا. نایب تاهیر یەك دووجار چووبووە سەردانی قەڵای (سادق خان). (چرا) هەر کاتێ دەرفــەتی ببوایە، بە دزی سەری لە (مامە حەیدەر) دەدا. کەروێشکێ، یان کەوێکی کوژراو یان زیندووی بۆ (ڕەشید) دەبرد.

بەم جۆرە، یەك مانگ بوو، (چــرا)و (ســەبزعەلی)و (نەســرەت) بــێ ترسو نیگەرانی چیایان جێ دەهێشتو دەچوونە گوندان. شەوێ لە شەوانی تەمموز (مامە حەیدەر) بە دزی لە ئەشکەوتەکە هاتــە لایــانو قەننەکــەی داگرتو گوتی:

- ئەمڕۆ چووبوومە شار، هەندێ شەکرو چاو چەند مەتر قوماشێك بۆ کراسی (ڕەشید) بکــڕم. لــە چــایخانەی بەرامبــەر مزگــەوتی گــەورە، لــە بەرامبەر دوو جەندرمە دانیشــتبووم. یــەکێکیان زاری مازەنــدەرانی بــوو،

بەوەی تری گوت کە بە زاری کاکاوەندی قسەی دەکرد. بڕیارە سبەی نیوەشەو، بێ ئەوەی هیچ کەس هەست پێ بکا، دەوری (مادیان کۆ) ئابلووقە بدەین‌و (چرا)و هاوڕێکانی بە زیندووی چاوان بگرین. لەم قسانەدا من خەوم لە خۆم خست. دەوروبەرمان چۆڵ بوو. گوتیان بیست نەفەرن. (سادق خان)یش بەڵێنی داوە یەکەو هەزار دینار پارەی هیشکەیان پێشکەش بکا.

(مامە حەیدەر) قومێکی لە قەننەکەی داو گوتی:

- بۆ خۆتان تەگبیر بکەن. بە بێ بوار لە ئاو مەدەن. ئەمانە لەگەڵ چەکدارەکانی ئاغا جیاوازن. عەسکەرییان کردووە. گورگی باران دیتەن. ئەگەر پێویستتان بە یارمەتی بوو تاسبەی نیوەڕۆ خەبەرم بدەنێ.

(مامە حەیدەر) لە جێی خۆی هەستا. روومەتی ماچ کردن‌و هەوڵی دا زۆر توند دەستیان بگوشێ‌و سەرنجی بدزێتەوە، گوتی:

- تا سبەی نیوەڕۆ چاوەڕێ دەکەم، ئەگەر هیچ وەڵام نەبوو، تاقیبی کەس ناکەم. قاچاغەکان دەم‌و چاوی (مامە)یان ماچ کرد. (چرا) گوتی:

- بە هەر سێکمان ئەقڵمان دەخەینە سەر یەك‌و ڕێگایەك دەدۆزینەوە.

(مامە) لە پشت تیشە شاخێك لەبەر چاو بزربوو. شەوێکی کپ‌و بێ دەنگ بوو. باڵندەو جانەوەر خۆیان خزاندبووە بن بنەدڕك‌و گابەردان. زیکزیزەکەیەك لە ژێر بنەپرچێك چریکەیەکی لێ هەستاو بێ دەنگ بوو.

(چرا) هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

- چ دەڵێن؟ مەسەلەکە گرنگە!

(سەبزعەلی) دەستی لە ئەژنۆی وەرهێنا، ماوەیەك بێ دەنگ بوو ئینجا گوتی:

- هەندێ شت هەیە دەبێ یەك لابکرێتەوە: یەکێ ئەوەیە ئایا بجەنگین، یان پاشەکشەی پەرژەوەندی بکەین؟ ئەوەی دیکە ئەوەیە بە چ شێوەیەك بجەنگین؟ شەڕ بە بێ پلان ناکرێ؟ داوای یارمەتی لە خەڵك بکەین، یان نا؟

(چرا) گوتی:

- بۆچی پاشەکشە بکەین؟ ئەوان ترومبێلیان لە بنە، بچینە هەر کوێ دوامان دەکەون. جا وا باشە سبەی شەو ئیشمان یەك لا بکەینەوە. من دەڵێم لە جێیەکی لەبار خۆمان لە بۆسە بنێین و بیاندەینە بەر مقەس. پێویستیمان بە یارمەتی خەڵك نییە. عەسکەرییان نەکردووە، وەکوو گیا دەیاندوورنەوە. خۆ ناشکرێ بە پاش نیوەڕۆیەك فێری فرت و فێڵ و کاروباری شەڕ ببن.

(سەبزعەلی) گوتی:

- منێ بەوە رازیم زەبرێکی گورجکبڕ بوەشێنین و (مادیان کۆ) جێ بێڵین و بچینە چیاکانی تر.

- بەڵام بێ یارمەتی خەڵك ئیشمان شڕە، لانی کەم، با داوای یارمەتی لە سێ چوار گەنج بکەین کە بزانن تەقە بکەن.

(نەسرەت) تائەو وەختە بێ دەنگ بوو، گوتی:

- من لە مەهاباد شەڕم کردووە. دوو سێ مانگیش لە لوڕستان بووم و لە دوو سێ شەڕ بەشداریم کردووە.

(چرا) گوتی:

- تۆ ئەزموونت لە ئێمە زیاترە.

نەسرەت لاقە شەلەکەی درێژکردو گوتی:

- لە شەڕی کوردان گوللەم بە لاقی کەوت. هەر یەکە بارتەقای سەدی وەکوو ئێمە دەبوو. زەبری خۆیان دەوەشاندو رایان دەکرد. شەڕی چاك دەکەن. من خۆڕا نەمداوەتە کێو! لە شـەڕی کـوردان ترسم شـکاوە. دەزانم هۆقـە ئاردێك چەند ئاوهەڵـدەگرێ. ئەگـەر رای منتـان دەوێ: مـن دەڵـێم شـەڕ نەکەین باشترە. وەکوو (مامە حەیدەر) گوتی:

ئەوانە هەموو کلاوێکیان لەسـەری خۆیـان تـاقی کردۆتـەوە. هـەموو کونو کەلەبەرێکیان لەبەر دەستە. خەت نەماوە نەیخوێننەوە. ئێمە بە سێ کەس دەرەقەتی ئەمانە نایەین. هەر ئەوەیـە خۆمـان بـە کوشـتن دەدەیـن. فیشەکمان خەسار دەکەین. ئەوانە هەر هیچ نەبێ ئازووقەی سـی نەفـەری ئامادەیان هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست وەکوو لاشەخۆر بێرە وەربن. با شەڕ نەکەین، بێ فایدەیە. لە جیاتی ئـەوەی شـەڕ بکـەین، بـا بچـین لـە هەردێیەك دە دوازدە هاوڕێی بـاش بـە گـەڵ خۆمـان بـدەین، ئینجـا لـە دەرفەتێکی لەباردا، بچین رایانکێشین ناو دێ. خەڵکی گوندیان لێ راست بکەینەوە. ئەگەر لە هەر گوندێ دوو سێ خـوێن بـڕژێ خەڵکەکـە لێیـان داغدار دەبنو خۆیان بەرگری دەکەن. ئەوسـا هـەزار کەسـی وەکـوو نایـب تاهیر بڕژێنە ئەم ناوچەیە، لەبەر ئەوەی دژی خەڵك وەستاون، نەك دژی دوو سێ قاچاغ، لە ناو دەچن. ئەگەر دەشتانەوێ هـەر بچـەگن، (مادیـان کـۆ) سەنگەرێکی باش نییە، با بچینە (دالاخانی).

(چرا) بە سەرسامی گوتی:

- قسەی تازە دەکەی، من تێی ناگەم! خەڵك چاویان بڕیوەتە ئێمە. ئەگەر ببینن لەبەر چەکدارەکان هەڵدێین، گاڵتەمان پێ دەکەن. (چرا) نەبم ئەگەر دەرەقەتی بیست جەندرمە نەیەم.

(سەبزعەلی) بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئەگەر هەڵبێین، خەڵك دەڵێن: ئەگەر غیرەتیان هەبایە لەگەڵ جەندرمە بە شەڕ دەهاتن، نەك چەند لادێیەك. ئیتر هیچ کەس بە هەندمان هەڵناگرێ و گوێ بە قسەمان نادا.

(نەسرەت) تفەنگی لەسەر کۆشی دانا، بە پەرۆشەوە سەیری چیای کردو گوتی:

- بەو جۆرەی من گوتم بە لایەنی کەمەوە دوو سێ مانگ بەردەوام دەبین. پاشان دەبێتە باران و بەفر زەوی دادەپۆشێ و پێکدادانی کۆتایی بۆ هاوینی دادێ دەمێنێتەوە. تا ئەو سایش ژمارەیەکی زۆرمان لە دەور کۆدەبێتەوە، بەڵام بەو جۆرەی ئێوە دەڵێن یەك حەفتە زیاتر بەرگریمان پێ ناکرێ.

(چرا) بە تووڕەیی گوتی:

- من لە (مادیان کۆ) نارۆم و هەموو هێزی خۆم دەخەمە سەر ئەم شەڕە.

(نەسرەت) گوتی:

- پێویستە خەڵك تێ بگەن چاویان لە پیاوی وەکوو من و تۆ نەبێ.

(سەبزعەلی) گوتی:

-خەڵك زەخیرەی پێویستی شەڕکردنیان نییە. لەگەڵ یەکتر نین. هەر کەسە بیر لە خۆی دەکاتەوە. وا زوو یەکدیگر نابن. تا چوار کەسی وەکوو (چرا) لێرەو لەوێ راست نەبنەوە، خەڵك هەر دەستەوەستان دەبن. ئەگەر لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بین، خەڵك تەکانێکی توند دەدەن.

(نەسرەت) زۆر لەسەرەخۆ گوتی:

- بیست کەس بن، هەرهیچ نییە. سەد کەسیش بن دەرەقەتی ئێمە نایەن. ئەمانە هەرچۆنی بێ منداڵی شارین، خاوەن ژنو منداڵن. جێیان گەرمەو بە خۆشی دەژین، نایانەوێ خۆیان تووشی مەترسی بکەن، بەڵام ئێمە چین؟ چیمان هەیە لەم شەڕە لە دەستی بدەین؟ داڵدەمان قوژبنە ئەشکەوتێکە، بە نانو پیوازێك قنیات دەکەین.

(سەبزعەلی) هەستایەوەو گوتی:

- با بچینە قوژبنێکی ئەشکەوتو سەرەخەوێك بشکێنین. ئەگەر لە غافڵەتەوە بهاتبانە سەرمان، زۆر لە گوین بوو بە سەلامەتی لە مۆڵەکە دەرنەچین، بەڵام ئێستا ئێمە ئەوان غافڵگیر دەکەین.

(چرا) بە دەنگی بەرز پێکەنیو گوتی:

- مانگا خەریکە بە پێی خۆی دێتە دەباخانە.

شەپی لە پشتی (نەسرەت) داو گوتی:

- سەربازی دێرین، داڵغە لێ مەدە! ورەت بەرز بێ!

لەگەڵ ڕۆژهەڵات، چیا جمو جوولی تێکەوت. باڵندە هێلانەیان جێ هێشت. گورگی برسی بە دەشتو دەر کەوتن. مارمیلکە کەوتنە دوای

مێش‌و مەگەز. هەندێ گوڵی تازە پشکووتن‌و هەندێ گوڵی تر ژاکان‌و پەڕپەڕ بوون.

قاچاغەکان بە درێژایی ئەو ڕۆژە کە بە گرانی دەڕۆیشت‌و هەر تەواو نەدەبوو، تفەنگەکانیان پاك دەکردەوەو فیشەکیان دەهاویشتە بەر. جێی خۆیان لە پشت تیشە شاخێك‌و لە باریکە ڕێیەك خۆش کرد کە لەوانە بوو چەکدارەکان پێدا سەرکەون. تا ڕۆژئاوا، (نەسرەت) چەند جارێك بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەوڵی دا لەو شەڕەی لە پێشیان بوو پاشگەزیان بکاتەوە. لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوو، لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، بە گێڕانەوەی سەربردەی سەردەمی سەربازیی خۆی سەرگەرمی کردن. کە ئەستێرە بە ورشە ورشی گەش لە ئاسماندا کەوتنە جوولەو مانگی گەورە لە پەنا ترۆپکە بەرزەکانی چیای (دالاخان) هەڵات، برادەرەکان هەر کەسە چووە ناو سەنگەری خۆی.

برادەرەکان، لەگەڵ برووسکەی ئەو سەرەنێزانەی تاریکیان شەق دەکردو سەردەکەوتن‌و بە دوای یەکدا دەهاتن، دڵیان داخورپاو دەم‌و چاویان بە خوێنی گەرم سوور هەڵگەڕا. چەکدارەکان دەهاتن، سەریان بە هەموو کون‌و کەلەبەرێکدا دەکرد.

(چرا) تەقەی لە تفەنگەوە هێناو سەرەنێزەیەك لە خوێن گەوزی. (سەبزعەلی) لە لایەکی دیکەوە، لێ نەگەڕا سەرەنێزەیەك لە پشت تەڕاشەکان بجوولێ‌و خوێنی پڕژاندە سەرکوێرە ڕێیەکی باریك، سەرەنێزەیەکی تر بەرز بووەوە ئاسمان‌و ئەو دەستەی سەرەنێزەکەی گرتبوو،

نێزەکەی بەرداو توند گەرووی خۆی گرتو چەنەگەی بە بەردێکی تیژ کەوتو شەقی برد.

(نەسرەت) پێکەنیو فیشەکی هاویشتە بەر تفەنگەکەی.

سەرەنێزەکان لە پەنا تەڕاشو تیشە شاخو لە پشت درەختانەوە سەنگەریان گرتو بە بێ ئامانج دەستیان بە هاتو هاوار کرد. چەکدارێك بە فەرمانی نایب تاهیر ویستی بازدبداتە ناو قۆرتێك، تەقەی تفەنگێك بەسەر لاشانێکدا بەری دایەوە. نایب تاهیر ورگی زلی دەلەرزیو چاوی زەردی لە ڕقان برووسکەی دەدا، خۆی شاردەوەو بە رکو کینەوە فەرمانی دا:

-غافلگیریان کردین، چیدی ناتوانین بچینە پێش. بە وریایی تەقە بکەن. پلانەکەمان سەری نەگرت. ئەم دێهاتییە سەگبابانە ئێمەیان خستە داوەوە. دەبێ هێرشی کۆتایی بخەینە بەیانی. دەستەوەکەری بکەنو ئەگەر پێویستیشی کرد پاشەکشە بکەن.

شەوێکی کپو بێدەنگو بە سام بوو. مانگ تریفەی بڵاودەکردەوەو نایب تاهیر جوێنی دەدا. ئەگەر دڵنیا نەبایە قاچاغەکان غافلگیر دەکا، بە هێزو تفاقێکی زۆرتر پەلاماری چیای دەدا. بیری کردەوە داخوا کێ ئاشکرای کردوون؟! بێجگە لە خۆیو سەرتیپ (داود)و نایب (نەسوور)، کەس نەیدەزانی کەی هێرش دەکەنە سەر چیا. ئەوانیش جێی متمانە بوون.

(چرا) دوای سەعاتێك، خۆی خزاندە جیگایەکی ترو بە نووکی پێ پارچە بەردێکی گلۆر کردەوە خوارێ. بەردەکە، کە گەیشتە بنی بنەوەی خوارێ گرمەیەکی قایمی لێوەهات. لە پشت داربەڕووەکانەوە یەك

شێلکەیان لێ بەتاڵ کرد. تفەنگی برادەرانی کەوتە تەقەو چڵو گەڵای داربەڕووەکانی لەگەڵ دەهەژایەوە.

دەنگی تەقەی تفەنگو ناڵەی بریندارانو جوێنی نایب تاهیر لە چیا نەدەبڕایەوە. نیوەی شەو، نایب تاهیر فەرمانی کشانەوەی داو بەرەو داوێن شۆڕ بوونەوە. نایب (نەسوور) سواری ترومبێلێکی زەیتوونی بوو، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر رووی کردە شار بۆ ئەوەی تفاقی پێویست بێنێ.

(نەسرەت) دوای ئەم سەرکەوتنە گوتی:

- ئێستا وەختی ئەوەیە (مادیان کۆ) جێ بێڵێنو پەنا بۆ (دالاخانی) ببەین. ئیدی ئەمە هەڵاتن نییە.

(چرا) بە رووخۆشی گوتی:

- ئینسان یەك جار دێتە دونیاو یەك جاریش دەمرێ. نامەوێ، برام، نامەوێ (رەشید) پاش ملە پێم بڵێ هەڵات. خوا لەگەڵ ئێمەدایە. ئێمە لەسەر هەقین. نەختێ سەبرت هەبێ بەڵکوو تا بەیانی بیرێکی لێ بکەینەوە.

(نەسرەت) لە رکان گوتی:

- نایب تاهیر ناردوویەتی هێزی هاوکاری بۆ بێ. (چرا)، برام، وەرە منجڕی مەکە. ئەمانە چەکدارەکانی خان نین. هەر سبەی دێتت هەزار کەس دەوری چیای ئابلووقەدا.

(چرا) پێڵووی داخستو گوتی:

- (چرا) ترۆپکەکانی (مادیان کۆ) جێ ناهێڵێ. (چرا) هەڵنایەت. (مادیان کۆ) ماڵی منە. لێ ناگەڕێم هەر سەگبابێکی ڕاست بووەوە، بێتە ئێرە.

(نەسرەت) ددانەکانی لێك قڕماندو گوتی:

- ئەمە هەڵاتن نییە. خۆ ئێمە ناچین لەماڵەوە لە ژێر کورسوو بخەوین. سەنگەرمان دەگۆڕین بۆ ئەوەی زیاترو باشتر بجەنگین. دەچین دەبین بە پەناهەندەی (دالاخانی).

(سەبزعەلی) گوتی:

- بەڵای نایب تاهیر لە کۆڵ دەکەینەوە، ئینجا دەچینە (دالاخانی).

(چرا) سمێڵی باداو گوتی:

- ئەمەیە قسەی ڕاستو دروست!! ئەدی!!

بەرەبەرەی بەیانی، ترومبێلە زەیتوونییەکە لەگەڵ دوو ترومبێلی تری پڕ سەربازو جەندرمە هاتنەوە. ئەستێرەی ئاسمان خەریك بوو ڕەنگیان کاڵ دەبووەوە کە چەکدارەکان بە فەرمانی نایب تاهیر بەسەر چیا هەڵگەڕان. نایب تاهیر گوتارێکی کورتی دا، گوتی:

- هەر دەستەیەك لە لایەك بچێتە پێش. ئەگەر ئێوە بە بڵاوی بەرەو پێش بچنو هاوکاری یەکتر بکەن، ئەوان یەك چارەك زیاتر خۆیان ڕاناگرن. هەمووی سێ کەسن، فیشەکیشیان کەم بووە. وەکوو تەرزە گوللەیان بە سەردا ببارێنن. دەرفەتیان مەدەن ماندوویان بحەسێننەوە. با لە تینوان چاویان لە قەپێلك دەرپەڕێ.

پیاوەکانی نایب تاهیر بە خێرایی‌و بە وریایی‌و بە پەرت‌و بڵاوی بەسەر چیادا هەڵگەڕان. (چرا)و (نەسرەت) چاوەڕێیان کرد تا (سەبزعەلی) بە دەك‌و دەهۆی کارامە دەستەیەك لە دوژمن بەرەو سینگی (قەلالان) بە کێش دەکا.

(سەبزعەلی) پەنجەی بە پەلاپیتکە داهێناو کە تەقەی گوللەی هات، چەکدارێك پێچی خواردەوەو تفەنگی لە دەست بەربووەوە. (سەبزعەلی) وای پێشان دا فیشەکی نەماوەو لوولەی تفەنگی لە بەردێك کوتاو خۆی لە درزێکی قووڵ نا. چەکدارەکان، کە دیتیان دەنگی تەقە بڕا، حەفت هەشت کەسیان لە هەورازەکە سەرکەوتن‌و لە زارکی درزەکە وەستان. لە سێ لاوە ئاگری گوللەیان بۆ هات.

چەکدارەکان یەك یەك بە دەم هاواری ترسناکەوە بەسەر بەردانـدا بانگەرۆز بوونەوە.

بەیانی دابوو. ڕۆژ خەریك بوو لە پشت قوللەکانی چیای (دالاخان) هەڵدەهات. دوو سەربازی ڕەشاش بە دەست لە ژێر بنە بەلالووکێك درێژ ببوون. یەکێکیان چەناگەیەکی تیژو لووتێکی قەڵەمی هەبوو، بە هاوڕێکەی گوت:

- حوسێن، من دەچمە سەری‌و تۆ لە پشتەوە بە ئاگری ڕەشاش پشتگیریم بکە.

سەربازەکە بە کووڕە کووڕو بە وریایی ڕووی کردە درزە شاخەکە.

(سەبزعەلی) لە درزەکە هاتە دەری‌و چووە سەر گابەردێك. حوسێن دەرفەتی نەدا، یەك شێلکە گوللەی لە گیانی بەتاڵ کردو (سەبزعەلی)

پشتاوپشت کەوتە ناو درزەکە. سەربازەکە قونداغەی ڕەشاشی بڵند کردو لە مێشکی (سەبزعەلی) کوتاو خوێن و پەلە ئێسقان بەسەر جلی سەربازەکەدا پژا.

حوسێن هەستاو لە خۆشییان هاواری کرد. (چرا) ئاگای لەم دیمەنە نەبوو. شان بە شانی (نەسرەت) دەجەنگی. سەری وەرسووڕاندو کە تەرمی (سەبزعەلی) دی، تەقەی لە تفەنگەکەیەوە هێناو ڕەشاشی لە دەست حوسێن تێهەڵداو ڕووی وەکوو هەنارێکی گوشراو بە خوێنی سوور ڕەنگ کرد. سەربازەکەی دی ویستی خۆی بخزێنێتە ناو درزەکە، بەڵام گوللەی (نەسرەت) تیلەقەی پشتی داغان کرد. نایب تاهیر چاوی بەم دیمەنە کەوت، سمێڵی بە ددانی جوی و لەگەڵ پێنج چەکداری تر بە چیا هەڵگەڕان.

شەڕی چەکدارانەی بەینی نایب تاهیرو (چرا) بە ناو دێدا بڵاوبووەوە.

(سادق خان) سەد نەفەری گوندەکانی دەوروبەری بەرەو (مادیان کۆ) بەڕێ کرد. مابوو ببێ بە نیوەڕۆ کە چەکدارەکانی (سادق خان) وەکوو کوللەو مێروو باڵای چیا بوون.

لە ناو دێ خەڵك تازییەیان بوو. (مامە حەیدەر) دەست و پێی (ڕەشید)ی بەستبوو. لە کادینی کردبوو. دەرگای لەسەر کلیل دابوو، چونکە دەیەویست بە دەست بەتاڵی بداتە کێو. خۆیشی یەك لەسەر یەك مستی لێك دەداو بە هەنگاوی زل زل لە ژوورەوە دەهات و دەچوو. سێ گەنجی تفەنگ بە دەست لە ژوورەکەی وەستابوون. یەکێکیان برای (سەبزعەلی) بوو، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئێمە بە سێ نەفەر چیمان پێ دەکرێ؟ خەڵکیش تەخسیریان نەکردووە، دەستیان بەتاڵە، شەڕ بە دەست بەتاڵی ناکرێ! ئەگەر (چرا) رابکا، ئەوان هیچیان پێ ناکرێ. دەترسم لە چیا بمێنێتەوەو شەڕ بکا. ئەی خودای گەورە، بە هەر جۆرێ، بێ وا بکە (چرا) لەوێ رابکا. لێ مەگەڕێ (ستارەسوز) بێ چرا بمێنێتەوە. لێ مەگەڕێ (مامە) لە خەمو خەفەتان وەزگ بداو بمرێ!

(رەشید) لە ناو کادین پێچی دەخواردەوە. دەگریاو جوێنی دەدا. لە ناو دێدا، خەڵك یەك قسەیان دەکرد:

- (چرا) رادەکاتو پەنا وەبەر (دالاخان) دەبا.

پیرەمێرد لە مزگەوت کۆببوونەوە، بە سەلامەتی (چرا) نوێژیان دەکردو دەپاڕانەوە. شوانەکانی (سادق خان) بڕیاریان دابوو، ئەگەر (خوانەکا) (چرا) لە ناو بچێ، مێگەلی ئاغا، کە چوار سەد سەر مەڕ دەبوو، ببەنە کوردستانو بیفرۆشنو ئیتر نەگەڕێنەوە. (مامە حەیدەر) بڕیاری دابوو شەو ئاگر لە کادینو ژووری گیا بەربدا.

(چرا)و (نەسرەت) خەریتەی فیشەکیان بەتاڵ ببوو. پاشماوەی فیشەکی (باباناد عەلی)یان بە کار دەهێنا. شان بە شانی یەکدی دەجەنگان. نایب تاهیر بە فەندوفێڵ لێکی دابڕاندن. لە ژێر باری قورسی ورگی زلی دەینرکاند. لە پێش سێ لەسەربازەکانی رووی کردە لای (چرا)، کە تەقەی لە دەستەیەکی دیکە دەکرد.

تاقمە چەکدارێکی نایب تاهیر لـە ژێـر سـێبەری چـەند داربەڕوویـەك گیرسابوونەوە، جگەرەیان دەکێشاو جوێنیان بە دایكو خوشکی نایب تـاهیر دەدا. سەربازێکی بالآبەرز لەسەر زەوی ڕاکشابوو، دەیگوت:

- چما ئەم ئاغایانە خودا دەناسن؟! من خـۆم منـدالّی لادێـم! ئەوانـە زوڵمو زۆرداریيەکی وا لە خەڵك دەکەن لە حیسـاب نایـە. بـە ئەبولفـەزل! بێتە سەرم يەك گوللە لەسەری ئەم (بەرازە) ئارەقخۆرە دەدەم.

- ورگ زل... کەر!! بڵێ میراتـی باوکـت دەوێ چـييە؟! هـەزار کەسـی کۆکردۆتەوە، چييە؟ دەيەوێ لەگەڵ دوو نەفەر شەڕ بکا!

- ئێمە سینگمان دەدەینە بەر گوللەو نایب تاهیر کەیف دەکا.

سەربازێکی گەنج، تازە خەتی سمێڵی دابوو، گوتی:

- ڕاستی، منداڵینە، نایب (داود) چووە بەر دلۆڤانیا خودێ!

- سەربازە لاوازەکە گوتی:

- کەی مرد؟... ئەویش لەو داك....انە بوو!

هەمان سەرباز گوتی:

- خۆم لێم دا...گوللەیەکم لـە مێشـکی داو بـۆ ڕێزلێنانیشـی کـڵاوم لەسەرم داگرت.

سەربازێکی سمێڵ بابڕ جگەرەيەکی پێ کردو بوو بە کاوەخۆ گوتی:

- نایب (نەسوور)یش بە دەستی کاکـت لـە ناوچـوو. وەی دایـە... لـە بیرتانە کێ؟ جێ قامچییەکانی هێشتا بە سمتمەوە ماوەو دەزوورێتەوە. يەك مانگ لەسەر نەخۆش کەوتم.

خۆر لە تاقی ئاسمان دەکەلی کەوت، کە (چرا) زانی خەریتەی پشتی لە دوو فیشەك زیاتری تێدا نەماوە، چاوی لە دەوروبەری خۆی گێڕا، (نەسرەت)ی نەکەوتە بەرچاو.

(نەسرەت) لە پشت قوللەیەك جنێوی دەداو تەقەی لە چەکدارەکان دەکرد.

نایب تاهیر وەکوو ماری بریندار لەگەڵ سەربازێکی کورتەباڵا بۆ لای (چرا) دەهاتن. ئەویش پشتەوەی تیشە شاخێکی بەرزو رك بوو. رێگای هەڵاتنی نەبوو. تەقە لە تفەنگی (چرا) هەستاو گوللەکە لە بەردێکەوە هەڵقۆزییەوە سەر بەردێکی ترو بە فیڕۆ رۆیشت. سەربازە کورتە باڵاکە تەقەی لێ کرد. (چرا) سەری کێشایەوەو دوا گوللەی لەبەر راکردو نیشانی لە دەمو چاوی نایب تاهیر گرت. تەقەی لێ هەستاند، بەڵام نایب تاهیر بە چاپووکی خۆی کێشایەوە پشت بەرزاییەك و گوللەکە بە سینگی سەربازە کورتە باڵاکە کەوت. سەربازەکە قیژەیەکی گورچکبڕی لێ هەستاو کەوتە سەرتەڕاشان. (چرا) نەختێ وەستا، ئینجا لە جێی خۆی هەستایەوە. تاقمێکی دە نەفەری لە چەکدارەکانی (سادق خان) بە قەد چیا هەڵدەگەڕان و دە هاتنە هاوکاری نایب تاهیر. نایب تاهیر دەتگوت پەی پێ بردووە (چرا) فیشەکی نەماوە. بە دەنگی بەرز جوێنی دەداو بە بێ باکی دەهاتە پێش. (چرا) تەماشای خۆری کرد چەند جوان و شکۆمەند بوو. نایب نزیك دەکەوتەوەو بە (چرا)ی دەگوت ترسنۆك و نزم و نامەرد! (چرا) جێگای خۆی گۆڕی و لە پشت داربەرووەکانەوە چاوەڕێی کرد. دڵی بە توندی لێی دەدا. تەوێڵ و سمێڵی بە ئارەقە تەڕ ببوو.

چەکدارەکانی ئاغا بە هاتو هاوار نزیك دەکەوتنەوە. نایب تاهیر لقی پڕ گەڵای داربەرووەکانی لادەبردو دەهاتە پێش. (چرا) لە ناو گیا خۆی لە بۆسە نا.

نایب تاهیر، تفەنگ بە دەست، لەسەر سەری وەستا بوو، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا. (چرا) پێیەکانی گرتو بە هەموو هێزی خۆیەوە بۆ لای خۆی ڕایکێشا. نایب تاهیر لەسەر زگ بەربووەوە سەر گیا. (چرا) مۆڵەتی نەدا، هەستا وەکوو پڵنگ ددانی جیڕ کردەوە، قیژەیەکی تۆقێنەری لە گەروو هەستا. قۆنداغەی تفەنگی بڵند کردو لە نێوچەوانی نایب تاهیری کوتا. دووبارە تفەنگی بڵند کردو ئەم جارە توندترو بەهێزتر لە مێشکی نایب تاهیری دا. خەنجەری لەبەر پشتی دەرهێناو لەسەر دڵی چەقاند. داهاتەوە، تفەنگی نایب تاهیری لەسەر زەوی هەڵگرتەوە. شەقاوێکی بۆ پێشەوە هاویشت، گوللەیەکی بە ڕەفیسکی کەوت. (چرا) لەبەر ئێشی خۆی رووی گرژ بوو. گەڕایەوە، بە پێکراوی، بەبێ تاقەتی گەڕایەوە. (قولی) بینی دووکەڵ لە لوولەی تفەنگی بەرز دەبووەوەو بە حەپەساوی پاشەکشەی دەکرد. (چرا) داهاتەوەو لوولەی تفەنگی کردە (قولی)و نیشانەی لێ ڕاگرت. ئەویش هەر دەکشایەوەو بە حەپەساوی ئاوڕی دەدایەو سەیری ئەمی دەکرد کە گوللەی بەرکەوتبوو. چەکدارەکانی ئاغا دوو سێ هەنگاو لەولای (قولی) خۆیان شارد بووەوە. (قولی) هەر دەکشایەوەو سەرنجی (چرا) جادووبەندی کردبوو، سەرنجی (چرا) کە خوێنی لە ڕەفیسکی دەهات. تەقە لە تفەنگی (چرا)وە هاتو (قولی) هاوارێکی قایمی کردو بەربووەوە سەر دوو چەکدارو خوێن لە گەروویەوە فیچقەی کرد.

چەکدارەکانی ئاغا لەگەڵ هاواری (قولی) کشانەوەو هەڵاتن.

(چرا) تفەنگی لە دەست بەربووەوە سەر گیاوگۆڵ. دەستی بە لقەدارێکەوە گرت‌و هەولی دا قیت بێتەوە. قیت بووەوەو لە ژێر خۆرەتاو ئۆقرەی گرت.

(نەسرەت)ی بینی دەهاتە لای. (نەسرەت)، کە (چرا)ی بینی دەستی بە رەفیسکییەوە گرتووە، لە ناخەوە قیژاندی‌و بە چەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە (چرا). گرتییە باوەش‌و تەوێڵ‌و دەم‌و چاوی ماچ کردو هاواری کرد:

- (چرا)... (چرا)... نەمری ها... (چرا) نەمری...! تۆ دونیای شیرین دێنی... قسە بکە... بە تەنیا جێمان مەهێڵە... (رەشید)، (رەشید) جێ‌مەهێڵە کە ئەوەندە خۆشت دەوێ...

(چرا) هیچ قسەی نەکرد. دەم‌و چاوی خەریک بوو شین هەڵدەگەڕا. برۆی وێک هاتەوە. نێوچەوانی لۆچی تێ کەوت.

(نەسرەت) وەکوو هەوری بەهار، بە دەنگی بەرز دەگریا.

(چرا) لار بووەوە. (چرا) وەکوو چیایەک هەرەس بێنێ، وەکوو پڵنگێک لەسەر ترۆپکێک بەر بێتەوە، ئاوها بەسەر چۆکدا کەوتە سەرزەوی!

تەقە لەم لاو لەولا وەستا بوو. چەکدارەکان کە زانیان نایب تاهیر کوژراوە، هەر بابایە چەکی فڕێ دەداو رای دەکرد. تارمایی (چرا) وەکوو ئەژدەهایەکی برسی راوی دەنان. هەر پەلە بەردێکی لە بن پێیان دەردەپەڕی تۆوی ترسی لە دڵ دەوەشاندن. (مادیان کۆ) بە بەردو تەڕاش‌و داربەڕووەکانی وەکوو لەندەهۆڕێکی ترسناک چنگ لەسەرشان راوی دەنان.

(چرا) وەکوو درەختێکی گەورەو زل، کە زریانێکی سەخت لە رەگو ریشەوە دەری کێشا بێ، ئاوها لەبەر دەم (نەسرەت)ی هاوڕێی دڵسۆزی بە پشتدا کەوتە سەر گیاو گۆڵ. (نەسرەت) تفەنگی فڕێ دایە لایەكو تەرمی (چرا)ی گرتە باوەش. سمێڵی ماچ کرد. چاوەکانی ماچ کرد کە بە هێمنی داخرا بوونو چیدی تەماشای ئەویان نەدەکرد. لێوەکانی ماچ کرد کە پێکەنینیان بە سەرەوە نەمابوو. زاری ماچ کرد کە ئیتر قسەی لێ نەدەهاتە دەرێ. (نەسرەت) تفەنگ بە دەست لە جێی خۆی هەستا. بە گریانو شان خواری، رووی کردە ناو ئەشکەوت.

پاش چەند چرکەیەك جلەوی ئەسپەکەی گرتو بە کوێرە رێیەکی باریکی سەر بەرەو خواردا (مادیان کۆ)ی بەجێ هێشت. (خۆش قەدەم)یش دەتگوت شتێکی بزر کردووە. سەرنجی بەم لاو بەولادا دەگێڕا.

دوای سەعاتێ، ئەو خەڵکەی لە دەوروبەری (مادیان کۆ) دەسووڕانەوە، (نەسرەت)یان بینی تفەنگی کردبووە شانو بە پشت کۆمیو بە گریەو زاری، بە سواری ئەسپەکەیەوە ملی ئەو رێیەی گرتبوو کە بەرەو تەپۆلکەکانی خوار چیای (دالاخان) دەچوو. (خۆش قەدەم) هیچ سواری بەسەر پشتەوە نەبوو. ئەسپی (چرا) بە تەنێو بەبێ ئامانج رێگای دەبڕی.

خەڵکەکە لە هەموو شتێ گەیشتن. لە جێگای خۆیان وەستانو چاوەڕێیان کرد تا سوارەکە، ئەو سوارەی لە شەرافەتی برادەرەکەی تفەنگی سەرەوژێر کردبوو، لەو دیو داوێنی چیای (دالاخان)، لەبەر چاو بزر بوو.

***

## (١٦)

(رەشید) باڵای هەڵی دابوو. (رەشید) عەسکەری کردبوو.

(رەشید) وەکوو درەختێکی پان و پڕو سەوز، تۆکمەو پتەو، ئەستوورو بەرز، لەسەر خاکێکی سوورو لەناو جەرگەی (ستارەسوز) رەگی داکوتا بوو.

جوتیاری شەکەت و ماندوو، وەرزێری دەست بەتاڵ و ورە بەرز لە ژێر سێبەری ئەو درەختە، کە بە روویەکی گەش و خەندەیەکی شادوخۆشەوە دەیڕوانییە ژیان، دادەنیشتن و دەردەدڵیان دەکردو بە دوای چارەدا دەگەڕان.

(ڕەشید) گەیشتبووە شێوەیەکی نوێی کارکردن و ئاسۆیەکی تازەی خەیاڵ و بیرکردنەوە. ساڵانی پشێوی و ناخۆشی، ساڵانی پشکوتنی بەهرەی بیرو هونەرو لێکدانەوە وەکوو پۆڵا دەمەزەدیان کردبووەوە.

(رەشید) نەدەوەستا، بەردەوام بوو. هەر پەنجەرەیەك هەوایەکی تازەی پێدا هاتبا، سەری پێدا دەکرد، هەر کۆڵانەیەك کپ و بێ دەنگ نەبایە، هەرایەکی تێدابوایە، خۆی پێدا دەکرد.

(رەشید) وەکوو گابەردێکی دڕو خواروخێچو زبر کەوتبووە ناوجەرگەی شەپۆڵ. شەپۆڵ لوولی دابوو، ڕایماڵی بوو، سەراوژێری کردبوو، زەبری لێدابوو، پوختەو سەرسەختی کردبوو. شەپۆڵ گیانی مشتو ماڵ دابوو. شەپۆڵ لەگەڵ رەشیددا کشابووە ناو (ستارەسوز).

(رەشید) ئێستا خەریك بوو بە پشتیوانی خەڵکەکە داستانێکی سەیرو سەمەرەی دەخوڵقاند.

*****

وەرگێڕ

هەولێر/ گەڕەکی مەلایان – ٢٠٠٧

**تێبینی:**

وەرگێڕ ئەم بەرهەمانەی مەنسوور یاقووتی کردووە بە کوردی:

- (کرمانج) (رۆمان)، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ۲۰۱۱.
- (تووشای- باڵندەی سەیرو سەمەرەی زاگرۆس) (کۆمەڵە چیرۆک)، هەولێر، ۲۰۱۱.
- (چرا)یەك لەسەر مادیان کۆ (رۆمان)، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ۲۰۱۲.
- بیرەوەرییەکانی مامۆستایەك ......................... (یادداشت).
- ئەفسانەی لادێنشینانی کورد ......................... (ئەفسانە).

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٢)ی

# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاکان | و. عەزیز ڕەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ |
| ٢ | ئەکرۆباتێکی ونبوو | ئیسماعیل حەمە ئەمین | وتاری ڕەخنەیی | ٨٣٩ |
| ٣ | پەیکی شادی | محەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ) | شیعر | ٨٤٠ |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ |
| ٥ | خاوەن شکۆ | د. یەحیا عومەر ڕێشاوی | لێکۆڵنەوە | ٨٤١ |
| ٦ | ئایین و ئیستاتیکا | خەسرەو میراودەلی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٢ |
| ٧ | کولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستی | ٨٤٣ |
| ٨ | چرایەك لەسەرمادیان کۆ | و. عەزیز گەردی | ڕۆمان | ٨٤٤ |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ |

Roman



Mensûr Yaqûtî

# (Çira)yek le ser Madyan ko

Wergêranî
Ezîz Gerdî

بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی
2012